دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٥٢
هەینی
١٥ی بەفرانباری ١٣٨٥
٦ی ژانویەی ٢٠٠٧
١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران
www. kurdistanukurd.com

## ئێرە رادیۆی دەنگی کوردستانە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

رادیۆی دەنگی کوردستان دەنگی لاوانی رووناکبیرو پیرانی بە تەدبیرو ژنان‌و پیاوانی زاناو ژیرە، دەنگی ئەو رۆڵە کوردانەیە کە خۆیان‌و مێژووی خەباتی پڕکارەساتی گەلی کوردیان ناسیوەو بارتەقای هەوڵ‌و تێکۆشان‌و فیداکاری‌و قوربانیدانی ئەو گەلە، ماف‌و ئازادی‌و دەسکەوتی بۆ داوا دەکەن، دەنگی ئەو شۆڕشگێڕە زاناو ئاگایانەیە کە بەدوای شتی تازەو نوێبوونەوەو نوێ کردنەوەدا دەگەڕێن، دەنگی ئازادی‌و دیموکراسی‌و مافی وەك یەك بۆ هەموانە، دەنگی چین‌و توێژە گەلی‌یەکانی خەڵکی کوردستانە، دەنگی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

رادیۆی دەنگی کوردستان هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی خۆی لە سەعات ٨ هەتا ٩/٣٠ی دوانیوەڕۆ بەکاتی تاران سەعاتێك بە زمانی کوردی‌و نیو سەعات بە زمانی فارسی لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر، فرێکانسی ٣٩٣٠ کیلوهێرتز بڵاو دەکاتەوە. دەقی ئەو بەرنامەیە رۆژی دواتر لە سەعات ٧ تا ٨/٣٠ی بەیانی سەرلەنوێ بڵاو دەکرێتەوە.

# سەرپێچیی کۆماری ئیسلامی هەنگاوی پتەوترو بڕیاری توندتری بەدوادا دێ




سەرەنجام رۆژی شەممە ٢٠٠٦/١٢/٢٣ رێکەوتی ١٣٨٥/١٠/٢ بڕیارنامەی ژمارە ١٧٣٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا دەرچوو. ئەمە دووهەمین بڕیارنامەی ئەو ئەنجومەنە لەو پێوەندی‌یە دایە.

خاڵی جێگای خۆشحاڵی ئەوەیە کە بڕیارنامەی ١٧٣٧سێرەی تەنیا لە بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی گرتوەو گەمارۆیەکی نەخستۆتە سەر ئێران کە زیان لە ژیان‌و قازانجە مەشرووعەکانی گەلانی ئێران بدا. جیاکردنەوەی کاربەدەستە دژی گەلی‌یەکان‌و بەرنامە پڕمەترسی‌یەکانیان لە گەلانی ئێران دەتوانێ پشتیوانی‌و هاوپێوەندیی کۆمەڵانی خەڵك لەگەڵ هەنگاوە نێونەتەوەیی‌یەکان مسۆگەر بکا. گومانی تێدا نیە ئەگەر فشارەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ سەرکۆماری ئیسلامی پتر لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلانی ئێران دا بوونایە، هاودەنگیی خەڵکی وڵاتەکەمان لەگەڵ ئەو بڕیارە نێونەتەوەیی‌یانە زیاتر دەبوو.

خاڵی گرنگی دیکە لەو بڕیارنامەیەدا ئەوەیە کە ئەو تەحریمانەی تێی‌دا هاتوون وەك هەنگاوی دەست پێکردن سەیر کراون‌و بە راشکاوی گوتراوە کە سەرپێچیی کۆماری ئیسلامی هەنگاوی پتەوترو بڕیاری توندتری بەدوادا دێ.

لەم بارەیەوە هەر لەم ژمارەیەی" کوردستان"دا دوو وتار هەن کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەیان رادەکێشین.

## لە بارەی بەڕێوە چوونی سزای ئێعدام لە سەر سەددام حوسێن

چەند چرکەیەك بەر لە کاتژمێر ٦ی بەیانیی رۆژی شەممە ٣٠ی دیسامبری ٢٠٠٦ (٩ی بەفرانباری ١٣٨٥)، سەددام حوسێن، سەرکۆماری پێشووی ئەو وڵاتە، لەدار درا.

سەددام حوسێن، دیکتاتۆری عێراق، بە تاوانی جینایەت دژی مرۆڤایەتی، گیانی لێ‌ئەستێندرا. حوکمی ئێعدامی ناوبراو، لە لایەن دادگایەکی تایبەتی‌یەوە درا کە ماوەی ساڵێك بوو بۆ موحاکەمەی سەرانی رێژیمی رووخاوی بەعس پێك هاتبوو. ئەو حوکمە رۆژی ٢٦ی دیسامبر لە لایەن دادگای چاوپێداخشاندنەوەوە پەسند کرایەوەو، سەرئەنجام بەرەبەیانی رۆژی جێژنی قوربان، بەڕێوە چوو.

هەموو ئەو کەس‌و لایەنانەی لە نێوخۆو دەرەوەی عێراق بیرەوەری‌یەکی تاڵیان لە دەسەڵاتدارەتیی سەددام‌و حکوومەتەکەی هەبوو، هەواڵی لەداردرانی ئەویان بە خۆشی‌و شادمانی‌یەوە وەرگرت. لەداردرانی سەرۆکی پێشووی عێراق، کە کارنامەیەکی رەش‌و دوورو درێژی لە سەرکوتی خەڵکی وڵاتەکەی‌و جینایەتی بێ‌ئەژمار دەرحەق بە هاونیشتمانان‌و دراوسێکانی ئەو وڵاتەدا هەبوو، بە مانای بەڕێوەچوونی دادپەروەری‌و بێ وەڵام نەمانەوەی تاوان‌و ستەم‌و دەستدرێژی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی‌یە. بەڕێوەچوونی ئەم سزا دادپەروەرانەیە لە سەر دیکتاتۆری عێراق بۆ عێراقی‌یەکان نیشانەی دانانی خاڵی کۆتایی لەسەر تەمەنی دیکتاتۆرێکە، بەڵام بۆ وڵاتان‌و نەتەوەکانی دیکەش کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمە دیکتاتۆرو توتالیتێرەکان دان، پەیامێکی گەورەی تێدایە. ئەویش ئەوەیە کە سیستەمە دیکتاتۆرەکان‌و رێژیمە ئازادیکوژەکان ئەستێرەی بەختیان لە ئاوابوون دایەو، سەرئەنجام گژەبای گۆڕان‌و دیموکراسیخوازی تەخت‌و بەختیان تێکەوە دەپێچێ‌و، دەستی عەدالەت گەروویان رێك دەکوشێ‌و، ئاواتی ئازادی دێتە دێ.

ئەگەرچی خەڵکی کوردستان‌و تەنانەت سروشتی کوردستان، زیاتر لە هەموولا زەبریان لە دەست سەددام حوسێن‌و رێژیمە خوێنرێژەکەی وێ کەوتوەو، گەورەترین قوربانیی تاوانەکانی ئەو و رێژیمەکەی بوون، بەڵام بە داخەوە سەددام نەك لە سەر کیمیابارانی هەڵەبجە، کوشتاری بارزانی‌یەکان، ئەنفال‌و..... بەڵکوو لە سەر تاوانێکی دیکە، تاوانی دوجەیل لە دار درا. لە حاڵێك دا ئەم تاوانانەی دیکە بە چەند قات گەورەترو دژی مرۆڤانەتر بوون. بەو حاڵەش خۆشیی نەتەوەی کورد، بە بۆنەی بەڕێوەچوونی حوکمی دادپەروەرانە لە سەر سەددام حوسێن لە خۆشیی عێراقی‌یەکانی دیکە کەمتر نیەو، لە هەموان زیاتر بە ئێعدامی دیکتاتۆر، خۆشحاڵن. هیوادارین لەداردرانی سەددام حسێن بە مانای پووش بەسەر کردنی تاوانەکانی لە کوردستان‌و جنووبی عێراق نەبێ‌و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو تاوانانە بەزوویی بۆ بیرورای گشتیی جیهانی رون بکرێنەوەو وەك بەڵگەیەکی زیندوو بپارێزرێن.

ئاواتمان ئەوەیە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرو خوێنرێژ، لە هەموو جێگایەك‌و یەك لەوان لە وڵاتی ئێران، بە بۆنەی تاوانەکانیان بکێشرێنە بەردەم دادگاو، بڕیاری عادیلانەیان لە بارەیەوە بدرێ.

٩ی بەفرانباری ١٣٨٥ـ ٣٠ دیسامبری ٢٠٠٦

## رێورەسمێك بە بۆنەی ٧٦ساڵەی لە دایك بوونی د. قاسملووی نەمرەوە

لێژنەی بەڕێوەبەریی رێورەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران ، لە شەو زستانی ئەمساڵ واتە شەوی یەڵدا رێورەسمێکی بەم بۆنەیە و هەروەها بە بۆنەی ٦٧ ساڵەی لەدایك بوونی دوکتور قاسملووی رێبەرمان پێك هێنا.

لەم رێورەسمەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێبەری و زۆر لە کادر و پێشمەرگەی حیزب و بنەماڵەکانیان لە یەکێك لە کەمپەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بەڕێوە چوو، بۆ جارێکی دیکەش یاد و بیرەوەریی دوکتور قاسملووی نەمر و نەخش و رۆڵی کاریگەری



ئەم زاتە مەزنە لە رەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بەرز راگیرا و پەیمانی وەفاداری و بەڵێنی درێژەدانی رێبازی لەگەڵ نوێ کرایەوە.

٢

## مەهاباد: دوو ماشێنی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لەکار خران

رێکەوتی ٧ی بەفرانبار دوو ماشێنی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە نزیك گوندی خانەگێ لەلایەن ژمارەیەك لە خەڵکی نارازییەوە تێك شکێندران.

شایانی باسە هێزەکانی رێژیم لەو ماشێنانە کە لە جۆری ئیلگانسن بوون، بۆ راوەدونانی کاسبکاران‌و خەڵکی ناوچە کەلکیان لێ وەردەگرت.

## خۆپێشاندانی خەڵکی شاری سەقز

## بە نیشانەی نارەزایەتی لە برانی گازو خزمەتگوزاری‌یەکان



**سایتی کوردستان‌و کورد:** رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ١٣٨٥/١٠/١٣ی هەتاوی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی شاری سەقز بۆ دەربرینی نارەزایەتی لە برانی گازو خزمەتگوزاری‌یەکان لەو شارە لەبەر فەرمانداریی شار کۆ بوونەوە. خۆپێشاندەران سەرەتا بە دروشمی "صادرات چرا، ما خود محتاجیم؟" (بۆچی هەناردن، خۆمان موحتاجین؟) دەستیان بە دەربرینی نارەزایەتی کرد.

دوابەدوای ئەوەی کە فەرمانداری‌و کاربەدەستان وڵامی خەڵکی نارازییان نەدایەوە، خۆپێشاندەران لە شەقامەکانی شار دەستیان کرد بە خۆپێشاندان‌و بە دانی دروشمی دژی رێژیم پەلاماری دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکانیان داو ژمارەیەکی زۆر دامودەزگای دەوڵەتی وەك: بانکی سپە، بانکی میللی‌و... تێك شکێندران. شایانی باسە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە دوکان‌و بازاڕەکانی ئەم شارە داخراون‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم‌و لیباس شەخسی‌یەکان لەنێو شاردا بڵاو بوونەتەوەو ئامادەی سەرکوتی خۆپێشاندەرانن.

پێویستە بگوترێ زۆر لە شارەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ برانی گازو نەبوونی سووتەمەنی لە سەرمای نزیك ٣٠ دەرەجە ژێر سیفردا بەرەوروون.

## جێژنی دووجێژنتان پیرۆز



ئەمساڵ جێژنی قوربانی موسڵمانان و جێژنی سەری ساڵی زایینی دەستەملانی یەکتر بوون. بە بۆنەی هەر دوو جێژنی قوربان و دەست پێکردنی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی، لە قووڵایی دڵمانەوە پیرۆزبایی لە موسڵمانان‌و مەسیحی‌یەکانی کوردستان، ئێران‌و هەموو جیهان دەکەین. بە ئاواتی تێپەڕکردنی جێژنێکی پڕ لە خێرو خۆشی‌و، بەو هیوایە کە ساڵی ٢٠٠٧، ساڵێکی خۆش بۆ نەتەوەکەمان‌و بۆ هەموو ئۆگرانی ئاشتی‌و ئازادی‌و دادپەروەری بێ.

**جێژنی قوربان‌و جێژنی سەری ساڵتان پیرۆز**

**"کوردستان"**


دیدارو کۆبوونەوەکانی کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ٢

عەبدوڵلا حەسەن زادە لە بەردەم پرسیاری رۆژنامەنووسان دا ٣

قسەکانی جەلیل گادانی لە رێورەسمی شەوی یەلدا، حەفتاوشەش ساڵەی لەدایك بوونی دوکتور قاسملوودا ٥

دەرچوونی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانەوە ٦

درێژەی پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ٦

## فستیڤاڵی یادی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی یەکەم مەلیکی کوردستان



کوردستان: لە رۆژانی ٢٠٠٦/١٢/٢٣ تا ٢٠٠٦/١٢/٢٦ فستیڤاڵێکی سێ‌رۆژە بۆ یادی پەنجاساڵەی کۆچی دوایی مەلیك مەحموود لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. لە رێورەسمی کردنەوەی ئەم فستیڤاڵەدا کە زۆر کەسایەتیی سیاسی‌و کەلتووری‌و وەفدی حیزبە سیاسی‌یەکان تێی‌دا بەشدار بوون، مام جەلال سەرکۆماری عێراق، پەردەی لەسەر پەیکەرەی شێخ مەحموود لاداو تاجەگوڵینەی لەسەر دانا. هەر لەو مەراسیمەش دا وتارێکی لە سەر کەسایەتی‌و رۆڵی یەکەم مەلیکی کوردستان‌و هەلومەرجی ئەمڕۆی عێراق پێشکەش کرد. دواتر کۆسرەت رەسووڵ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرێز مەسعوود بارزانیی خوێندەوە. لە بەرنامەکانی دواتری ئەم فستیڤاڵەدا کۆمەڵێك توێژینەوە پێشکەش کران. پێویستە بگوترێ فستیڤاڵەکە لە لایەن لێژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتیی د. کەماڵ فوئادو بە هاوکاریی بنکەی ژین‌و چەند ئەندامێکی بنەماڵەی حەفید، بەڕێوە چوو.

لە رێورەسمی دەست پێکردنی ئەم فستیڤاڵەدا، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی رێزدار عەبدوڵڵا حەسەن زادەو ئەندامەتیی بەرێزان جەلیل گادانی‌و رامبود لوتفپووری بەشدار بوون. لێرەدا وتەی هەیئەتی حیزب بۆ ئەم رێورەسمەتان دەخەینە بەرچاو:

### پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ فستیڤاڵی یادی ٥٠ ساڵەی شێخ مەحموود

ئامادە بووانی بەرێزی رێوڕەسمی پەنجا ساڵەی کۆچی دوایی شێخ مەحموودی حەفید، یەکەم مەلیکی کوردستان!

وێڕای سڵاوو رێز !

پڕبەدڵ دەستخۆشی لە لێژنەی ئامادە کردنی ئەم رێوڕەسمە بە شکۆیە دەکەین و بە شانازی‌یەکی گەورەی دەزانین کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لەم کۆبوونەوەیەدا کە بۆ رێزگرتن لە شێخی نەمر پێك هاتوە بەشدارین.

بۆ هەموو کوردێك جێی شانازی‌یە کە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌دا بایەخ بە زیندوو راگرتنی یادی رێبەرانی شەهیدی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد دەدرێ و هەر جارە بۆ رێزگرتن لە یەکێکیان رێ‌وڕەسمی لەو بابەتە رێك دەخرێ. دوێنێ و پێرێ یادی سەروەران پێشەواو بارزانی‌و ئەمڕۆ یادی شێخ مەحموود و سبەی‌و دووی بیرەوەریی شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ سەعید و سمکۆ و ئەوانی دیکە .

شانازیی گەورەتریش لەوە دایە کە ئەم رێ‌وڕەسمانە لە کوردستانێکی ئازاددا پێك دێن کە بە پلەی یەکەم بەرهەمی گیانبازیی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان لە ریزی پێشەوەیان رێبەرانی وەك شێخ مەحموودی حەفید و دواتریش ئاکامی هەوڵ و تێکوشانی میراتگرە بەوەجەکانی ئەو نەمرانەیە.

بەم بۆنەیەوە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە سڵاو لە یادی شێخ مەحموودی مەلیك و هەموو رێبەرانی شەهیدی تەڤگەری رزگاریخوازانەی کورد دەکەین و ئافەرین و دەستخۆشی بۆ هەمووی ئەو تێکۆشەرە ماندوویی نەناسانە دەنێرین کە ئەم ئەزموونە بەنرخەیان خوڵقاندوەو لە چەسپاندن‌و بەرەوپێشبردنی دا تێ‌دەکۆشن. بە ئاواتین ئەزموونی ئەمڕۆی باشووری کوردستان ببێتە نموونەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان‌داو سەرەنجامیش ئەو رۆژە دوور نەبێ کە نەتەوەکەمان لەسەر خاکی باب‌و باپیرانی بە مافی رەوای دیاریکردنی چارەنووس شاد بێ.

دووبارە سڵاو لە یادی شێخی نەمرو ئێوەش هەر بژین بۆ خزمەتی کوردو کوردستان

**لەلایەن دەستەی نوێنەرایەتیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران**
**عەبدوڵڵا حسن زادە ـ سلێمانی ٢٠٠٦/١٢/٢٣**

## رێوڕەسمێك بە بۆنەی شەوی یەڵدا، ٧٦ ساڵەی لە دایك بوونی د.قاسملوو

کوردستان: سۆزی بڵاوێنی شمشاڵەکەی رەسوڵ سوڵتانی لە سەرەتای رێورەسمەکەدا مزگێنی شەویادێکی خۆشی بۆ بەشداران بە دیاری هێنا.

بەرێز جەلیل گادانی کادری لەمێژینەی حیزب یەکەم وتار بێژی رێورەسمەکە بوو کە وێڕای گێڕانەوەی کورتەیەك لە ژیاننامەی دوکتور قاسملوو، چەند رەهەندێکی ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملووی خستە بەر باس و لە سەریان دوا .

دواتر بەرێز قادر وریا کەسایەتیی دیاری بواری راگەیاندنی حیزب لە وتارێك دا بەشێك لە بنەما فیکری‌یەکانی دوکتور قاسملوو و کارتێکەرییانی لە سەر رەوتی پێشڤەچوونی بزاڤی نەتەوەیی کورد خستە بەر باس و لێدوان.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا نۆرە درا بە شاعیران و ئەدیبانی بەشدار بوو لە کۆڕەکە تا بەرهەمە شێعری و ئەدەبی‌یەکانی خۆیان پێشکەش بکەن. لەم بەشەدا بەرێزان ئەحمەد قادری ، مامۆستا بێبەش، کوێستان فتووحی، هەباس حەقبین، سوهەیلا قادری، حەلیمە رەسووڵی، عەلی بوداغی و رەسوڵ سوڵتانی لە کەشێکی شاعیرانەدا بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

لە نێوئاخنی بەرنامەکانیش دا ئازاد عەبباسیان بە نەوای حەزینی "نەی"و رەسوڵ سوڵتانی بە حەیرانێك شەو یادەکەیان هەرچی زیاتر رازاندەوە .

گۆرانیی" گەوهەرێ گیان گەوهەرێ" بە دەنگی فەرهاد ساڵحی دوایین بڕگەی ئەم رێوڕەسمە بوو کە لە گەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوروو بوو.

شایانی باسە کە رێوڕەسمەکە پاش ٢ کاتژمێر لە نێو خۆشحاڵی و شادمانیی بەشداران دا کۆتایی پێ‌هات.



# دیدارو کۆبوونەوەکانی کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

◆ **نۆروێژ**

ـــ رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٣، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرێزان هاشم رۆستەمی، محەممەد گادانی، ئەحمەد نەقشی، ئازاد رۆستەمی‌و ناسر فەتاحی بە مەبەستی دیدارو نوێکردنەوەی پێوەندییەکان سەردانی کۆمیتەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە شاری ئۆسلۆیان کردو لە لایەن بەرێزان هۆگر بەرپرسی کۆمیتە، هەندرێن باوەنووری ، شەماڵ عەبدولخالق، ئاراس کۆیی، ئاسۆ گەرمیانی‌و مامۆستا سامان پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا پرسی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێوەندییە دوو لایەنەکانی خرایە بەر باس.

ـــ رێکەوتی ١٩ ـ ١٤ ی دێسامبری ٢٠٠٦، وەفدێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ کە بریتی بوون لە بەرێزان خدر عومەرزادە(مەلا خدر دۆڵەگەرمی)، ئەحمەد نەقشی ، لوقمان کەسرایی‌و عەبدوڵا خزرنیا(شەقان) بەمەبەستی نوێکردنەوەی پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی حیزب سەردانی ئەندامانی حیزب لە وڵاتەکەیان دا کرد. ئەو گەشتە سیاسی ـ رێکخراوەییە شارەکانی رۆژهەڵات، رۆژئاواو باشووری ئەو وڵاتەی گرتەوەو لە درێژەی ئەودا کۆمیتەی حیزب لە رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دیاری کرا.

بە دوای ئەوەدا وەڤدەکە بە هاوڕێیەتیی کاك ئەحمەد پادگانی، کۆمیتەی شاری بێرگنیان دیاری کردو لە درێژەی گەشتەکەیان دا سەردانی شاری بێرگنیان کردو کۆمیتەی ئەو ناوچەیەشیان دیاری کرد.

◆ **سویس**

### چاوپێکەوتن لەگەڵ رێکخستنی حیزبی شیوعیی کوردستان

رۆژی ٢٨ی دیسامبری ٢٠٠٦ ، وەڤدێکی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرێزان رەحمان ئیبراهیم زادە بەرپرسی کۆمیتە، زاهید شاعیری، رەحیم مەلا محەممەدی لە شاری بیل چاویان بە بەرێز ئازاد عوسمان بەرپرسی یەکەمی حیزبی شیوعیی کوردستان لەوڵاتی سویس کەوت.

لەو چاوپێکەوتنە دوستانەیەدا پرسی لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پێوەندییەکانی نێوان هەر دوولا تاوتوێ کران.

◆ **ئوستراليا**

### وەفدێکی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاوی بە بەڕێوەبەرانی کۆمیتەی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت

رۆژی ٢٨ی دێسامبر، وەفدێکی کۆمیتەی حیزب بە مەبەستی پتەوتر کردن و بەردەوامی‌دان بە پێوەندییە دوولایەنەو خستنە بەر باسی پرسی لەتبوونی حیزب، سەردانی کۆمیتەی پارتی دێموکراتی کوردستانیان کرد. وەڤدی‌کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئوستراليا لە گەڵ پێشوازی بەرپرسی کۆمیتەی پارتی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە بەرەوڕوو بوو. لە درێژەی ئەو دیدارەدا پێوەندییەکانی نێوان هەر دوولا، پرسی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە پێوەندیدارەکان بە ناوچەو کوردستان و پتەوترکردنی پێوەندیی دوولایەنەو هاوکاریی دوولایەنە کەوتنە بەرباس.

◆ **سویس ـ بێرن**

### وەفدێکی کۆمیتەی حیزب چاوی بە بەر پرسی رێکخستنی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران کەوت

رۆژی ٢٨ی دیسامبری ٢٠٠٦، وەفدێکی کۆمیتەی حیزب لە سویس پێکهاتوو لە بەرێزان رەحمان ئیبراهیم زادە بەرپرسی کۆمیتە، زاهید شاعیری، ئارەزوو عەبدوڵڵامەنش و رەحیم مەلا محەممەدی چاویان بە بەرێز رەفیق سیروس بەرپرسی رێکخستنی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران کەوت.

لەو دیدارەدا پرسەکانی ئێستای ئێران، لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێوەندییەکانی نێوان هەردوو حیزب خرانە بەر باس و پێوەندی و هاوکاری دۆستانەی نێوان هەر دوو لا پێی لە سەر گیرایەوە.

◆ **سوئێد ـ یوتوبوری**

### چاوپێکەوتنی وەڤدێکی کۆمیتەی حیزب لەرێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

رێکەوتی ٣٠ ی دێسامبری ٢٠٠٦ ، وەڤدێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بریتی لە بەرێزان محێدین خان ئەحمەدی، نەبەز عەلیدوست، خالید بۆکانی، بەهمەن بابامیری سەردانی رێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێدیان کردو لەلایەن بەرێزان هێرش عەلیزادە، رەزا لوتفی، عەلی قەنبەری، مستەفا جەلالی‌و تاهیر پەناهەندەوە پێشوازی‌یان لێ کرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا نوێ کردنەوەی پێوەندییەکان، رووداوەکانی ئەم دواییانەی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و زۆر بابەت و پرسی دیکە خرانە بەرباس‌و لێدوان.

◆ **سوئێد**

### دیدار لەگەڵ وەڤدێکی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران

رۆژی ٢٩ ی دێسامبر، وەڤدێکی کومیتەی حیزب لە سوئید پێکهاتوو لە بەرێزان محێدین خان ئەحمەدی، نەبەز عەلیدوست، خالید بۆکانی و بەهمەن بابامیری سەردانی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران(کۆمەڵە) لەو وڵاتەیان کرد و لە لایەن بەرێزان حوسێن حەمیدی، حەبیبوڵڵا سوڵتانی، ئاکۆ ئەنوەری و وەلی عەریبی یەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ‌کرا.

شایانی باسە لەو دیدارەدا لە لایەن هەر دوو وەڤد پێوەندییە دوو لایەنەکان و پرسی لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵێك بابەتی دیکە خرانە بەر باس.

◆ **ئوستراليا، بریسبان**

### دیدار لەگەڵ سەناتۆر موور

کوردستان‌و کورد ـ رۆژی پێنج شەممە ١٢/٢١/ ٢٠٠٦ لە شاری بریسبان کاك سەلاح پوور ئەسەد لەگەڵ سەناتۆر کلێر موور لە حیزبی کرێکاری ئوستراليا، کۆبۆوە. لەم دانیشتنەدا باسێکی گشتی سەبارەت بە خەباتی گەلی کوردو سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کرا. پاشان پێوەندیی نێوان هەر دوو حیزب پێی لەسەر داگیرایەوەو سەناتۆر موور پشتیوانیی خۆی‌و حیزبەکەی لە خەباتی رەوای گەلی کورد دووپات کردەوە. لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا سەناتۆر موور پشتیوانیی خۆی بۆ ئەم کۆنفرانسە دەربڕی کە بڕیارە لە سەر ژینۆسایدی گەلی کورد پێك بێ.

# عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە بەردەم پرسیاری ڕۆژنامەنووسان دا

ئامادەکردنی: خالید محەممەدزادە

***بە دوای دوو کەرتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٣ی دیسامبر کونگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتیی دیاری ئەم حیزبە لە شاری هەولێر پێک هات. ناوبراو بە دوای پێشکەشکردنی باسێك لە سەرئەو دوو کەرتبوونەی حیزبی دێموکرات، وەلامی پرسیاری کۆمەڵێك لە ڕۆژنامەنووسانی بەشداری لەو کونفرانسە دایەوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە روو ئەو پرسیارو وەلامانەیە کە لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و حەسەنزادا هاتونەتە گۆرێ:***

**زاگروس: لایەنی بەرامبەر ئێوەی وەك لادەر ناو هێناوە، هەڵوێستی ئێوە چیە؟ پرسیاری دواترم لە پێوەندی لە گەڵ جیابوونەوەی باڵێکی دیکەی حیزبە بە ناوی ئارارات کە ئەمانیش جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند، ئەمە تا چەندە راستە. پرسیاری دواتر ئەوەیە ئایا ئێوە لە کۆیە دەمێننەوە؟**

حەسەنزادە: لە پێش دا لە سەر ئەو ناوانە پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئەوە یەکێك لەو شتانەیە کە ئێمە ئارەزوو ناکەین ببێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شتانە سواون و زۆر کۆن بوون. نیزیکەی بیست ساڵ پێش ئێستا بۆ جەمعێك کە لە کۆنگری هەشت دا ریزی خۆیان جیاکردەوە بە کار دەبرا. ئەو ئیستیلاحە زۆر کۆن بووەو ئێستاش ئەوانە هەوڵیان ئەوەیە بڵێن ئەوە هەر ئەوانن. ئیددیعا دەکەن خۆ ئێستا جیابوونەوەیەك نەبووە، جیابوونەوەیەکی دائیم هەبوەو جارێکی دیکە ئیعلان کراوەتەوە. باشە ئەوانە ئەوکات لە چییان لادابوو؟ چووبوونە پاڵ کۆماری ئیسلامی؟ ئەوانە ئەوکات بەشێك لە سادقترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوون. ئەمن ناڵێم نەدەبوو بیکەین، چونکە تازە کراوە. بە نەدەبوو هیچ عیلاجێك ناکرێ. بەلام ئەوە مەنتەقێکی باش نیە هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبوو دوژمنمانە. یانی چی؟ ئەو کەسە دوژمنی ئێمەیە کە لەگەڵ دوژمنمانە. نەك هەرکەس لەگەڵمان نەبوو، دوژمنمانە. هەرکەس دوژمنمان نەبوو دۆستمانە. ئێمە پێرەوی لەم مەنتیقە دەکەین، نەك لەو مەنتیقە. ئێستاش ئێمە لە سەنگەری پێشەوەی خەبات داین. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەك سیاسەت و پرەنسیپ پێرەوەی لێ دەکا ئەگەر رۆژێك دانیشن بە داوەری هێندێك داوەری بە ئینسافی بێ لایەن سابیتی دەکەین کە پرەنسیپە دیمۆکراتیکەکانی حیزبی دیمۆکرات پاش رێبەرانی شەهیدمان (قازی، قاسملوو شەرەفکەندی) هەموو بەرهەمی ئەو بەشەیە کە ئێستا ئەو بەرێزانە ئەو ناوەی لە سەر دادەنێن.

لە سەر مەسەلەی مانەوەمان لە کۆیە، ئێمە لە ئەوەڵەوە گوتوومانە نە ئێمە ئەوانمان پێ دەردەکرێو نە ئەوانیش ئێمەیان لە کۆیە پێ دەردەکرێ. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لەوێ حاکمە، ئەگەر بیەوێ هەمووومان دەربکا خۆ موقابلەی لەگەڵ ناکەین، بەلام هیچ مەنتەقی تێدا نیە ئێمە بۆ ئەوان دەربکا یا ئەوان بۆ ئێمە دەربکا. لە عەینی حاڵیش ئەگر بێن دەزانن کە لە کۆیە چەندی لای ئێمەیەو چەندی لای ئەوانە. کەوابێ ئێمە پێمان وایە ئێمە لە کۆیە دەبین‌و ئەوانیش لە کۆیە دەبن. بەلام دەبێ لێك جیابکرێنەوە. تا ئەو کەفوکوڵە دادەمرکێ‌و شەڕە قسە نەبێ. ماشەڵڵا ئەوان کەمێکیش لەو بارەیەوە ئازان، هەمیشە لە هەوڵی هێرش دان کە ئەوە ئازایەتی نیە. بۆ هیچ کەس شانازی نیە تفەنگ بە رۆڵەی کوردەوە بنێ. من ئێستاو لە بەردەم ئێوە دەڵێم نەفرەت لە هەر گوللەیەکی دەکەم کە لە دەستی کوردێك دەرچووبێ بەرەو کوردێك.

**ڕۆژهەلات تیڤی: لە بەیاننامەکەتان دا باسی لەتبوونی حیزبی دێموکراتتان کردوە بەو مانایە کە باڵی بەرێز مستەفا هیجری بە حیزبی دێموکرات دەزانن، کەواتە مەسەلەی ئەندامەتی ئێوە لە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست بە مافی خۆتان دەزانن یا ئەوان؟ دووهەم پرسیار، سیاسەت تان بەرامبەر بە کۆمەڵە چون دەبێ؟**

حەسەن زادە: ئێمە پێمان وایە هیچ ناکۆکییەك نیە لەوەی ئێمە حیزبی دێموکرات بین‌و ئەوانیش حیزبی دێموکرات بن. ئەو ناوە سەبتی هیچ لایەك نیە. هەر دووکمان میراتگری شانازییەکانی حیزبی دێموکراتین کەوابێ زۆر سروشتییە کە هەردووکمان لێی ئیستفادە بکەین. ئێمە گوتوومانە کە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست وەك بنەماڵەی گەورەی خۆمان سەیر دەکەین‌و هەوڵ دەدەین پلەی ئەندامەتیی خۆمان لەوێ دا بەرینە سەرێ. بەلام ئەوە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ بەرپرسانی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست قسە بکەین کە داخوا هەر دووکمان وەردەگرن بە ئەندامی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست یا یەکێکمان دەناسن؟ ئەوە مەسەلەیەك نیە کە ئێستا بتوانین بریاری لە سەر بدەین‌و ساغی بکەینەوە. لە عەینی حاڵیش دا مەسەلەیەکی زۆر موهیمیش نیە. بەلام مەسەلەی پێوەندیی لە گەڵ هیزە کوردستانییەکان زۆر موهیمە. ئێمە لەگەڵ هەموو رێکخراوە کوردستانییەکان باوەڕمان بە دوستایەتی هەیە. باوەڕمان بە هاوکاری هەیە. کۆمەڵەش لە ریزی پێشەوەی ئەو هێزانەیە کە لە کوردستانی ئێران دا خاوەنی رابردووی سیاسین‌و خاوەن نفوزی سیاسین‌و هەڵوێستیشیان بەرامبەر بە ئێمە لە ١٥، ٢٠ ساڵی رابردووش دا دۆستانەو برایانە بووەو پێوەندیشمان بەردەوام دەبێ.

**کوردستان راپۆرت: جەنابی مامۆستا ئێوە (خەتی تیرەتان) بۆ حیزبەکەتان داناوە ئەمە بۆ تۆخ کردنی خەباتی نەتەوەییە یا تەنیا بۆ جیاکارییە لە گەڵ باڵەکەی دیکەی حیزب؟ ئایا ئێوە ئەگەر هەڵنەبژێرنەوە بە سکرتێر لە گەڵ ئەو حیزبە کار دەکەن؟ پێتان وا نیە کەسانێك تووشی نائۆمیدی بووە لەم رووداوە، بۆ نموونە نەمانی کەسێك وەك بابا عەلی مێهرپەروەر؟**

حەسەن زادە: من ئێستاش هەر سکرتێری ئەو رێکخراوە نیم. کاریشیان لە گەڵ دەکەم وەك سەربازێك. ئەگەر ئەوان لوتفیان لە گەڵم هەیە وەك ئەندامێکی کارا قبوولیان کردووم، شانازیی پێوە دەکەم، بەلام من وەك پێشمەرگەیەك لە خزمەتیان دام. ئەوەی مەربووتە بە کاك باباعەلی پێم وانیە کاك باباعەلی نائۆمید بێ، بەلام ئیعترازی کاك باباعەلی زۆر بە جێیە چونکە کاك باباعەلی جگە لەوەی تێکۆشەرێکە ٢٧ ساڵە لەم حیزبەدا ژیان بەخت دەکا، هەولێکی ئێجگار شەریفیشی دا بۆ ئەوەی ئەم حیزبە دووچاری ئەوە نەبێ. یەکێك لە چالاکترین دڵسۆزان بوو کە لەو بوارەدا تێکۆشا کە بە داخەوە هەوڵەکانی ئەویش بە هیچ جێگایەك نەگەیشت‌و تەنانەت زۆریش بێ حورمەتییان پێ کرد. ئێمە لە جوابی ئەو کشانەوەیەی ئەودا شتێکمان نووسی‌و ئێستاش دەیڵێم کە زۆر بە داخین لەو هەلوێستەی‌و هیوادارم هەلوێستی قەتعی نەبێ. زۆر بە شانازییەوە حازرین لە ریزی هەرە پێشەوەی رێبەریی حیزب دا لە خزمەتی دا هاوکاری بکەین. ئارەزووم ئەوەیە ئەو توورەییە جێگای خوی بدا بە گەڕانەوە. خەڵکی دیکەش رەنگە دووچاری نائومێدی بووبن، بەلام ئەگەر ئێمە کار بکەین کە بۆ ئەوەش کار دەکەین ئارەزووم ئەوەیە کە ئەو نائومێدییە تەبدیل بێتەوە بە ئومێد.

بەلام ئەو داشەمان کە داناوە چەند مانا دەتوانێ ببەخشێ، یەکێکیان کە لە هەموویان موهیمترە بۆ ئێمە ئەوەیە کە گەڕاوینەتەوە سەر ئەسڵ. حیزبی ئێمە تا ساڵی ١٩٨٠ ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو حیزبەی بە دەستی بە توانای پێشەوا قازی محەممەد دانرا ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هیچی دیکەی لە گەڵ نەبوو. شتێکی دیکەی کە تێدایە ئەوەیە کە ئێمە ئەمرۆ وەختی ئەوە هاتووە کە کوردستان وەك کوردستان بناسین. هەڵوێستی دەولەتەکان بەرانبەر بە کورد بەوە ناگۆرێ کە ناوی خۆت بنێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یا تورکیە یا سوریە. ئەوان دایانناوە کە ئێمە جیاوازیخوازین. ئەوەی لە گەڵمان کراوە دەیکەن. بەلام ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە خۆمان پێناسە بکەینەوە وەك میللەت‌و خاکێك. کەوایە ئامانجمان ئەوەیە کەمێك پرەنگتر بێ.

**کوردستان تیڤی: دەسەڵاتی سیاسی ئێرە تا چەند ئاگاداری ئەم جیابوونەوەی ئیوەیە؟ ئەم جیابوونەوەیە لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە. هەست دەکرێ پەشیمانبوونەوەیەك هەیە؟ رای ئێوە لە سەر راپۆرتی بیکەر هاملتون چۆنە؟**

حەسەنزادە: ئەوانەی پێیان خۆشە هەموو شتێك بە رەشبینیەوە ببینن هێندێك شتی خراپ دەڵێن وەك ئەوەی کە رەنگە ئەم لایەن‌و ئەو لایەن تەئسیریان هەبووبێ لەو کارە. من لێرە بە مەسئولییەتەوە رادەگەیەنم لە هیچ هێزێکی سیاسی‌و هیچ ئینسانێك غەیری هەوڵ بۆ یەکپارچەیی هیچ مان نەدیوەو ئەوەی دیکە هەموو بوختانە. دیارە ئێمە ئێستا بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆمان حکوومەتی کوردستانمان ئاگادار کردۆتەوە، چونکە ئەو برادەرانەی ئێمە بە نەفەسێك چاو لە مەسەلەکە دەکەن کە پێیانوایە ئەوان بە تەنیا حیزبی دێموکراتن‌و ئەوانی دیکە هیچ نین کە هەر ئەو مەنتەقەش بوو کە حیزبی دێموکراتی دووچاری ئەوە کرد. ئێمە پێمان وایە حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبی هەمووان بێ بە مافی وەك یەك‌و بە ئەرکی وەك یەك‌و بە بیرو باوەری جیاوازەوە. حیزبێك یەك دەنگی تێدابێ حیزب نیە. چونکە یا دیکتاتۆری تێدایە یا یەکێك بیر دەکاتەوە ئەوانی دیکەش دەبێ وەدوای بکەون‌و هەقی بیرکردنەوەیان نیە. ئەوەش حیزب نیە. باسی پەشیمانبوونەوە کرا. شتێك بە ناوی پەشیمانبوونەوە لە ئارادا نیە. ئێمە لە ئەوەڵەوە موخالیفی لەتبوون بووین. بەلام وەزعێك کە پێش هاتبوو حیزبی دێموکراتی فەلەج کردبوو، ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ئەو وەزعە دریژەی هەبێ حیزب هەمووی دەمرێ. بەلام ئەگەر بە جودا کارەکانمان بکەین سەعی دەکەین ئەو بەشەی خۆمان ببوژێنینەوە. ئارەزوومان ئەوەیە بەشەکەی دیکەش پێش بکەوێ. ئارەزووم ئەوەیە بەشەکەی دیکەش بێتە سەر ئەو بیرە نیشتمانی‌و نەتەوەییەی کە پێکەوە کار بکەین. ئەگەر نەمانتوانی لە نێو حیزبێك دا بین با لە دەرێی حیزب پێکەوە کار بکەین. تەنانەت ئارەزووم ئەوەیە فەزایەك بخوڵقێنین کە بتوانین جارێکی دیکە پێکەوە بین. لە یەك کەلام دا ئێمە یەکێتیخوازین، بەلام یەك دەستخواز نین، نامانەوێ تەنیا یەك دەنگ هەبێ. دەمانەوێ پلۆرالیزمی فیکری لە نێو حیزب دا هەبێ‌و ئەو حیزبەش دەتوانێ زۆر بیروبۆچوونی جیاوازی دیکەی تێدا بێ.

بەلام لە پێوەندیی لەگەڵ راپۆرتی بیکەر هاملیتون من قەد دووچاری نائۆمیدی نابم. بۆ من زۆر شتێکی تازە نەبوو. پێم وابێ شتی وا هەر دەبێ بەلام مەوقیفێکە زۆر خراب بوو. نە لە گەل مەسلەحەتی ئەمریکییەکان رێك دەکەوێ نە لەگەڵ مەسڵەحەتی عێراقییەکان رێك دەکەوێ‌و نە لەگەڵ مەسڵەحەتی کورد رێك دەکەوێ و نە لەگەڵ بریاری عێراقییەکان کە ساحیبی قەزییەکەن رێك دەکەوێ. عێراقییەکان بۆ خۆیان رێك کەوتوون لە سەر ئەوەی کە مەسەلەی کەرکووك بخرێتە ریفراندۆمەوە، ئێستا بۆ یەکێك لەو سەری ئۆقیانووسەکانەوە بێ پێشنیار بکا ئەوە دوابخرێ.

**کوردستان ئۆنلاین: مامۆستا ئەمە چەندین جارە حیزبی دێموکرات لەت دەبێ، ئەمە چون دەبینی‌و ئایا جیاوازی هەیە لە گەل لەتبوونەکانی دیکە؟ ئایا ئێوە دوای ئەو هەلوێستەتان بەرنامەتان هەیە بۆ گەرانەوە بۆ ئێران‌و کارکردن لە گەڵ رووناکبیران‌و نوخبەی کوردی لە ئێران؟**

حەسەنزادە: رەنگە ئەو شتانەی لە حیزبی دیمۆکرات روویان داوە زیاتر بن لە سێ‌و چوار جار. هێندێکیان کشانەوەو دووبارە پێوەست بوون. لە واقیع باشترین پێوەستبوونەوە پێویستبوونەوەی رێبەرایەتیی شۆرشگێر بوو لە ساڵی ١٩٩٦دا بوو. ئەوانەی دیکە وەك فەرد گەڕاونەتەوە. بەلام ئایا جیاوازیی هەیە یا نا؟ لێم گەرێ با بەشێکی زۆری هەلگرم بۆ ئایندە. بەلام لێرەدا دەمەوێ دووشت بلێم، ئێمە گوتوومانە زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوندی‌و کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی. نەمانوتووە زۆرایەتیی حیزب‌و کەمایەتیی حیزب. هەتا لە جێگایەکیش لە رۆژنامەی کوردستان نووسیومانە کە ئەوە دروست نیە ئەو ئیستلاحە بە کار بێت. چونکە نە ئێستا روونەو نە مەعلومەو بۆ داهاتووش قابیلی گۆرانە. هەرئێستا ئەگەر تەماشا بکەی حیزبی دێموکرات لە زۆر جێگادا بەشی زۆری لای ئێمەیەو لە هێندێك جیگاش دا لە لای ئەوانە، بەلام بێجگە لەوە هێندێك فەرقی دیکەشی هەیە کە هێوادارم هاورێیانی موقابیلمان دوچاری تەوەهوم نەبن. مەسەلەن ئێستا لەگەڵ ساڵی ١٩٨٨ بەراورد ناکرێ. یەکەم ئەو کات هیچ ئەندامێکی کۆمیتە مەرکەزییان لەگەڵ نەبوو. رێبەرایەتی شۆرشگێر یەك ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزییان لەگەڵ نەبوو. چونکە کۆنگرەیەك گیرابوو هیچ کام لەوان خۆیان کاندید نەکردبوو. نۆ کەسیان کاندیدا کرابوو، بەلام نەیان کرد. ئەوە فەرقی زۆرە. لە پاشان بلیمەتێکی وەك دوکتۆر قاسملوو لە مەیدان دا بوو. کەسانێکی ئەو کات بوونیان هەبوو بە وەزنی حیزبی دێموکرات دەناسران لەولایە، بەلام ئێستا تەماشای وەزنەکان‌و سیماکانی حیزبی دێموکرات بکەین ئەو کەسانەی شارەزان رەنگە قەزاوەتێکی دیکە بکەن. ئارەزوم ئەوەیە هاورێیان خۆیان لە جێگای دوکتۆر قاسملوو دانەنێن. هیچمان ناگەینە قاسملو، بەلام ئیتر با ئەو تەوەهومە بۆ ئەوانیش پەیدا نەبێ.

**فەتاح کاویان:** من یەکێك لەوکەسانە بووم کە مامۆستا باسی کرد لە حیزب جیابووینەوە. پێم خوشە ئەوە بڵێم لێرە ژمارەی ئەو برادەرانەی کە ئەوکات لگەڵ ئێمەبوون‌و ئێستا لەگەڵ خەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و مامۆستا دان لە سەدا پێنج کەمتریشن. کەوابێ سەدا ٩٠ی ئەو کەسانەی کە خەتی مامۆستایان قبوول کردوە هەموو ئەو کەسانەن کە وەفادارانە لەگەڵ دوکتۆر قاسملووی شەهید مانەوە. کەوابوو بە هیچ جۆرێك ناتوانن ئەوانە کەلیمەی لادەر بە کار بێنن. ئەوکاتیش لە خەتی ئەساسی حیزب لامان نەدابوو، بەلام ئێستا هەر کەس ئەوە بڵێ بۆ خۆی باش دەزانێ سەد لە سەد درۆ دەکا.

حەسەنزادە: ئێمە بەوانمان دەگوت لادەر، چونکە ئەوان لە بریاری کۆنگرەی ٨ لایان دابوو. ئێستا ئەوەی بە ئەوان دەلێ لادەر ٤ جار خۆی لادەرە، بۆ؟ لە کۆنگری ١٠ ئێمە قبولمان کردۆتەوە دەبینەوە یەك حیزب. لە کۆنگرەی ١١ هەر ئەوەمان قبوول کردوە. لە کۆنگرەی ١٢و ١٣یش قبولمان کرد کە ئەمانە وەك هەموومان ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەگەر ئێستا کەسێك بەوان بلێ لادەر لە بریاری ٤ کۆنگرە لای داوە. لە پاشان بۆ ئەوەی بزانن ئەو وشەیە چەندە نادروستە بزانن کاتی‌خۆی ئێمە رێککەتنامەیەکمان ئیمزا کرد لە ساڵی ٩٦ کە لە بەندی ١٨ی ئەو رێککەوتننامەیەدا هاتووە، هەر بریارێکی لە ١٩٨٨|٣|٠٢ بە دواوە لە لایەن هەر لایەنێکمانەوە دەرچووە هەر بەخشنامەیەکی دەرچووە ئەگەر پێچەوانەی ئەم ریککەتننامەیە بێ بەتاڵە. کەواتە هەر ئەو کات بریارمان دا کە ئەو کەلیمەیە مەحکوومو پە تاڵە.

پاشان لە سەر بەرنامەمان بۆ ناو روناکبیران. جا ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین چی دەکەین؟ کاری نوێ بە فیکری نوێ دەکرێ. ئەوە پێویستی بە هێزی نوێ‌و خوێندنەوەی نوێ هەیە. کەوابێ دەچینە نێو رووناکبیران‌و رووناکبیران دێنە نێو حیزب.

**کۆمەڵە تی ڤی: ئێوە میکانیزمێکتان لە بەرچاو گرتوە بۆ ئەوەی لە نێوانتان دا شەڕ بەرپا نەبێ؟ دەتانەوێ لە داهاتوودا کۆنگرە بگرن؟ ئایا ئەمە شەری دەسەڵات نیە؟ ئەو فشارانەی کە ئێستا لە سەر ئێران هەیە دەوری بینیوە لە سەر ئەو لەتبوونەی حیزبی دێموکرات؟**

حەسەنزادە: میکانیزمی ئیمە بۆ ئەو کارە سەبرو تەحەمولە. هەروەك لەو رۆژانە هەموو شتێمکان کرد بۆ ئەوەی شتی خراپ روو نەداو ئەمەش بەردەوام دەبێ. ئارەزووشمانە ئەو رەفیقانەی دیکەشمان ئەو کارە بکەن‌و ئاواتمە هێزە کوردستانییەکانی دیکەش چاوەدێر بن بە سەر مانەوەو ئەو لایەنە بە کورد بناسێنن کە خەتابارە. بەلام بۆ کۆنگرە گرتن، مەعلوم ئەگەر یەك بوایەتین هەر کۆنگرەمان دەگرت، ئێستا بووین بە دوو حەتمەن کۆنگرە دەگرین. ئێستا دەمانەوێ زۆر ئالۆگۆر بکەین، ناتوانین بیکەین. دەبێ بچینە کۆنگرە. بۆ نموونە ئێستا بەرنامەو پێرەوی نێوخوی حیزبی دێموکرات پێویستی بە گورین هەیە، ئێمە ناتوانین بیگۆرین تا نەچینە کۆنگرە. کەواتە کار دەکەین تا کۆنگرە. شەرعییەتیشمان هەیە بۆ؟ چونکە کومیتەی ناوەندی لەت بووە. بەشێکی لەگەڵ ئێمەیەو بەشێکی لە گەڵ ئەوانە. بە چەند عەدەد کەم‌و زۆر شەرعییەت لە دەست نادا. کەوابێ شەرعییەتمان هەیە بۆ کۆنگرەو پاشان دەچینە کۆنگرەو رێبەرییەکی تازەو خەتێکی تازە هەڵدەبژێرین.

لە سەر شەڕی دەسەڵات دووشت بلێم. ئەوەڵەن شەڕی دەسەڵات تاوان نیە هەر حیزبێك کە دادەمەزرێ بەو ئاواتە دادەمەزرێ بەو جۆرەی کە بۆ خوی بە مەسڵەحەتی میللەت دەزانێ بەرنامەکەی بەرێوەبەرێ. ئەمە سروشتیە لە پاشان ئەگەر شەڕ لە سەر دەسەڵات تاوانە شەڕ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتیش چوار جار تاوانە. ئیختلافی ئێمە لە گەڵ ئەو هاورێیانە ئەوە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان پاوان کردبوو لە دەست خۆیان دا. ئەوان لە دێموکراسی ئەو تەعبیرەیان هەبووکە دێموکراسی مانای ئەوەیە کەمایەتی دەبێ پێرەوی لە زۆرایەتی بکا. لە حالێك ئێوە هەمووتان رووناکبیرن، ئەوە پێناسەی دێموکراسی نیە. ئێمە تەنیا دیکتاتۆری‌و دیمۆکراسیمان نیە. دیکتاتۆری فەردیمان هەیە. دیکتاتۆری زۆرایەتیمان هەیە. دێموکراسیمان هەیە. سەرەتایترین ئەلفوبێی دێموکراسی موراعاتی مافی کەمینەیە لە لایەن زۆرایەتیەوە. بە داخەوە لە قامووسی ئەو هاورێیانە هیچ جێگایەکی نیە. بەلام دەمەوێ بلێم شەری دەسەلاتی چی؟ ئەوانەی کە ئەو حەرەکەتەیان بەرێوەبردوە، چەند کەسێکن، بەشێکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی ناوەندین‌و لە دەسەڵات دان. چی تریان دەوێ؟ خۆ لە دەسەڵات بوون. بەشیکی دیکەشیان کەسانی وەك من وان. ئەمن سەدی پۆلاییم لە بەرانبەر دەسەڵات دا دروست کردوە. لە واقیع دا بە زەبری من بەندێك لە نێو پێرەوی نێوخۆی حیزب جێگیر کرا کە ئیجازە بە من نەدا بۆ جاری سێهەم ببمەوە بە سکرتێر. یانی کەسێك عاشقی دەسەلات بێ کاری وا دەکا؟ نەخێر راست بۆ ئەوەی نەبمەوە بە سکرتێر ئەو بەندەم دانا. ئەساسنامەی ئێمە بەندێکی تێدایە دەلێ هیچ کەس دوای دوو دەورە سکرتێری ناتوانێ ببیتەوە بە سکرتێر. ئەوە پێشنیاری من بوو. لە کۆنگرەی ١٢ دەیانویست لای بەرن، وتم ئەوەتان پێ بلێم عومری من لە حیزب بە قەد ئەو مادەیەیە ئەگەر ئەمرۆ لای بەرن من ئیستعیفا لە حیزب دەکەم‌و دەرۆم. کەوابێ مەسەلە شەڕی دەسەڵات نیە.

بەلام بە نیسبەت ئەو فشارانەی لە سەر ئێران هەیە بۆ ئێمە بە پێچەانە شکایەوە. دەبوا هەردوو لامانی هاندایە کار بکەین (ئێمەی هان دا). ئەمن ٥ ساڵ پێش ئێستا بە نووسین نووسیومە کە هەلومەرجێك خولقاوە دەتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین، بەلام بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکەین تەنیا یەك رێگامان هەیە ئەویش ئەوەیە بە هێز بین. نووسیبووم ئێمە دەتوانین لە ٤ پلە خۆمان بە هێز بکەین. ئەوەڵ ریزەکانی خۆمان بە هێز بکەین. دووهەم ریزی هێزە کوردستانییەکان پتەو بکەین. سێهەم ریزی خۆمان لەگەڵ ئەو هیزە ئێرانیانە پتەو بکەین کە نوێنەری هێزێکی میللین. دواتریش لەگەڵ هەمووی هیزە ئێرانییەکان. بەلام وەك دەڵێن دەستێ بە تەنیا دەنگی نایەو منداڵیك بۆی ناکرێ کایە.

**ڕۆژنامەی نوێ: جەنابت گوتت لە گەڵ برادەران مەسەلەی سیاسیمان نەبوەو مەسایلی رێکخراوەییە زیاتر. پێت وانیە هەرچوارچێوەی ریکخراوەییە جۆریك تێراونینی سیاسی لە پشتە؟ پرسیاری دووەم ئەوەیە کە جەنابت لە رۆژنامەی چاوەدیر دا باسی ئەوەت کردوە کە ئێمە تاکەی لە سەر سفری قازی، قاسملوو شەرەفکەندی نان بخوێن ئەمە چۆنە؟ ئایە ئێوە روانگەتان وەك برادەران وایە بە نیسبەت رابردووی حزبەوە؟**

حەسەنزادە: زۆرجار خەڵك دەڵێ ئەوە شتی سیاسی تێدا نیەو شەڕە لە سەر دەسەڵات. ئوسوولەن شەڕە لە سەر ئەوە کە ئێمە بە شێوەی دێموکراتیك رەفتار بکەین یا یەکێکمان ببین بە ساحیبی روحی ئەوان. ئەوە بۆچوونێکی تەواو سیاسییە. تەنانەت کاتی خۆی کە ئێمە بەرنامەمان هەبوو لەگەڵ رێبەرایەتیی شۆرشگێر یەك بگرینەوە ئەوە ئیختلافێکی سیاسی بوو. ئێمە پێمان وابوو یەککەوتنەوەی ریزەکانمان باشە. ئەوان پێیان وابوو نەخیر ئەو ناکۆکییە نیعمەتی خوایەو نابێ لە دەستی بدەین. ئەوانەی ئەوکاتەی کە لە رێبەریەتی شۆرشگێردا بوون ئێستا لە تەرکیبی ئێمە پێنج لە سەدن بەلام دەبێ ئەوەش بگۆتری ئەو سەدی پێنجە، سەدی پێنجی بە کەیفیەت‌و بە وەزنن‌و باشن. دەبێ ئەوە بگوتری. لە پاشان هەردوو ئەوانەمانن کە وەحدەتخواز بووین. یەکیەتیی ریزەکانی ئەو حیزبەمان دروست کردو پاشان پاراستمان. بە چی پاراستمان؟ بە ئیمتیازدان بە تەرەفی بەرانبەر.

لە سەر مەسەلەی قازی‌و قاسملوو. ئەمە دوو مانای هەیە. یەکیان سروشتیە. ئەو ئەفکارەی کە قازی هێنای بۆ کاتی خوی پێشکەوتووترین بیری سەردەم بوو، بەلام کۆن دەبێ. ئەوەی قاسملوو هێنایەتی کاتی خۆی باش بوو بەلام مابا دەیگۆری. کەوابێ نابی هەر بە دوای ئەوە بکەوین. دەبێ شت بگۆرین. ئەوان خۆیان مابان دەیانگۆری. تەنانەت ئەو فکرەی ئەوان هێناویانە ئەگەر تازەش مابن، نابێ دەولەمەند بکرێن؟ نابێ شتی دیکەشیان بخرێتە سەر بۆ؟ ئەگەر ئێمە نیمانە با ئەو لاوانە لە گەڵمان بکەون کە منداڵی ئەو عەسرەن. عەرەب دەڵێ هەر روژگارێك دەولەتی خۆی‌و پیاوانی خۆی دەوێ. با بیدەینە دەست ئەو لاوانە. مانای دیکەی ئەوەیە کە لە پشت سەنگەری دوکتۆر قاسملویەوە تەقە لە خەڵکی بکەی. مەسەلەن نووسیان عەبدوڵڵا حەسەن زادە کوێرکەرەوەی رێبازی قاسملوویە. بە بەشداریی هەموویان گوتم ئەرێ کێتان بە قەت من لە گەڵی ژیاوە؟ کێتان بە قەد من لێی فێربووە؟ کێتان بە قەد من لە سەری نووسیوە؟ کێتان بە قەد من باستان کردوە. ئەو کاتیش کاك مستەفا هیجری هەستا گوتی سپاس بۆ مامۆستاو لە کەسێکی وەك مامۆستاش هەر ئەوە چاوەروانی دەکرێ. بە رابردوودا چوونە ئازایەتی دەوێ، یانی هیچ تاوان نیە هەستی بلێی ئەو فیکرەم خراپ بوو. ئەوەش دوو مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کات چاك بووەو ئێستا بە کار نایە. مەسەلەن ئەو کات ئێمە کە جیابووینەوەو لە کتێبەکەی خۆشم دا نووسیومە چاو لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبە بکە کە زۆری جنێودانە بە وی دیکە. دەباشە بابە بۆ جنێو بە من دەدەی برۆ کاری خۆت بکە. دوکتۆر قاسملو دەیگوت وای دادەنێین دوو دوکاندار لە پاڵ یەك میوە دەفرۆشن.

بۆ لاپەڕەی ١٠

## جەلیل گادانی:

### لە ڕێورەسمی شەوی یەلدا، حەفتاوشەش ساڵەی لەدایك بوونی دوکتور قاسملوودا:

# د. قاسملوو کەسێکە کە هەتا هەتایە نەتەوەی کورد شانازیی پێوە دەکا

لەگەڵ بە خێرهاتنی گەرمی هەموو بەشدارانی بەڕێز:

هەندێك لە بیوگرافیی کاك د.قاسملوو هەروا بە نووسراوە بە کورتی باس دەکەم، هەرچەند بیوگرافی کاك دوکتور لە سینگی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەروخەباتگێڕدا زەبتە. بێگومان چونکی حەفتا و شەشەمین ساڵیادی میلادی پیرۆزی د.قاسملوویە بۆیە هەموو ئێمە دەبێ بە دڵێکی شاد و خەندان یادی نەمر د.قاسملوو تا ئاخرین لەحەزاتی ڕێورەسمەکەماندا زیندوو ڕاگرین و هیوادارین ئەو عیشق و عەلاقەیەی ئەو بە نیشتمان و بە حیزبەکەی هەبوو هەرگیز لە دڵی ئێمە زەرەیەك کەم نەبێتەوە.

د.قاسملووی نەمر ٧٦ ساڵ لەمەوبەر لە شەوی یەڵدا - درێژترین شەوی ساڵ - لەدایك بوو. بانگی کوردایەتی لە زەمانی ژێکاف و کۆماری کوردستاندا بە گوێدا درا. خوێندنی سەرەتایی و سیکل و ئەوەڵی دەبیرستانی لە ورمێ خوێندوە. دوایە دەچێتە تاران و لە باشترین دەبیرستانی تاران (البرز) دەرس دەخوێنێت. پاش وەرگرتنی دیپلۆم دەچێتە فەڕانسە، کە براگەورەکەشی کاك ئەحمەد پێشتر لەوێ حەریکی خوێندن دەبێ.

بە هۆی بەشداری چالاکی دژی حکوومەتی پاشایەتی لەسەر داخوازی کارگێرانی سەفارەت لێی دوڕدونگ دەبن و بە ناچاری ئەوێ بە جێ دێڵێ دەچێتە وڵاتی چیکوسلۆواکی کە ئەو کات یەکێك لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئورووپای ڕۆژهەڵات بوو.

لە چیکوسلۆواکی وێڕای خوێندن، خەریکی کاری سیاسی دەبێ. لە ساڵی ١٣٣١بە بەڵگەی لیسانسی ئابووریی سیاسی دەگەڕێتەوە تاران. ئەو کات هاوکاریی نێوان حیزبی دیمۆکرات و حیزبی توودە زۆر توند و تۆڵ بوو. هەرچەند وەختێك لە کادرێکی شایستە کەڵکیان وەردەگرت و دەیانارده مەهاباد کە ناوەندی تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوو. تا ئەو کات واتە بەهاری ساڵی ١٣٣٢ سێ کەسیان ئاڵوگۆڕ کردبوو، بەڵام کاك سارمەدینی سادق وەزیری کە وەکیلی پایە یەکی دادگوستەری بوو و هاندەری هەموو خوێندکار و خوێندەواران بوو و ئەندامێکی بەوەجی خاوەن قەڵەمی توودە بوو، پێشنیاری کردبوو کە ئەگەر دەنێرن بۆ کوردستان، کوردێکی بۆ بنێرن کە کاری لەدەست بێت و کارامە بێت و بتوانی وڵامدەری هەلومەرجی ئێستا بێ. لەسەر ئەو پێشنیارە د.قاسملوو وەك کادری چاوەدێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان واریدی شاری مەهاباد دەبێ. لە ڕاستیدا هاتنی د.قاسملوو بۆ کوردستان لە لایەك و بۆ خودی دوکتور قاسملوو پڕ بوو لە تەجربە و زانستێکی نوێی کۆمەڵایەتیی چ لە باری ئامووزشیو چ لە باری ڕێکخستن و پێکهێنانی شانە و شانەبەندییەکی زۆر وردو دەقیق و هەروەها دانانی کلاسی سیاسی نەخشی بەرچاوی هەبوو. بۆ یەکەم جار کە کلاسی سیاسی دانا چەند ئەندامی لاوی حیزب بەو ناوانە: عەبدوڵڵا ئیسحاقی، سولەیمان موعینی، قاسم ناوێك کە نامەوێ زەقی کەمەوەو موخلیستان دەگەڵ چەند مامۆستای دەبیرستانی کە بریتی بوون لە: ئاغای عومرانی زادە (ئازەربایجانی، دەبیری زمانی فەرانسە)، محەممەد مەولایی، (دەبیری جوغرافیا)، ئاغای هیراتی و بزورگمەنش (هەردووکیان دەبیری علوومی ئیجتماعی و علوومی تەبیعی بوون). لەو کلاسەدا کە ماوەی مانگ و نیوێکی خایاند لە ماڵی شەهید سولەیمان موعینی بەڕێوەچوو و دوایەش بە وردی تاقیکاریی لەسەر هەمووماں بەجێ گەیاند.

ئەوە یەکەم ئازموونی ئاموزشیی سیاسی بوو لە باوەشی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا کە لە ڕێگەی شەهید د.قاسملووەوە بەڕێوەچوو.

ئاشنایەتیی نزیکی من لەگەڵ دکتور لەوێرا دەستی پێکرد، واتە لە سەرەتاکانی ١٣٣٢. دیارە لەو ماوەیەدا کاك دوکتور بە نەناسراوی و بە ناوی نهێنی لە مەهاباد ژیانی تێپەر کرد. دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٣٢ کە حکوومەتی دوکتور موحەممەدی موسەدیق تێك چوو، چونکە بەشی زۆری کادرە لێهاتووە کانی حیزب یا گیرابوون یا ئاوارەو دەربەدەر ببوون، بە نامەیەك کە بە ناوی موستەعاری شادی ئیمزای کردبوو بۆ منی نووسیبوو کە ڕێکخراوی شار بە هەموو چین و توێژەکانیەوە هەروەها ڕێکخراوی ژنان و لاوان بازسازی بکەم. ئەو کارە بۆ منی لاو کە ئەو کاتە پۆلی ٥ی دەبیرستان بووم زۆر سەخت بوو، بەڵام دەبوو جێبەجێ بکرێ و جێبەجێش کرا. لە بەدواری کار و تێکۆشاندا زیاتر هاوکاریمان هەبوو لەو برگە تایبەتیەی زەماندا. گەرچی تەواو بە نهێنییش دەژیا بەڵام دەبوو جارجار یەکتر ببینین بۆ ئاڵوگۆڕی بیرورا لە لایەکو دانی گوزارش بە بەرپرسی یەکەمی ئەو کاتی حیزب.

لە ساڵی ١٣٣٤ بە دوای ئەوەیدا کە حیزبی توودەش چاپخانەکان و بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە سیاسیو نیزامی ئاشکرا بوو، هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودە تووشی سەرلێشێواوی ببوو و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هەڵەی زیاتریان دەکرد، توانای بڕیاردانی پێویستیان لە دەستدا نەبوو. کاك رەحمان کە ئەو کات دەرەجەی دوکتورای نەبوو و کادرەکانی حیزب هاتنە سەر ئەو باوەرە کۆنفرانسێك بگرن کە ئەو کۆنفرانسە وەك کۆنفرانسی یەکەم لە هاوینی ساڵی ١٣٣٤ لە ناوچەی لاجان بەڕێوەچوو.

لەو کۆنفرانسەدا دوکتور وەك بەرپرسی یەکەم بۆ بەرقەراریی پێوەندی لەگەڵ جەریانە سیاسی‌یەکان دیاری دەکرێ. لە ڕاستیدا یەکێك لە بڕیارەکان لەو کۆنفرانسەدا پاراستنی سەربەخۆیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوو.

لە هاوینی ١٩٧١ لە شاری کۆیە بە بەشداریی ٣٢ کەس کۆنفرانسی سێهەم بەڕێوە دەچێ. لە ٢٤ی ٦ی ١٩٧١ کاك دوکتور بە ئەکسەرییەتی ئارا بۆ یەکەم جار وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێ.

لە ماوەی ئەو چەند کۆنگرەیەدا کە کاك دوکتور وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێ زۆر کارو کردەوەی بەرچاو و گرینگ لە خۆی نیشاندەدا کە دەبێتە ئەسبابی خۆشەویستیی هەرچی زیاتری لە نێو هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیدا.

بە دوای کۆنگرەی سێهەمدا بە تایبەتی لەگەڵ ئەوەی کەسایەتی کاك دوکتور لە کوردستانی عێراقو لە سەرتاسەری عێراقدا بارزتر دەبێ و نەقشی بەرچاویشی لە دەرەوە - بە تایبەتی کە ئەو کات موقیمی وڵاتی فەڕانسە دەبێت - بەرچاو دەبێ، لێرەش ئیعتبارێکی پێویست بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لە نێو کۆڕو کۆمەڵانی خەڵك و هەروەها لە نێو ئەحزابی سیاسیی ئەو کاتدا وەدەست دێنێ.

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە ڕێبەریی د.قاسملوو زۆر زوو وەجهەی خۆی و ئەهمییەتی خۆی و گرینگیی کارو تێکۆشانی نیشان دا. لە ئیبتکارەکانی کاك د.قاسملوو و هاوڕێیانی ئەودەمی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی، ئەوە بوو کە هەندێك ئینسانی شارەزا لە ئوموری کۆمەڵایەتیی ئەو کات و ئومووری تەشکیلاتیی وەك موشاویر دیاری کران. ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە دەرکی مەوقعییەتیان کردبوو کە ئەو کوردستانە پان و بەرینە بەو تیعدادە مەحدوودەی کومیتەی مەرکەزی ئیدارە ناکرێ.

داکوژانی شەڕەکانی داسەپاوی سنە و نەغەدە کە ئێستاش بیرەوەریی یەکجار زۆر تاڵ بۆ میللەتی کورد لەو بوارەدا هەیە بە هیمەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ڕێبەری د.قاسملوو و هەوڵ و تەقەلای ئەوان جێبەجێ کرا.

لەو ماوەدا حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە شێوەیەك خۆی نواند و شەخسییەتی د.قاسملوو بە حەدێك بەرجەستە بوو کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە وەك شەخسییەتی دەرەجە یەکی کوردستان ناسرا و هەر بەو پێیەش بوو کە وەختێك ئەوەڵین حەرەکەتی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە ئێران دەستی پێکرد، د.قاسملوو هەم وەك سکرتێری حیزبی دیمۆکرات و هەم وەك نوێنەری کوردستان دیاری کرا و وەك دەزانین جوزوی کاندیداسەرکەوتووەکان بوو بۆ مەجلیسی خوبرەگان و دەکرێ بڵێین کە یەکەم کورد بوو کە بۆ ئەو مەسئولیەتە هەڵبژێردرا.

بەڵام وەك ئاگادارن شەڕانی بوونی ڕێژیم و نێوچاوان ناپاکی خومەینی و نیەت پیسی ئەو، مەجالی ئەوەی نەدا کە د.قاسملوو بچێتە مەجلسی خوبرەگان و واقعییەتی میللەتی کورد و ئەرزشی خەباتی میللەتی کورد لە ساڵیانی متەمادیدا بۆ میللەتەکانی ئێران بە تێکرا ڕوون بکاتەوە و لەو تریبوونەوە قسە بکات.

تەبعەن ئەگەر چووباش ڕەنگبوو مەترسی‌یەکی گەورەی تێدا بایە چونکە خومەینی لە قسەکانیدا - کە لە ئیفتتاحی مەجلسی خوبرەگاندا کردی گوتی:"بریا ئەویش هاتبا". دیارە کاری تایبەتی پێی بوو، ڕەنگە ئەو تیرۆرەی کە دوایە ئەنجامی گرت هەر ئەو دەمی نەقشەیان کێشابا و پیلانێکیان بۆ ساز کردبا و زەفەریان پێ بردبا.

د.قاسملوو لە بازسازیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا بێ‌هیچ ئەملاو ئەولایەك نەقشی یەکەمی هەبووە. د.قاسملوو، ئینسانێکی لە خۆبردوو، لە ماڵ بردوو و لە ژیان گوزەراو بوو. ئێستاشی لەگەڵ بێ ماڵ و منداڵی د.قاسملوو لە هەندەران هەر بە حەقیقەت بێ سەرپەرەستن. ئەوە کاری هەموو کەس نیە و بە هەموو کەس ناکرێ. مەوقعییەتی دانیشگاهی، مەوقعییەتی عیلمیی خۆی، بەڵام هەمووی ئەوانە بۆ د.قاسملوو پووشێکی ئەرزش نەبوو، لە بەرامبەر سەعادەت و سەرکەوتنی میللەتەکەی‌داو بەڕێوەبردنی حیزبەکەی‌دا.

زۆر بە ڕاشکاوی عەرزی هاوڕێیان و خۆشەویستان دەکەم: بەڕاستی ئەگەر شەخسی د.قاسملوو نەبایە بە ئیحتمالی زۆر لە موقابیلی هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی دوژمندا، ڕەنگ بوو شەری مقاومەت و شەڕی خۆراگریمان وەك شەڕی سێ مانگە دەس پێنەکردبا. د.قاسملوو لە دەسپێکردنی ئەو مقاومەت و خۆراگری‌یەدا نەقشی بێئەملاوئەولای هەبوو.


لە باری نەرمش و ئینعتافەوە ،زۆرمان دەمانزانی - ڕەنگە بۆ خۆیشی هەستی پێکردبێ - کە وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئەو هەموو ژێست نیشاندانە مەزلۆمانەی خومەینی کە دەپاڕاوە و دەیگوت "وەرن با ڕێککەوین "، هەمووی درۆو دەلەسەیە، بەڵام لەو جێگەوە کە دەیزانی ئەهەمییەتی سیاسیی بۆ میللەتەکەمان هەیە لە کۆبونەوەیەکدا قەرارماندا کە بە جیدی لە گەڵیاندا واریدی وتوویژ بین و لەو مەرحەلەی وتوویژیشدا کە کاك د.قاسملوو وەکوو وتەبێژی هەیئەتی کوردستان لە گەڵ بەرپرسانی ڕژیم قسەی دەکرد بە هیچ شێوەیەك حازر نەبوو لە حەقی میللەتی کورد سەرفی نەزەر بکات، و بەجیددی هەوڵی دا تەنانەت بۆخۆشی ئیکتفای بەوە نەکردو لە قانوون زانێکی وەکوو سارمەدینی سادق وەزیری کە لە تاران دەژیا دەعوەتی کرد بۆ تەنزیمی لایحەی ٢٦ماددەیی داخوازیی کوردان لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی، کار بکات.

دوکتور قاسملوو بۆی گرینگ بوو کە لە کارناسێکی کە تەخەسوسی تایبەتی هەیە کەڵك وەرگرێ، هەر بۆیەش "فوق العادە" گرینگیی دەدا بەکاری تەخەسوسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

قاسملوو ئینسانێکی نەترسو کۆڵنەدەر بوو، پێداگر بوو لەسەر بۆچوونە ڕەواکانی خۆی دیارە ئەوە بەو مانایە نەبوو کە تەجەسومێکی مەلەکوتی لە د.قاسملوو ساز کەین، پێمان وانەبێ د.قاسملوو قەت هەڵەی نەبووە. ئەوانەی کە وا بیر دەکەنەوە - بە نەزەری من - ئێستاش ڕووحی د.قاسملوو ئازار دەدەن. ئەوانەی کە هەموو شوجاعەتو لێهاتوویی‌و زانایی د.قاسملوو نەدیدە دەگرن، لە یەکێك لە بۆچوونەکانی، زانستەکانو تەعلیماتەکانی کەڵك وەرناگرن، بەڵام کردوویانەتە سفرەی حەزرەتی سولەیمانو هەر ڕۆژەی غەزایەکو میوەیەکی لێ‌دەخۆن، ئەوە فریودانی خەڵکە ئەوە ئیغفاڵ کردنی خەڵکەو لە عەینی حاڵدا بە بڕوای من بێحورمەتی کردنیشە بە شەخسی د.قاسملوو.

بە کورتی دەتوانین بڵێین د.قاسملوو نموونەیەکی زیندوو لە خاباتگێرێکی ماندوویی نەناسی کوردو ڕێبەرێکی بێوێنەی کورد بوو. د. قاسملوو کەسێکە کە هەتا هەتایە نەتەوەی کورد شانازیی پێوە دەکاو لە شەهیدبوونی دا بێگومان کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان داغدار بوونو بێگومان ڕۆژێك بەرپرسانی دەرەجەیەکی کۆماری ئیسلامی، کە بێ‌هیچ ئەملاو ئەولایەك لە ژێر دەستووری ئەواندا ئەو جینایەتە گەورەیە بەرێوە چوو - وەك جینایەتەکانی دیکەیان - دێنە ژێر پرسیارو بەسزای خۆیان دەگەن.

بەهیوای ئەو ڕۆژە






# ژوان و پێک گەیشتنی ئەبەدی

کازیوه

لە گەڵ تۆمە
تۆ کە هەموو رۆژێ دێی و
لە شینایی باڵای ئاسمان و بەحرەکان
تەقەڵی گوڵی سەر پەنجەی دارسێوی
مرادخانیم بۆ لە باڵای دڵ دەدرووی‌و
بۆ سەر کورسیی زاوایەتیم
چەپکێ بۆنی رێحانەو گوڵ لە جانتای شیبا
دەردێنێ
لە سەر کورسیلەی بەردەمم
رووبارێ دەکەی بە ئاوێنە و
شەم لە سەر سینەی بەیانی ئاگر دەدەی
لەو لاشەوە دەریا دێنی
لە ئامێزی شووشێکی گەردن باریك دا
حەپسی دەکەی،
وێڵە رۆحی منیش دەکەی بە ماسی ناو دڵی
دەریاو
ئامێزی بەژن باریکێ
لە سەر هێڵی تاری بەیان
خۆشم دەکەی بە مەشخەڵی ناو دەستی ئاوات

وبریا
لە گوێن گەواڵی هەوری پڕ
بە سەر پێدەشتی قاقڕی بریاکان دا
دەمرژێنێ
هەتا وەك رێژنە بارانە
تینوێتی باخی نەمامی تاسەکانم پێ‌بشکێنێ
تۆ کە هاتی وەکو کانی هێزی هەنگاوم هەڵدەقوڵێنی
دەبم بە ژیندەری ناخ و
بە سەر دار و بەردی ژین دا
بە قەڵبەزە دێمە خوارێ
ناوەستم و
کەچی بێ تۆ........
لە ژێر تاقی ئاسمانی شەوپۆشی کرِدا
وەکو شەمی سەر گۆڕی شەهیدی پیرۆز
بە سەر بەژنی ئەوینی بێ دوایی دا دەتوێمەوە
***
لە گەڵ تۆمە
تۆ کە هەموو شەوێ دێیو
چاوی تۆزێ لە گەردن ئاڵاوی رێگا
بەسە هاتی ماندووبونت

بۆ ترپەی گەڵاکانی سە پەنجە داری ناو حەوشەمان
دەچرپێتەوە و
لێوت بۆنی پەپولەی بزەی سەر لێوی
منالانی ناو گەرِك و
دایك و کیژانی بەر دەرگای حەوشەکانی شاری لێ دێ و
پەنجەکانت
هەگبەیەکی لێواولێوی تیشکی خۆریان لە کۆڵ ناوە
بۆ باوەشی بووکی بەیان
***
لە گەڵ تۆمە......
تۆ کە هەموو شەوێ دێیو
لە بەر دەلاقەی هۆدەی سرِم
بۆن لە بسك و
تریفەی مانگ و ئەستێرەی نەشمیلی شۆخ و شەنگ
دەکەی
گرشەگرشی ئەم ووناکی یە بۆ کوێ دەبەی؟
تۆ کە هەموو شەوێ دێیو
شیبا لە ناو جامخانەکەی دڵی پرِت
خەمێ دەکا بە گوارەی گوێی رِانە هەورێکی گەرِۆك و
رەشە بایەك
شیبا دێی و هیچ لە خەمی لەلا نەهێشتی
دڵنیابە تۆ هیوامی
تۆ کە هاتی بە تەنیا نی
خۆ ئەم دارچنارەش
گۆرانی شیتاڵ، شیتاڵی دار و بەردی بەژنی خۆی و
ترپەی سووتانی نەمام و
دار چناری ناو گەرِەك و
ناو حەوشەکەی سەدان ساڵەی دوێنێت لەگەڵ دەچرپێتەوە
بە تەنیا نی و......
سروە بسکت بۆ دادێنێ
پەنجەی تریفەی شۆخ و شەنگ
بەتەقەڵی بیرەوەری باڵای یارت بۆلە بەژنی ئاسمانی
دەدروێ
بە تەنیا نی و.....
کانی لە گەڵ هەنگاوی تۆ دەستەملانە
رووبار پرِە لە بەژنی تۆ ....و
تۆ لە بەژنی ئەو دادەدرِی

بە تەنیا نی و
کاتێ کە دێی
ژین دەماری دار گوێزێکە و....دەرِوێتەوە
تاسە پەنجەی فریزووەو
مێرگی هەموو زامەکانم دەگرێتەوە
تۆ کە هاتی
بۆ ئاسمانی شەوی شێعرم گرشەی رووحی
تۆ نەبی کەس
بۆن لە بسکی شەهیدی گۆنا مێلاقی شێعرم ناکا
تۆ نەبی کەس
سەیری سەما و خورِەی ئاو هەڵدێری وشەی
کوێستانی هەستی دڵ ناکا
کە تۆ هاتی ...
دڵنیامە بەیەکەوە رووبارێکین
بەرەو دەریای دڵی سەوزی پێك گەیشتن
رێپێوانی دلۆپی ئاواتەکانمان ساز دەدەین و
هەروا دەرِۆین
ناوەستین و رۆژێ دەگا
تۆفان دەبێ بە کەژاوە و
بەرەو ئامێزی رووناکی سەفەر دەکەین
ئاسمانیش دەبێ بە دیوار هەتا ئێمە پاڵی وێ دەین
ئەویش دێ تا
لە ژێر تەوژمی هەنگاومان سەری کرِنۆش دابنوێنێ
دڵنیامە پێك دەگەین و .....
وەکوو گزینگ بۆن لە بسکی لووتکەی خاکی پیرۆز
دەکەین
وەکوو دارێك
بۆ هەڵێنانی دوو چاوی یەکەم کۆرپەی ئاواتەکان جێژن
دەگرین
ئەی ئاسمانی ئەویندار و بێ کۆتایی...
بۆ لەگەڵ یەك مردنیش بێ پێك دەگەین و
لە ئامێزی ژوانی گۆرِێکی تاریك دا
بۆن بە بسکی خاو و
ماچی گۆنای تاسەی بریاکانمان دەکەین
دڵنیامە دێ پێك بگەین ،
دێ پێك بگەین.


# رۆژێك گوێ رادێره



سەحەر محەممەدی

یەکێك لە رۆژەکانت بە شێوەیەکی نوێ تاقی بکەرەوە رۆژێك تەرخان بکە تەنها بۆ گوێ راداشتن بە ئاخافتنەکانی هەموو ئەو کەسانەی لەو رۆژەدا. چاوت پێیان دەکەوێ. ئەم تاقی کردنەوەیە لەوانەیە زۆر شتت تێدا بگۆرِێ لە بیر کردنی کاری گوێ رادێریی ئاسانە چونکە لە کۆمەڵگای ئێمە لە راستیدا گوێ راداشتن بۆتە هونەرێکی مردوو. هەرکاتێ گوێ بۆ ئاخاوتنەکانی کەسێك شل بکەین لە راستیدا ئەوە دەسەلمێنین کە بایەخ بە کەسی بەرامبەرمان دەدین کە خەریکی قسە کردنە بۆمان، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەومان خۆش دەوێت وای لێدەکات هەستێکی باشی تێدا بەدی بێ. ئەندامانی خێزانت قسەی زۆریان هەیە بۆ گوتن. بۆیە دەبێ تۆش کاتێکی باشت تەرخان کردبێ بۆ گوێ شل کردن. هەموو ئەوانەی بەشداری لە ئاخافتنەکاندا دەکەن هەستێکی باشیان لە لا دروست دەبێ ئەو کەسانەی گوێ بۆ ئاخاوتنەکانیان رادەگیرێ هەست بە بەها و رێز دەکەن. تۆش ئەوسا هەست بە باشییەك - دەکەیت لە دەروونتدا. ئەمەش دەبێتە هۆی درووست بوونی برِوا بە خۆبوونێکی زیاترت هەر بۆیە ئێمە کەسانی تریش هان دەدەین نرخ و رێزی خۆیان بزانن و هەر وەها بە گوێ راداشتن بۆ ئاخاوتنی خەڵکانی تر ئێمە شتی زیاتر لە بارەی خۆمانەوە فێر دەبین لەوانەیە ئارەزووی ئەوەت لا پەیدا بێ کە رۆژی ئاوها کە تەرخانت کرد بۆ گوێ راداشتن دیسان دووبارەی کەیتەوە.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی "لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە" لە نووسینی برایم چوکەڵی لە دوو توێی ٢٩٦ لاپەرِەدا چاپ و بڵاو بووە. ئەم کتێبە بەشێکە لە بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیی نووسەر. زمانی کتێبەکە زمانێکی پاراوو رِەوانەو دیمەنەکان ئەوەندە زیندوون کە خوێنەر هەست دەکا لە نێو چەقی رووداوەکاندایە. لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا بە دڵ چرپە و سرتەی پێشمەرگەو رێبوارانی شەو دەبیسرێ، گوێت لە پرخەی خەوی شیرینی دوای رێپێوانێکی دوور و درێژیان دەبێ کە لە سەر کانیاوێك و لە بن سێبەری داران کیسە خەویان لێ بە عەرز دادەداو و خەریکی پشوودانن. لە گەرمەی شەرِییش دا وێرِای بیستنی دەنگی تفەنگ و گرمەی تۆپ، دیسانیش هەست بە ورەی بەرزی پێشمەرگە دەکەی. بە گشتی ریتمی ژیان لەم کتێبەدا خوێنەر پەلکێش دەکاو هەتا دوایین دێرەکان ناهێڵێ پشوو بدا. قەزاوەتی داهاتوو بە خوێنەر دەسپێرین.

# تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەلات لە کوردسات تی ڤی




تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەلات بە سەرپەرشتیاری و راهێنەری فەردین سادقی لە سەر بانگهێشتی کەناڵی ئاسمانی "کوردسات" بە بۆنەی سەری ساڵی زایینیەوە لە دوو بەرنامەی رێکوپێکدا چەند برِگەیەکی هەڵپەرکێی پێشکەش کرد. ئەم هەڵپەرکێیە کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە و سەرنج راکێش پێشکەش کرا هەڵگری پەیامی رەسەنایەتیی کولتووری کوردەواری بوو. لە هەر کام لە برِگەکاندا ریتمی حەماسە و ژیان و خۆشەویستی و پەیامی شۆرش و بەرخۆدان، تێکەڵاوی هارمۆینی رەنگی جلوبەرگی ئەندامانی تیپی هەڵپەرکێ، بینەرانیان بەرەو ئاسۆی روونی ژیان بانگهێشت کرد. ئەم تیپە کە سەر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانە ماوەی ٥ساڵە خەریکی چالاکی نواندنە.

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

ن: حسین یەعقووبی

و: سمایل زارعی

## گرفتەکانی وەرگێڕان وەك ئامرازێك بۆ پێوەندیی جیهانی

### بەشی دوازدوهەم

**وەرگێڕانی ئامرازی(ماشێنی)، ئاسۆی روون لە جیهانی وەرگێڕان دا**

لە راستی دا گرفتی سەرەکی، دۆخ و وێناکردنی تیۆرییەکی زمانی کامڵ و پۆخت بۆ کامپیوتێر بوو بۆ ئەوەی لە رێگای ئەوەوە بکرێ وردەکاری و خاڵەکانی لە وەرگێڕانەکەی دا لە بەرچاو بگرێ. یەکەمین دەزگاکانی وەرگێڕان زۆرتر وەك فەرهەنگێکی دوو زمانە کاریان دەکرد تا دەزگایەکی وەرگێڕانی راستەقینە. بەرهەمی کاری ئەوانە لە سەرەتاییترین جۆری وەرگێڕان و لە ئاستی وەرگێڕانی وشەیی دا بوو. دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیە، ئێستا دەرکەوتووە کە بۆچی لێڕوانینەکانی یەکەمین ولامی لەبارو گونجاوی نەداوەتەوە، ئەوان گرفتی رەهەندی رێزمانی راڤەی زمانیان لە بەر چاو نەگرتبوو. هەروەها سەبارەت بە جیاوازی ئاستەکانی رێکخستنی مێتۆدیك و ئەفراندنی هاوتایەکی هاوشێوەی نێوان یەکەکانی دەستووری وەك پیتێك پێناسەیەکی کورتیان بۆ کردبوو. داهێنەرانی ئەم جۆرە سیستمانە هەروەها بە گوێ نەدان و کەمتەرخەمییەوە بە تەنیشت شێوەگەلێکی جۆاوجۆردا تێپەڕیبوون کە لەودا ستراکتۆری زمان واتادارن. لە بواری واتاناسیشەوە، هێزی جیاوازی پێویست بۆ بەرزتر نرخاندنی واتا جۆراوجۆرەکانی وشەیەك یا شێوەگەلێك بۆ دیاریکردنی ئامادەبوونی بە کۆمەڵ لە وشەکاندا وەك واتا و دەستەواژەیەك لە بەرچاو نەگیردرابوو.

روون و ئاشکرایە دەکرێ زۆرێك لە نارووونییەکان تەنیا بە هۆی راڤەی واتایی و یان بە پشت بەستن بە زانستی دەرەوەیی زمان و جیهانی وڵام بدرێنەوە و ئاساییە دابین کردنی دەسەڵات و هێزێکی راڤەکردن بۆ کۆمپیوتێر لەو کاتدا کارێکی نالواو و ئەستەم بوو. لە راستی دا بە پێچەوانەی بۆچوونی ڤێیەر، دەزگای وەرگێڕان ئەرکێکی بانتر لە دەزگایەکی رەمز شکێنی "ئەنیگما" هەیە.

سەرەنجام دوای تێکشکانە پەیتا پەیتاکانی وەرگێڕانی ماشینی، لێژنەیەك لە لایەن وڵاتی ئەمریکاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر داهاتووی وەرگێڕانی ماشێنی و ئاستی پڕاکتیزەبوونی ئەم ئایدیایە دانرا. راپۆڕتی لێژنەی لێکۆڵەر لە زمانی خودکاری ئەمریکا "ALPAC" لە ساڵی ١٩٦٦، زۆر نێگەتیڤ و ناهومێدی هێنەر بوو. لەم راپۆڕتەدا ئەو ئەنجامە وەرگیراوە کە وەرگێڕانی مرۆڤ خێراتر، وردتر و هەرزانترە لە وەرگێڕانی دەزگایی(ئامرازی) و تەرخان کردنی بودجە و خەرجی و وزەی زۆرتر بۆ پڕاکتیزەکردنی پڕۆژەیەکی ئەوتۆ بێ سوود و زۆر گرانە لە چاو درووستبوونی بەرچاوی لە دەست دانی کات و دراو. بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتە بوو بە هۆی ئەوە کە بۆ ماوەی دە ساڵ پڕۆژەی وەرگێڕانی دەزگایی(ئامرازیی) لە ئەمریکا و ئەورووپادا (هەڵبەت جگە لە یەکێتی سۆڤییەت) پشت گوێ بخرێ. بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتادا، دوای دۆزینەوەیەکی تازە لە بواری زانستی کۆمپیوتێری و خستنەرووی بیرو بۆچوونگەلی نوێ لە بواری زمانناسیدا (دەستووری هەمەکیگرتنی بەرهەمهێنانی چۆمسکی) (دستووری زایشی گشتاری چامسکی) جارێکی دیکە پڕۆژەی وەرگێڕانی دەزگایی کەوتە ناو خانەی کاری لێکۆڵەڕان و زانایان و بە واتایەکی باشتر بازنەی کاری وڵاتانی جیهانەوە. لێکۆڵینەوەگەلێکی سەر سووڕهێنەری زانایان لە بواری هۆش و هزری دەستکرددا و خستنە رووی تیۆرییگەلێکی تیۆریکی لەمەڕ سرووشت و پێکهاتەی دەروونی زمان بووە هۆی ئەوە کە پێداچوونەوەیەکی دووبارەی گشتی لە لێڕوانینیدا بۆ درووستکردنی ئامراز و دەزگاکانی وەرگێڕان ئەنجام بدرێ.

یەکەمین هەنگاوەکان لە رێگای بەرهەمهێنانی ئەم مەبەستە بە دانانی زانیاریگەلێکی ئۆتۆماتیك بۆ تێکشاندنی ستراکتۆری رێزمانی رستەکان بە یەکەگەلێکی بچووکتر و دابینکردنی راڤەیەك لە پێکهاتەی وشە دابین کرا. لە بواری پێکهاتەی وشەوە پێویست بوو کۆمپیوتێر هێزێکی راڤەیی و لێکدانەوەیی بۆ پۆلێنەکردنی وشەکان بە تێکسمراوترین شێوەی گونجاو لە بیر و ئاوەزی وشەیی هەبێ. بۆ وێنە دەبوو کۆمپیوتێر توانیبای s لە خوارەوەی Cats لە دەقێك هەڵگرێ بۆ ئەوەی دیاری بکات کە ئەم وشەیە کۆی Catە نەك سەرچاوەی وشەیەکی جیاواز و هەڵاوارتە. هەڵبەت ئەم پرسە بۆ زمانی ئینگلیزی کێشەیەکی هێندە بەرچاو و گرینگ نیە چونکە ئەم s ەی کۆ جگە لە چەند ناوازەییەك هێمای کۆیە بۆ گشت وشەکانی ناو لە ئینگلیزیدا. بەڵام ئەوە لەبەرچاو بگرن لە گەلێك زمانی وەك فارسیدا کە زیاتر لە یەك هێمای کۆیان هەیە و یان هێندێك زمانی کۆن و گەڕاوە کە لێك هەڵاوارتنی هێمای کۆ لە وشە، بۆ هۆشی دەستکرد دیاردەیەکی نەگونجاوە، ئەو شتە پڕاکتیزە نابێ. هەوڵەکانی دواتر لە راستای بەهێزکردنی توانایی لێکدانەوە و سەرقاڵبوونی واتاییدا ئەنجام درا. کەڵك وەرگرتن لە تێکنیکەکانی هۆشی دەستکرد بۆ وێکچوون لە سیستمەکانی سەرقاڵبوونی واتایی کۆمپیوتێر بە زەین و بیری مرۆڤەوە نموونەی ئەو هەولانە بوو. پێیان وابوو کە ئەگەر سەرچاوە و زانیاری پێویست لە بواری واتای وشەکان و پێکهاتەی رستەوە بە کۆمپیوتێر بدرێ، کۆمپیوتێر دەتوانێ رستە ناروونەکان راڤە و شی بکاتەوە.

بەڕوواڵەت ئەم پرسە شتێکی روون و ئاشکرا بوو، بەڵام لە کردەوەی نووسیندا پڕۆگرامێك کە بتوانێ کۆمپیوتێر بە زانستناسی لە جیهان و زانستی واتاناسی تەیار بکا کارێکی ئەستەم و چەتوون بوو. هەربۆیە بیرۆکە و ئایدیای کەڵك وەرگرتن لە سیستمگەلی پێك تەبا (تعاملی) هاتە گۆڕێ. لەم شێوەیەدا هۆشی مرۆڤ دەقی وەرگێڕدراوی کۆمپیوتێر راست دەکاتەوە (دوا پێداچوونەوە Post – edaiting) یان ئەوەی کە بەر لە دەستپێکردنی کاری وەرگێڕان لە لایەن کۆمپیوتێرەوە، دەست لە دەق وەردەدا بۆ ئەوەی بە پێی توانایی و لێهاتوویەکانی دەزگای وەرگێڕان بێ. بە واتایەکی دیکە زمانێکی سرووشتی لە سەر بنەمای دەرەتانگەلی هۆش یا لۆگۆ (مێمۆری) دەستکرد دووبارە دەنووسرێتەوە (پێش پێداچوونەوە Pre – editing). شێوەی دووهەم هەڵبەت تەنیا لە هەلومەرجێکی بەرتەسك و دیاریکراودا (وەك کاکڵەنووسی بابەتگەلی زانستی) دا کەڵکی هەیە چونکە بۆ دابین کردنی لە دەروون دانانی پێویستی بە کۆمپیوتێری پێویستی بە کات و وزەیەکی زۆرە بەڵام لە نموونەگەلی بەرتەسکی ئەنجام دراودا گەلێك وەرگێڕانی سەرکەوتوو ئەنجام دراوە. لە شێوەی دوا پێداچوونەوەدا کە وەرگێڕانی کاڵ و کرچی دەزگا بە شێوەی دەقێکی دوور لە هەڵە و نادرووستی دادەڕێژرێ لە گەڵ پرۆسەیەکی کات هەڵگر و ماندووکەر رووبەڕووین. چونکە وەرگێڕی مرۆڤ دەبێ سەرلەنوێ دەقی بنەڕەتی لە گەڵ وەرگێڕانی دەزگایی(ماشینی) هەڵسەنگێنێ بۆ ئەوەی هەموو جۆرە هەڵە و نادرووستی چارەسەر بکا.

**تایبەتمەندی وەرگێڕانی ئامرازی(ماشێنی) لە بەرامبەر وەرگێڕانی مرۆڤی دا**

ـــ زانیاریگەلێك کە لە مێشکی دەزگای وەرگێڕاندا سەیڤ بووە هەموویان لەو یەکەیەدا و بە دەرەتانێکی یەکسان لە بەردەستدان لە حاڵێکدا زانیارییە ـ سەیڤ بووەکانی مێشکی مرۆڤ روونی و ئاشکراییەکی یەکسانیان نیە: ئێمە تووشی فەرامۆشی دەبین، تووشی شك و گومان دەبین، بۆ گەڕاندنەوەی ـ بەشێك شتی لاوەکی دەبێ هەوڵ بدەین و گەلێك گرفتی پێوەندیداری دیکە بە مێشکەوە کە ئەزموونمان کردوون.

ـ خێرایی دەزگا یا ئامرازی وەرگێڕان زۆر لە مێشکی مرۆڤ زیاترە چونکە خێرایی ئەو هاوتایە بە خێرایی بزواتی ئەلێکترۆنەکانە کە خێراییەکەیان لە گەڵ خێرایی تیشك یەکسانە و نزیك بە ٣٠٠ هەزار کیلۆمەترە لە چرکەیەك دا. لە حاڵێك دا خێرایی شەپۆلەکانی مێشك کە لە ئۆرگانیزمی ناوەندی ئەعسابدایە ئەوپەڕەی ١٢٠ میترە لە چرکەیەك دا.

ـ ئامرازی وەرگێڕان دەتوانێ بە بێ هەست بە ماندوویی کردن ٢٤ کاتژمێر(شەو و رۆژێك) بێ پشوودان بەردەوام کردەوەی میکانیکی ئەنجام بدا لە

ـ حاڵێکدا دووپاتبوونەوەی بوارێکی کردەوەیی یەکسان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ جەستە و رۆحی مرۆڤ تووشی ماندوویی و جاڕز بوون دەکا.


---

# دیمانە لەگەڵ ئەمین گەردیگلانی

## من لایەنگری پەیامو وێنەم لە شێعرداو

## دەقی بێ پەیامو وێنە بە کۆمەڵێ وشەی مردوو دەزانم

*ئامادەکردنی: جەماڵ نەجاڕی*



**پ: ئێوە خۆتان دوو قۆناغی کلاسیكو نوێتان لە شێعردا تەجروبە کردووە. هەروەك ئاگادارن هێندێك شێوازیتر لە ناو شێعری ئەمڕۆدا هاتوونە ئارا، وەك شێعری سپیو شەپۆلی نوێو .... کە لە ناو کۆمەڵگادا بە تایبەت لاوان جێی کردۆتەوە، رای ئێوە چیەو چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

و: هەر وەك عەرزم کردن شێعر دەبێ شێعر بێو جەوهەرو رۆحی شێعری تێدا بێ، فۆرمو تێکدانی زمانو قەوارە شێعری ئەمڕۆ دروست ناکا. دەمەوێ لە نووسەری ئەو قسە بێ سەرەوبەرانە بپرسم ئەوەی دەینووسن خۆشتان نازانن چیە، بۆ ناوی شێعری لێدەنێن؟ ئێوە کە توانیوتانە ئەو مەرزە بپەڕێننو بە قەولی خۆتان شۆڕشی زمانو شێعریتان هەڵگێرساندوە بۆ ئەو توانایییەتان نیە بۆ ئەو نووسرانە ناوێکی نوێ بدۆزنەوەو لا لە شێعری بێچارە لادەن؟

**تا چاپی کتێبی دووهەمتان چوار ساڵی خایاند. تکایە بفەرموون جیاوازی شەوەژانی ئەستێرەیەك لەگەڵ تاپۆی وەرزێکی سەوز لە چ دایەو تا چ رادەیەك شەوەژانی ئەستێرەیەك توانیویەتی خۆی لە شێعری ئەمڕۆی کورد نزیك بکاتەوە؟**

رەنگە دژوار بێ پیاو شێعری خۆی هەڵبسەنگێنێ. بۆیە پێم خۆش بوو خاوەن رایان ئەو کارە بکەن. بەڵام بە داخەوە رەخنەگرەکانمان بەو بێدەنگ بوونو ئاوڕ نەدانەوەیە لە کتێبەکان بوونەتە هۆی ئەوەی رادەی زۆریو بۆریی کتێب زۆر بێ. کاتێ تاپۆی وەرزێکی سەوزم بڵاو کردەوە لەگەڵ پێشوازییەکی زۆر گەرم بەرەو روو بوو. جا نازانم هۆی وەرگرتنی ئەو کتێبەو پێشوازی لێکردنەکەی چی بوو؟! ئایا سادە بوونی؟ عاشقانەو لاوانە بوونی بوو؟ یان هۆی ئەوە بوو تیشکی غەزەلی نوێو ئەمڕۆیی تێدا بەدی دەکرا؟ بە قەولی بەرێزێك کە وتارێکی لە سەر ئەو کتێبە نووسیبوو کە سەردێری وتارەکەی ئەم رستەیە بوو: (تاپۆی وەرزێکیسەوز، پێشەنگی غەزەلی نوێ). بەڵام کاتێ شەوەژانی ئەستێرەیەك بڵاوبۆوە ئەو پێشوازییەی لێنەکرا. ئەگەرچی بە رای خۆمو کەسانی دیکەش شێعرەکانی شەوەژانی ئەستێرەیەك لە شێعری تاپۆی وەرزێکی سەوز ئەمڕۆییترن. تا ئێستا زۆر کەسیش ـ خوێندنەوەی ئاسایی ـ رایان وابووە کە شێعرەکانی شەوەژانی ئەستێرەیەك قورسنو کەس لێی حاڵی نابێ. بەڵام پێم وایە حاڵی نەبوونو خراپ تێگەیشتن لە شێعر خەتای شاعیرەکەی نیە. هەروەك لە پێشدا عەرزم کردن من هیچ

*بەشی دووهەم و کۆتایی*

کات لایەنگری شێعری بێمانا نیمو ناشبم. ناشتوانم شێعر بۆ خوێنەرەکانم هەڵلاجی بکەمو پارووی چەورو نەرمیان بە دەمەوە بکەم. با خۆیان کەمووسکەیەك خۆیان ماندوو کەنو لێی حاڵی بن. من شێعر دەنووسمو پێم وایە کاتی ئەوەش هاتوە بۆ کڕینەوەی ئابڕووی شێعری کێشو سەروادار ـ هەر شێعرێ وەزنو قافیەی بێ بە کلاسیکی نازانم ـ هۆنینەوەی نەزم لە شێعر جیابکرێتەوە. ئەگەر هەر کەلامێك کە کێشو سەروای بوو شێعر بێ، دەبێ گۆرانیبێژەکانی شاییگێڕ لە سەرووی "نالی" ـ شەوە دانێیو عەلی خەندانو سمایل سەردەشتی گوڵی مەجلیس بن!!

**پ: کێشەی زمان لە شێعری ئەمڕۆدا بە لای ئێوەوە چەند گرینگە؟ ئایا بۆ خولقانی یەك بەرهەمی نوێ واتا ئەمڕۆیی بونی بەرهەم تا چەندە دەبێ کار لە زمان بکێشرێ؟**

و: هەر زمانێك کە لە گەرووی شێعرەوە هەناسە نەکێشێ زمانێکی وشكو رەقوتەقەو هیچکات گەشانەوەو لقو پۆپ هاویشتن بە خۆیەوە نابینێ. بەڵام شێعر دەبێ هەست بەو ئەرکە بکات کە زمان زیندوو رابگرێو بیگەشێنێتەوە.

زمان درەختێکە کە وشە لقو گەڵاکانێتیو شێعر دەبێ خۆی بداتە بەر تەواوی سێبەرەکەیو ئەگەر گەڵاو لقە خوارەکانی بقرتێنی دارەکە نیوە رووتەڵ دەبێو سێبەرە چڕوپڕەکەی نامێنێ.

کەوابوو زمان بە وشەی ناحەزو جوانەوە زمانەو شێعریش نابێ لە هیچ وشەیەك بپرینگێتەوە. کاتێ وشەیەك بەسەر زاری خەڵکەوەیەو لە کاروباری رۆژانەو ژیانیان دا دەورەی هەیە، بەشێك لە داری زمانەو دەتوانێ لە شێعریش دا موتوربە بکرێتو گەشە بکات. هەر شتێك کە لەجێگای خۆی دا بمێنێتەوەو جوولە نەکات بۆگەن دەبێو هەلاهەلا. کەوابوو زمانو شێعر پێکەوە تێکەلاوێکی ئەبەدینو بە بێ یەکتری ناژین.

هێندێ شاعیر هەن بە ناوی زمان شکێنیو کار لە زمان کێشان بەلایەکیان بەسەر زمان هێناوە با بە دەواری شڕی نەکردوە. کە بەداخەوە ئەو تاقمە خراپ لە تازەبوونەوەو کارکردن بە زمان حاڵینو ئەو رێگەی گرتوویانەتە بەر بۆ تورکستانە. چونکە زمان بە دەستوورو رێزمانەوە زمانە، ئەگەر لەوە ترازا هیچەو هیچ. هیچیش هیچی پێناکرێ. وشە لەگەڵ هەموو زمانێك ئاوێتەو ئاوەکی دەبنو تێکهەڵدەشێلرێن. کەم وایە زمانێك بتوانێ تا هەتایە دەست بەسەر وشەیەك دابگرێو بڵێ ملکی هەتایی هەتاییمە. وشە باڵدارەو لەوانەیە گوێسوانی هەموو زمانێك بکاتە هێلانە. کەوابوو ئەوە رێزمانە رازی زیندوو بوونی زمانیلە ناخ دایە. ئەوانەی زمانو رێزمان دەشکێنن سەر لە خەڵك رستەو وشە دەشێوێنن. خۆرەی زمانن. دەبێ بەربەرەکانییان لەگەڵ بکرێو نەهێڵن کانیاوی روونو زوڵاڵی زمان لێڵو لیخن بکەن. چونکە زمان شکاندنو کایە کردن بە زمان ئەوە نیە وا ئەوان دەیکەن. ئەوکارەی ئەوان دەیکەنو بە هونەری دەزاننو بە خەیاڵ رۆشنبیرانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن ئەوە نیە. جلەو کەڵەی بێستانە ئەو کارەی ئەوان. خۆزگە شاعیرەکانمان بەرپرسانە هەنگاویان هەڵێنایەتەوە. پارێزەری زمانە دەستەبەرەکەمان بوایەن، نەك رووخێنەری. زۆربەی لاوەکانیش بێئەزموونانە هەڵدەکوتنە سەر ئەو جۆرە نووسراوانەو هیچ دەلیلو بەڵگەیەکیان نیە بۆ ئەو کارەیان. رەنگە ئەو جۆرە نووسینە بە ئاسان بزانن بەڵام دەبێ بزانن خانوبەرەی بیخەندەكو بناغە زوو دەرووخێ. دەبێ بزانن ئێمە هێشتا زۆربەی خەڵکەکەمان خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردی نازانن. ئایا بە دەرخواردانی ئەو زمانە شکاو و لەقو لۆرە چەواش نابن؟! وشەی جۆراوجۆر وشەی غەوارە هەرچەند زۆریش بێتە نێو زمانەوە، زەبر لە زمان ناداو بەڵکوو دەوڵەمەندیشی دەکا. ئەوەی خۆرەو ئافەتی زمانە، لەبەرچاو نەگرتنی رێزمانی راستەقینەی یەکگرتووە؟

**پ: وەك دەزانین ئێوە کاری چیرۆكو وەرگێڕانیش دەکەن. بفەرموون چۆن دەڕواننە ئەم دوو بەشە واتە چیرۆكو وەرگێڕان لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا؟**

و: تەمەنی گشتیی گیربونی چیرۆكو ئاوڕلێ دانەوەی لەلایەن لاوانەوە رەنگە زۆر کەم بێ. هەڵبەت من مەبەستم کوردستانی ئێرانە. چەند ساڵێکە چەند قەڵەمی جیددیو بەکار هاتوونەتە مەیدانەوە زۆر جوانو ئەمڕۆیی دەنووسن. هەر بۆیە ئاسۆیەکی رووناك بۆ چیرۆکی کوردی چاوەڕوان دەکرێو بەو چەند ئەزموونەی رابردوو ئێستاوە دەتوانم بڵێم کاری زۆر بەر چاوو سەرکەوتوانە کراوەو بەو پێیە ئەگەر بڕواتە پێشێو بەرهەمە کوردییەکان بکرێنە زمانی دیکەی جیهانو بڵاو بکرێنەوە، وەك بەرهەمێکی بەنرخی جیهانی دەتوانین لێیان بڕوانین. شێعرو چیرۆکیشمان لەچاو بێدەرتان بوونەکەی لە شێعرو چیرۆکی هەندەران نامێنێتەوە، ئەگەر مەودای بڵاوبوونەوەو وەرگێڕانی ببوایە لەوەش گەشاوەتر دەبوو.

وەرگێڕانیش چ بۆ سەر زمانی کوردیو چ لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانێکی دیکە کارێکی زۆر پێویستەو ئەو ئاڵوگۆڕە ورووژێنەرەوەو گەشو پاراوڕاگری زمانو ئەدەبیاتەکەمانە.

**پ: وەك نووسەرێك کە لە گشت بەشەکانی ئەدەبیات دا دەستێکی باڵاتان هەیە رای ئێوە سەبارەت بە رەخنەی کوردی چیەو کێشەکانی نێوان رەخنەی سوننەتو مۆدێڕن لە چیدا ئەبینن؟**

و: لە بواری رەخنەدا زۆر کولینو رەخنەگرانو راڤەکاران بەداخەوە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمترن کە بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە ـ پێویستە ئەو گلەییەیان لێ بکەم تا ئێستا زۆربەی کارەکانیان نان بە قەرزدارنو بە یەکتردا هەڵکوتنو تاقم خوازی بووە. من پێموایە رەخنە هەڵسەنگاندنی زانایانەو بەرپرسانەو دڵسۆزانەیە، ئیتر لە سوننەتو مۆدێڕن ناگەم، ناتوانم لەوە بگەم کە بە زۆرو کەڵەگایی دەقێکی پوچو بۆش زەق کرێتەوەو مانای سەیرو سەمەرەی بۆ داتاشرێو ماناگەلێکی بۆ بدۆزنەوە کە نووسەرەکەشی بە بیریدا نەهاتوە. سوننەتیش ئەگەر پێدا هەڵگوتنو ماشاڵڵاو چەپڵە بۆ لێدانە نەبێ کە نووسەرەکەی بە خودای سەر عەرز بزانینو ئەستێرەی گەلاوێژ بکەینە تاجی سەری، دیسان کارێکی ناشیاوەو ناتوانێ ناوی رەخنە لەسەر خۆی دانێ.

**پ: لە کۆتاییدا بفەرموون داهاتووی ئەدەبیاتی کورد چۆن دەبینن؟ ئایا دەتوانین لە داهاتوودا خاوەن ئەدەبیاتێکی خاوەن پێشڕەو و نوێ بین کە گەلانیتر کەلکی لێ وەرگرن؟**

هەروەك لە پێش دا ئاماژەم پێکرد زۆر گەشبینمو داهاتووی ئەدەبەکەمان رووناكو پرشنگدار دەبینمو بەو رەوتە بڕواتە پێشو لاوەکان دەروەستانەو دڵسۆزانە هەڵسوکەوت لەگەڵ زمانو ئەدەبەکەمان بکەن دەتوانین خاوەنی ئەدەبیاتێکی جیهانی بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "کوردستان نێت"

ئامادەکردنی:
مەسعود رەواندووست

# چاوخشاندنەوەیەك بەسەر رووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠٠٦

*لە دوایین رۆژەکانی هەر ساڵێکدا دەرفەتێك بۆ چاوخشاندنەوە بەسەر ئەو رووداوانەدا کە لە رۆژانی ساڵ لە جیهان دا روویان داوە، پێك دێ. ساڵی ٢٠٠٦ی زایینیش لە حاڵێکدا تەواو بوو کە کۆمەڵێك بیرەوەری تاڵ و شیرینی بۆ خەڵکی بەشە جیاجیاکانی ئەم جیهانە بەجێهێشت و خەڵك بە هیوای ساڵێکی خۆشترەوە پێدەنێنە ساڵی ٢٠٠٧. لەم دەرفەتە و لە کۆتایی ئەم ساڵەدا چاو بەسەر هێندێك لە رووداوە گرینگەکانی ساڵی دەربازبوون دا دەخشێنین:*

## ژانویە:

➢ ئاریەل شارۆن سەرۆك وەزیری ئیسراییل دوای سەکتەی مێشك کەوتە حاڵەتی کۆماوەو ئێهوت ئۆلمێرت وەك جێنشینی شارۆن دەستی بەکار کرد.

➢ لە هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی خودموختاری فەلەستینیدا حەماس سەرکەوتنی وەدەست هێنا و ئەو مەسەلەیە بووە هۆی گرژیی پێوەندییەکانی ئیسراییل و وڵاتە رۆژئاواییەکان لەگەڵ دەوڵەتی فەلەستینی قەیرانێکی گەورەی لێکەوتەوە.

➢ ئێران سەرەڕای داواکانی وڵاتانی رۆژئاوا و ئاژانسی وزەی ناوکی چالاکییە ناوکییەکانی خۆی بە مەبەستی دەسڕاگەیشتن بە ئۆرانیۆمی هەر دەست پێکردەوە.

➢ ناسا یەکەمین مەئمووریەتی خۆی لە هەسارەی پلۆتۆنیۆم دەست پێکرد.

## فێوریە:

➢ دانمارك بەهۆی بڵاوبوونەوەی کاریکاتۆری پێغەمبەری ئیسلام لە رۆژنامەکانی ئەم وڵاتەدا، لەگەڵ شەپۆلێکی بەربڵاوی نارەزایەتیی موسوڵمانانی جیهان بەرەورۆو بۆوە و خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکی لە زۆر وڵاتی موسوڵمان پێك هات.

➢ ئاڵمان پاش ١٤ ساڵ لەگەڵ گەورەترین مانگرتن بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سیاسەتە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتە بەرەوروو بوو.

## مارس:

➢ فەرانسە خۆپێشاندان و پشێوییەکی بەرینی لاوان بە دژی یاسای نوێی کاری بەخۆوە بینی و لە ئاکامدا لەژێر گوشاری ئەو خۆپێشاندانانەدا وازی لە پەسندکردنی ئەم یاسایە هێنا.

➢ گرووپی جیاییخوازانی باسك (ئێتا) ئاگربەسێکی هەتاهەتایی لە شەڕی چەکدارانە بەدژی دەوڵەتی ئیسپانیا راگەیاند.

➢ نیجیریە، چارلز تەیلۆر، شەڕسالار و سەرۆك کۆماری پێشووی لیبریای رادەستی دادگایەکی تایبەت لە سییەرالێئۆن کرا بۆ ئەوەی بەهۆی تاوانەکانی شەڕ دادگایی بکرێ.

➢ یەکیەتیی ئورووپا گلەیی لە رەوتی خاوی پەسندکرانی یاسای بنەڕەتی لە نێوان وڵاتانی ئورووپا دەربڕی.

## ئاوریل:

➢ هاوبەندیی چەپی میانە لە ئیتالیا، لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ئەم وڵاتەدا شکستی بە دەوڵەتی بێرلۆسکۆنی هێنا و، لە ئاکامدا رۆمانۆ پرۆدی وەك سەرۆك وەزیری ئیتالیا هەڵبژێرا.

➢ لە درێژەی توندوتیژییەکان لە عێراقدا، نووری ئەلمالیکی وەك سەرۆك وەزیری ئەم وڵاتە دیاری کرا.

➢ گیاناندرا، پاشای نیپاڵ لە ژێر گوشاری نارەزایەتی و مانگرتنەکان پاشەکشەی لە هەڵوێستی خۆی کرد و رێبەری یەکێك لە حیزبە دژبەرەکانی وەك سەرۆك وەزیر دیاری کرد.

## مای:

➢ یەکەمین دەوڵەتی هاوبەندیی میلیی عێراق لە دوای شەڕی ئازادیی عێراق بە سەرۆکایەتیی نووری ئەلمالیکی پێك هات.

➢ ئامریکا پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لیبی ئاسایی کردەوە.

➢ ئاشکرا بوونی کۆنترۆڵی تەلەفۆنەکان لە ئەمریکا، کۆمەڵێك نارەزایەتی بە دژی ئەو کارەی دەوڵەتی ئامریکای لێکەوتەوە.

ـ بوومەلەرزەیەك لە دوڕگەی جاوەی ئەندونێزی بووە هۆی کوژرانی نزیکی ٥٨٠٠ کەس لەم دوڕگەیە.

➢ بە دوای راپرسییەکدا، مۆنتەنێگرۆ لە سێربستان جیا بۆوە و سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. لەم راپرسییەدا ٥٥/٤٪ی دەنگدەران دەنگیان بە جیابوونەوە لە سێربستان دا و ٤٤/٦٪یش دەنگیان بە مانەوە لەگەڵ ئەو وڵاتە دا. پێویست بە گوتنە ٨٥٪ی ئەوکەسانەی مەرجی دەنگدانیان تێدابوو لەم راپرسییەدا بەشدار بوون. رۆژی ٣ی ژوئەنیش مونتەنێگرۆ بە فەرمی سەربەخۆیی خۆی راگەیاند.

## ژوئەن:

➢ بەرپرسانی ئامریکایی و عێراقی هەواڵی کوژرانی ئەبومەسعەب زەرقاوی یەکێك لە سەرکردەکانی ئەلقاعیدە بەدەستی هێزەکانیان لە عێراقیان راگەیاند.

ـ ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەرکردنی بڕیارنامەی ژمارە ١٦٦٩ داوای لە ئێران کرد هەموو چالاکییەکانی پێوەندیدار بە پیتاندنی یۆرانیۆم رابگرێ.

➢ یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠٠٦ی ئاڵمان کۆتایی پێهات و تیمی میلیی ئیتالیا بوو بە قارەمانی ئەم یارییانە.

## ژووئیە:

➢ هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان لە هێرشێکدا بۆ سەر پێگەیەکی سنووری دوو سەربازی ئیسرائیلییان بە دیل گرت. ئەو کارە بووە هۆی دەسپێکردنی شەڕێکی ٣٣ رۆژە لە نێوان ئیسراییل و حیزبوڵڵا. ئیسرائیل بە بیانووی وەرگرتنەوەی سەربازە بە دیل گیراوەکان هێرشێکی بەرینی ئاسمانیی بۆ سەر لوبنان دەسپێکرد و حیزبوڵڵاش بەو چەکانەی لە لایەن ئێرانەوە پێیدرابوو دەستی بە مووشەکبارانی شار و شارۆچکەکانی ئیسرائیل کرد. ئەو شەڕە جگە لە کوژرانی ١٣٠٠ لوبنانی و ١٥٨ ئیسرائیلی، وێرانیی دەیان گوند و بەشێکی گەورەی بەیرووت و چەند میلیار دۆلاری زەرەر و زیانی ماڵیی لێکەوتەوە. لە حاڵێکدا زۆربەی خاوەنڕایان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم کارەی حیزبوڵڵا بە فەرمانی ئێران بۆ بەلارێدا بردنی رای جیهانی بۆ کەم کردنەوەی گوشار لەسەر ئێران لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی ناوکی ئەو وڵاتەدا بەڕێوەچوو و ئەو زەرەر و زیانە قورسەی بۆ خەڵکی لوبنان لێکەوتەوە بە جۆرێك کە حەسەن نەسروڵڵا، رێبەری حیزبوڵڵا دانی بەوەدا هێنا کە ئێمە پێمان وانەبوو ئەو هەموو زیانەی لێدەکەوێتەوە، ئێران ئەوەی بە سەرکەوتنێك بۆ حیزبوڵڵا دەزانی.

➢ فیدل کاسترۆ دوای ٤٧ ساڵ رێبەریی کووبا، بەهۆی نەخۆشی، دەسەڵاتی بە براکەی خۆی، رائول کاسترۆ سپارد.

## ئاگۆست:

➢ دەوڵەتی بریتانیا رایگەیاند گەڵاڵەی هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر هێڵی ئاسمانیی ئەمریکای پووچەڵ کردۆتەوە، بە دوای ئەوەدا ئاستەنگێکی زۆر لەسەر رێگەی سەفەرە ئاسمانییەکان و رێبەندانێکی بەربڵاو ساز بوو.

➢ یەکیەتیی ئورووپا نزیکەی ٧ هەزار نیزامیی خۆی لەژێر چاوەدێریی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ناردە لوبنان بۆ چاوەدێری بەسەر پرۆسەی ئاگربەسی نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵا.

## سێپتامبر:

➢ ناتۆ هەواڵی هێرشی نیزامیی بەربڵاوی خۆی دژی هێزەکانی تاڵەبان لە باشووری ئەفغانستان راگەیاند.

➢ پێنجەمینساڵیادی هێرشەکانی یازدەی سێپتامبر لە ئامریکا بەڕێوەچوو.

➢ وتەکانی پاپ بنێدیکتی شانزدەهەم، رێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان، کە دەقێکی سەدەکانی نێوەڕاستی بە توندوتیژی لە ئیسلامدا دەبەستەوە، نارەزایەتیی موسوڵمانانی لێکەوتەوە و پاپ وێڕای راستکردنەوەی قسەکانی خۆی داوای لێبوردنی لە موسوڵمانان کرد.

➢ لە کاتێکدا کە تاکسین شیناواترا، سەرۆك وەزیری تایلەند بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە تایلەند وەدەرکەوتبوو، ئەرتەشی ئەم وڵاتە بە داگیرکردنی بنکەی حکوومەت کودیتایەکی نیزامیی راگەیاند. بە دوای ئەوەدا ژێنێراڵ سونتی بونیاراتگلین رێبەری کودیتا، پێکهێنانی حکوومەتی راگەیاند و بهومیبول ئادولیادج، پاشای تایلەند پشتیوانیی فەرمیی خۆی لەو کردەوەیە راگەیاند و سونتیی وەك سەرۆك وەزیری نوێی تایلەند پشتراستکردەوە.

## ئۆکتۆبر:

➢ تەرمی "ئاناپۆلیتکۆسکایا" رۆژنامەنووسی رووسی کە بە گواستنەوەی هەواڵەکانی چێچەن ناسرابوو، لە موسکۆ دۆزرایەوە. جێی ئاماژەیە کە ساڵی ٢٠٠٦ دوای ١٩٩٤پڕکارەساتترین ساڵ بۆ رۆژنامەوانان بوو بەجۆرێك کە لەم ساڵەدا ٨١ رۆژنامەوان کوژراون، ٨٧١ رۆژنامەوان دەسبەسەرکراون، ١٤٧٢ رۆژنامەوان کەوتوونەتە بەر هێرش و هەڕەشە، ٩١٢ راگەیەن و بڵاوکراوە سانسۆر کراون و ٥٦ رۆژنامەوان رفێندراون.

➢ کۆریای باکوور یەکەمین تاقیکردنەوەی ناوکیی خۆی بەڕێوەبرد و ئەنجومەنی ئاسایش بە پەسندکردنی بڕیارنامەیەك، داوای لە کۆریای باکوور کرد دەست لە بەرنامە ناوکییەکانی و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی هەڵگرێ و بێ هیچ مەرجێك بگەڕێتەوە بۆ وتووێژە شەش لایەنەکان.

➢ جۆرج بوش سەرۆك کۆماری ئەمریکا یاسایەکی واژۆکرد کە زیندانە نهێنییەکان بە یاسایی دەزانێ و پشتیوانیی کۆنوانسیۆنی ژێنێڤ لە دەسبەسەرکراوانی تایبەتی وەلادەبا.

➢ نوێنەری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە هۆی بڵاوبوونەوەی رەخنەکەی لە سیاسەتەکانی خارتوم لە پێوەندی لەگەڵ دارفوور، لەم وڵاتە دەرکرا.

➢ شێست و یەکەمین کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە فەرمی "بان کی مۆر" وەزیری دەرەوەی کۆریای باشووری وەك جێگری کۆفی عەنان و هەشتەمین سکرتێری گشتیی ئەو رێکخراوە دیاری کرد.

## نوامبر:

➢ دادگایەك لە عێراق، سەددام حوسێن، رێبەری پێشووی ئەو وڵاتەی بە سزای ئێعدام بە سێدارە مەحکووم کرد.

➢ لە هەڵبژاردنە میان دەورەییەکانی ئامریکادا، دێمۆکراتەکان توانیان کۆنترۆڵی مەجلیسی نوێنەران و سەنا بەدەستەوە بگرن.

➢ دۆناڵد رامسفێڵد، وەزیری بەرگریی ئامریکا دەستی لە کار کێشایەوە.

➢ پییەر جومەییل، وەزیری سەنعەتی لوبنان لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا کوژرا.

## دێسامبر:

➢ ئاگۆستۆ پینۆشە دیکتاتۆری پێشووی شیلی کۆچی دوایی کرد.

➢ تێکهەڵچوونەکانی نێوان لایەنە رکەبەرەکان لە لێواری غەزە دەستی پێکرد. ئەبومازن سەرۆکی تەشکیلاتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین خوازیاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پێش وەخت لە فەلەستین بوو.

➢ راپۆرتی بییکەر ـ هامیلتۆن کە هەڵگری ٧٩ پێشنیار بۆ دەرچوونی ئامریکا لە قەیرانی عێراقە بڵاوبۆوە و بەهۆی نەگونجان لەگەڵ راستییەکانی سەردەم و ویست و داواکانی گەلانی عێراق و وەبەرچاونەگرتنی یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە، کە لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە دەنگی پێدراوە، کەوتە بەر رەخنە و نارەزایەتیی حیزب و لایەنەکانی کورد و عەرەب لە عێراقدا.

➢ ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پەسندکردنی بڕیارنامەی ١٧٣٧ بە کۆی دەنگ بڕیاری سزای بەسەر ئێراندا سەپاند، بەڵام ئێران ئەو بڕیارنامەیەی رەت کردەوە و رایگەیاند کە درێژە بە بەرنامەی ناوکیی خۆی دەدا.

➢ تورکیە لە ژێر گوشاری یەکیەتیی ئورووپا و دوای خولێکی وتووێژ لە کۆتاییدا فرۆکەخانەیەك و لەنگەرگایەکی بەسەر قێبرێسدا کردەوە.

➢ دادگای پێداچوونەی حوکمی ئێعدامی سەددام سەبارەت بە کوشتاری ١٤٠ کەس لە خەڵکی دوجەیل لە ساڵی ١٩٨٢دا، ئەو حوکمەی پشت راستکردەوە و چەند ساتێك بەر لە کاتژمێر ٦ی بەیانیی رۆژی ٣٠ی دێسامبر ئەو حوکمە بەڕێوەچوو و پەتی سێدارە خرایە ئەستۆی سەددامی دیکتاتۆرەوە و تەرمەکەی رۆژی ٣١ی سێپتامبر لە گوندی "العوجە"، شوێنی لە دایك بوونی بە خاك سپێردرا.

## چەند دیمەنێك لە رووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٦













# ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك

## به‌شی سێهه‌م كۆتایی

و بۆ كوردی: عه‌ولا به‌هرامی / و بۆ فارسی: نه‌سرین ته‌باته‌بایی/ نووسینی: Peter M.Merki
وه‌رگیراو له: دایره‌المعارف دمكراسی

بونیادگه‌را ئایینیه‌كان نه‌ك ته‌نیا له روانگه‌ی ئه‌و ئایینه‌وه كه هه‌یانه به‌ڵكوو له لایه‌نی راده‌ی بیركردنه‌وه‌یان له دواڕۆژ (آخرت)، كه هێندێك له گرووپه‌كان زیاتر به‌ره‌و دووركه‌وتنه‌وه یان وازهێنان له سیاسه‌ت پاڵ پێوه ده‌نێ، پێكه‌وه جیاوازییان هه‌یه. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ش دا، هێندێك جار مه‌به‌ست دامه‌زراندنی حكوومه‌تی ئایینی بووه. بۆ وێنه، له بزووتنه‌وه‌ی بوژێنه‌رانه‌ی شیعانه‌ی ئایه‌تولڵا خومه‌ینی كه له ١٩٧٩دا ده‌ستی پێكرد "ئه‌ڵلا"و شه‌رعی ئیسلام سه‌رچاوه‌ی كۆتایی ده‌سه‌ڵاتن. كۆمه‌ڵگای ئیسلامیی ئایدیالی به كۆمه‌ڵگه‌ی كه‌سانێك ده‌ژمێردرێ كه بڕوایان به"وته‌ی ئیلاهی" ـ به‌و چه‌شنه‌ی كه له لایه‌ن پێشه‌واكان یان رێبه‌رانی ئایینی وه‌ك ئایه‌تولڵا خومه‌ینی ، لێك ده‌درێته‌وه ـ هه‌یه.

هه‌رچه‌ند بڕواو بایه‌خه هاوبه‌شه‌كانی "ئوممه‌ت" پێوه‌ندییه‌كی پته‌وی له نێوان ده‌سه‌ڵاتداران‌و پێره‌وانی ئه‌وان دا پێك هێنا، ناكۆكیی نێوان لێكدانه‌وه‌كان‌و گرووپه ئیسلامییه ركه‌به‌ره‌كان به ناچار له ئه‌سپاردنی ده‌سه‌ڵاتی ئایینی‌دا گومانی پێك هێنا. كێ دیاریی ده‌كا كه "پێشه‌وا" راسته‌قینه‌یه‌و راست ده‌كا‌و ئه‌گه‌ر نه‌توانرێ ئه‌م چه‌شنه پرسانه به‌ده‌نگی زۆرینه‌ی خه‌ڵك چاره‌سه‌ر بكرێ ئایا كۆده‌نگیی "ئوممه‌ت" راسته یان ناڕاسته؟ ئه‌و بونیادگه‌رایانه‌ی دیكه‌ش كه سه‌رنجیان داوه‌ته سیاسه‌ت، بۆ وێنه ژماره‌یه‌ك له بونیادگه‌رایانی ولاته یه‌كگرتووه‌كان، له‌گه‌ڵ پرسی هاوشێوه به‌ره‌وڕووبوون. هه‌ركات نارِه‌زایه‌تییه‌ك دروست بێ چۆن ده‌توانرێ په‌یامهێنه‌ری راسته‌قینه‌ی خوداو په‌یامی ئه‌و ده‌ست نیشان بكرێ؟ ئه‌سپاردنی حه‌قیقه‌تی ئایین به ده‌نگی زۆرینه‌ی خه‌ڵك دووركه‌وتنه‌وه‌یه له ئایین.

مه‌یدانداریی جه‌ماوه‌ریی به‌ربلاوه‌كانی كومۆنیسم‌و فاشیسم له ماوه‌ی نێوان دوو شه‌ڕی جیهانی‌دا شۆڕشی بێ‌ژمارو شه‌ڕی زۆر خاپووركه‌ری له سه‌ده‌ی بیسته‌م دا لێكه‌وته‌وه كه زۆر له‌وان به‌ناوی خه‌ڵكه‌وه یان به شێوه‌یه‌كی ناڕاسته‌وخۆ له ژێر ناوی ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك‌دا روویان دا. حیزبه كومۆنیسته‌كان له هه‌موو جێگایه‌ك به حیسابی پێشكه‌وتنی مێژوویی‌و سه‌ركه‌وتنی كۆتایی پرۆلتاریای سه‌نعه‌تیی سته‌مچه‌شتووی نێونه‌ته‌وه‌یی شه‌ڕیان



كرد و فه‌رمانڕه‌واییان كرد، یان لانیكه‌م بۆ خۆیان لافی ئه‌وه‌یان لێ ده‌دا. حیزبه‌كان، كاتێك كه به ده‌سه‌ڵات گه‌یشتن‌و سه‌قامگیر بوون به ئاوێته‌یه‌ك له هه‌ڵلاو بانگه‌شه‌ی به‌رده‌وام‌و سه‌ركوتی بێبه‌زییانه‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه دژایه‌تیی ئه‌وانیان ده‌كرد یان له‌به‌رانبه‌ریان دا راده‌وه‌ستان ره‌زامه‌ندیی زۆرینه‌یان چه‌واشه كرد. بزووتنه‌وه‌ی فاشیستی نه‌ته‌وه‌گه‌را شۆڕشگێڕه‌كانی ئه‌ورووپای دوای شه‌ڕی جیهانی یه‌كه‌م به هه‌مان شێوه لافی ئه‌وه‌یان لێده‌دا كه نوێنه‌ری ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ن كه له به‌رانبه‌ر ئیتنیكه‌كانی دیكه‌دا كه له ئه‌ورووپای رۆژهه‌ڵات دا به‌سه‌ریان‌دا زاڵ بوون، ئه‌وانیش تێكنیكه‌كانی هه‌ژاندنی جه‌ماوه‌رو چه‌واشه‌كردنی ره‌زامه‌ندی و سه‌ركوتگه‌ریی به‌ربلاو له كۆمۆنیسته‌كان‌و له یه‌كتری فێر بوون.

دوای شه‌ڕی جیهانیی دووهه‌م، بزووتنه‌وه نه‌ته‌وه‌گه‌راكان له سه‌رانسه‌ری جیهان دا له به‌رانبه‌ر زاڵێتیی ئیمپراتۆرییه كۆلۆنیالیسته‌كان‌دا یان زۆرینه ئیتنیكییه‌كانی ولاته‌كه‌یان دا په‌نایان بۆ ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك برد. له هه‌مووی ئه‌و نموونانه‌دا ده‌سه‌ڵاتدرایێتیی خه‌ڵك له‌گه‌ڵ گرووپێك كه خاوه‌نی بایه‌خی هاوبه‌ش بوو ـ پرۆلتاریایی، ئیتنیكی یان نه‌ژادگه‌را ـ پێوه‌ندیی هه‌بووو به‌رده‌وام به بانگه‌شه‌ی به‌ربلاو په‌ره‌ی پێده‌درا. ده‌كرێ بگوترێ كه له هیچ كام له‌م نموونانه‌دا پرۆسه‌ی ره‌وایی‌به‌خشین په‌سه‌ندی دێموكراتیك‌و پشتگیریی یاسایی له مافه‌كانی كه‌مایه‌تییه‌كانی لێ نه‌كه‌وته‌وه. ته‌نانه‌ت ئه‌و كومۆنیستانه‌ی كه چه‌مك گه‌لێكیان له رۆسۆو شۆڕشی فه‌ڕه‌نساو هه‌روه‌ها له خه‌ڵكگه‌رایی له دۆخه جۆراوجۆره‌كان به‌میرات بردبوو، به هیچ شێوه‌یه‌ك ئاماده نه‌بوون كه مل بۆ شێوازه ره‌سه‌نه‌كانی ره‌زامه‌ندیی گشتی راكێشن یان چاوه‌دێری كران به‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی سه‌ره‌ڕۆیانه‌ی ده‌وڵه‌ت، كه له كۆنه‌وه پێوه‌ری به‌كارهێنانی ئه‌مڕۆیی ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك بووه، قبووڵ بكه‌ن. به‌م پێیه، ئایا چه‌مكی ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك، سه‌ره‌ڕایی ئه‌م به‌كارهێنانه پرسیار خولقێنانه‌شی، هێشتا له دێموكراسییه یاساییه ئه‌مڕۆییه‌كان دا چه‌مكێكه كه پێوه‌ندیی به ژیانی سیاسییه‌وه هه‌یه؟ بێگومان وڵامی ئه‌م پرسیاره "ئه‌رێ"یه، هه‌رچه‌ند له‌مێژه كه شه‌ڕی گه‌وره له‌سه‌ر تیۆری‌و به‌كارهێنانی حكوومه‌تی خه‌ڵك سه‌ركه‌وتووانه كۆتایی پێهاتووه‌و ده‌كرێ بگوترێ كه ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك، به شكڵی جۆراوجۆر، له هه‌موو جێگایه‌ك دامه‌زراوه. ئه‌م چه‌مكه بۆ كرداری دێموكراتیكی ئه‌م سه‌رده‌مه ئه‌وه‌نده بنچینه‌یی‌و گرنگه كه ئیتر ناتوانرێ چاوه‌ڕوان بكرێ كه ئه‌م بابه‌ته له ململانێ ئاساییه‌كانی هه‌ڵبژاردن یا گه‌نگه‌شه پارلمانییه‌كان دا كورت بكرێته‌وه. ته‌نانه‌ت كاتێك خه‌ڵك به شێوه‌ی جۆراوجۆر توێژینه‌وه‌یان ده‌وێ‌و بژارده سیاسییه‌كان به هۆی له‌به‌رچاو نه‌گرتنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی خۆیان سه‌ركۆنه ده‌كه‌ن، به دوور ده‌زانرێ كه ئه‌م بژاردانه له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتی كۆتایی خه‌ڵك دژایه‌تی بكه‌ن، پله‌یه‌كی سیاسیی تایبه‌ت كه گونجاویی له‌گه‌ڵ بڕواو به‌هاكانیان هه‌بێ به خۆیان بده‌ن‌و، له‌به‌ر ئه‌وه‌كه كۆسپێك بێته‌سه‌ر رێگای "ویستی گشتی"ی ئه‌وان ده‌ستێوه‌ردان بكه‌ن.

له‌سه‌ده‌ی شازده‌یه‌م‌دا، كاتێك كه "ئۆگنۆ" پرۆتستانه فه‌ره‌نساییه‌كان له به‌رانبه‌ر پاشایه‌كی كاتۆلیك‌و سته‌مكاردا ناچاربوون به‌رگری له خۆیان بكه‌ن، به‌ڵگه‌ی خۆیان له بواری "مافی شۆڕش" وه‌ك دوایین رێگاچاره‌ی كۆمه‌ڵێك له بڕواداران له به‌رانبه‌ر سه‌ركوتگه‌ریی مه‌زهه‌بی سیاسی دا خسته روو. ئه‌مجاره‌ش، هه‌روه‌ك "كالونیسته‌كان" ی سكاتلند، مافی شۆڕش ناچارییانه بوو به مافی بنه‌مایی خۆڕاگری كۆمه‌ڵه خه‌ڵكێكی له خواترس له به‌رانبه‌ر حكوومه‌تی زۆردارانه‌دا، كه جۆرێك پێداگرتن له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاتدارێتی خه‌ڵك به‌پاساوی ئایینییه‌وه بوو. به‌سه‌رنج دان به ده‌ركه‌وتنی ده‌وڵه‌تی لێك جیاكراوه‌ی ئه‌مڕۆیی كه خاوه‌نی پێكهاته‌یه‌كی شیاوی به‌ڕێوه‌به‌ریی یاساییشه، زۆری نه‌خایاند كه ئه‌م خواسته نائیینی بوو. شۆڕشه‌كانی سه‌ده‌كانی حه‌ڤده‌یه‌م‌و هه‌ژده‌یه‌م‌و ئه‌و تیۆره سیاسییانه‌ی كه پێشتر تاوتوێكران، نه‌ریته‌كانی بیركردنه‌وه‌ی كۆنیان به‌سه‌رنجدان به ته‌كوزییه‌كی یاسایی شیاو كه له‌ودا، پێگه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك به روونی دیاری كرابوو بوژێندرایه‌وه‌و چاك كرا. به ده‌ركه‌وتنی یاسا بنچینه‌ییه‌كان ئه‌م چه‌مكه، به‌زمانی یاسایی، وه‌ك توانای ده‌نگده‌ر باسی لێوه‌كرا كه به پێی ئه‌و خه‌ڵك ئه‌و مافه‌یان هه‌یه كه به ره‌زامه‌ندیی خۆیان سیستمی بنچینه‌یی خۆیان په‌سه‌ند بكه‌ن.

ئه‌م مافه له روانگه‌ی یاسای بنچینه‌ییه‌وه سێ واتای هه‌بووه‌و هێشتاش هه‌یه‌تی. یه‌كه‌م، خه‌ڵك مافی خۆیانه یاسای بنچینه‌یی نوێی خۆیان دارێژن یان كارتێكه‌رییان له‌سه‌ر دارشتنی هه‌بێ. دیاره، هێندێك له سیستمه یاساییه‌كان، بۆ وێنه ئینگلستان، هێشتا به‌بێ یاسای بنچینه‌یی نووسراو كارده‌كه‌ن‌و له ولاتانی دیكه به‌رنووسی یاسای بنچینه‌یی زۆرتر له لایه‌ن كۆڕێك له كارناسانی یاسای بنچینه‌ییه‌وه ده‌نووسرێ نه‌ك له لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی بژارده‌كان كه ئه‌ندامانی ئه‌و هه‌ڵده‌بژێردرێن.

دووهه‌م، خه‌ڵك مافی خۆیانه، دوای گه‌نگه‌شه به‌ربلاوه گشتییه‌كان‌دا ره‌نگه پێداچوونه‌وه به به‌رنووسی به‌رایی، په‌سه‌ند بكه‌ن. لێره‌ش دا ریزپه‌ڕ هه‌یه، بۆ وێنه، "یاسای بنه‌مایی كۆماری فیدراڵی ئاڵمان" ( كه ئێستا یاسای بنچینه‌یی ئاڵمانی یه‌كگرتوویه) له ١٩٤٩دا به ده‌نگی خه‌ڵك په‌سه‌ند نه‌كرا. هۆیه‌كه‌ی ئه‌وه بوو كه "كۆماری فیدراڵ" هێشتا له لایه‌ن سێ هێزی رۆژئاواییه‌وه داگیركرابووو، رێبه‌رانی ئاڵمان ده‌یانویست، تا كاتی یه‌كگرتنه‌وه‌ی دووباره له سه‌ر نیوه‌ڕۆكی كاتیی ئه‌و به‌شه له ده‌وڵه‌ت كه له رۆژئاوادا مابۆوه پێدابگرن. له ١٩٩٠دا، كه ئاڵمان یه‌كی گرته‌وه، رێبه‌رانی ئه‌و ولاته به پێی به‌رژه‌وه‌ندیی ولات جارێكی دیكه له په‌سه‌ندكردنی خۆیان بوارد.

سێهه‌م، خه‌ڵك مافی خۆیانه كه سه‌باره‌ت به گۆڕین یان چاك كردنی یاسای بنچینه‌یی راوێژیان پێبكرێ. زۆرتر ئه‌و پرۆسه‌یه‌ی كه به روونی دیاری ده‌كرێ‌و به پێی ئه‌و چاكسازیی یاسای بنچینه‌یی په‌سه‌ند ده‌كرێ ده‌سه‌ڵاتی‌یاسایی خه‌ڵك ده‌پارێزرێ. لێره‌ش دا ریزپه‌ڕو شێوازگه‌لی جۆراوجۆر بۆ چاكسازیی هه‌یه، بۆ وێنه چاكسازیی به په‌سه‌ندی دوو له سێی ئه‌ندامانی پارلمان، یان له سیستمه فیدراڵه‌كان دا، ئه‌و هه‌رێمانه (پارێزگا، كانتۆنه‌نانه)ی كه بۆ خۆیان ده‌سه‌ڵاتی یاساییان ـ كه سه‌رچاوه‌گرتوو له خه‌ڵكی هه‌رێمه ـ هه‌یه، به‌سه‌رنج دان به یاسای بنچینه‌یی فیدراڵ په‌سه‌ندی ده‌كه‌ن. ره‌نگه گرینگترین ریزپه‌ڕ ئه‌و به‌شه له‌و گۆڕانكارییانه بن كه به تێپه‌ڕینی زه‌مه‌ن‌و به بێ پشت به‌ستن به ره‌زامه‌ندیی گشتی روو ده‌ده‌ن. یه‌كێك له نموونه‌كانی ئه‌و بالاده‌ستیی سه‌رۆك كۆماریی ئه‌مریكا به‌سه‌ر كونگره‌ی ئه‌و ولاته‌و بالاده‌ستیی ده‌وڵه‌تی فیدراڵ به‌سه‌ر هه‌رێمه‌كان له سه‌ده‌ی بیسته‌م دایه. به‌ر له ساڵی ١٩٠٠، كۆنگره له سه‌رۆك كۆمار گرنگتر بوو و هه‌رێمه‌كان له ده‌وڵه‌تی فیدراڵ گرنگتر بوون. ئه‌م گۆڕانكارییانه به پێی چاكسازیی یاسای بنچینه‌یی روویان نه‌دا به‌ڵكوو به هۆی گۆڕانكارییه كۆمه‌ڵایه‌تی‌و ئابوورییه درێژماوه‌كان روویان دا.

ئه‌م ده‌سه‌ڵاته یاساییه هه‌روه‌ها هێندێك جار به شێوه‌ی راپرسی (ده‌نگی راسته‌وخۆی خه‌ڵك) بۆ گۆڕینی سیستم به شێوه‌یه‌كی ئاشكرا كه‌ڵكی خراپی لێ وه‌رگیراوه. بۆ وێنه، بۆ ره‌وایی به‌خشین به دیكتاتۆریی ناپلیۆن بوناپارت‌و ناپلیۆنی سێهه‌م‌و دواتر ئادۆلف هیتلێر، كه به راشكاوی ده‌یه‌ویست سیستمی یاسایی له نێوبه‌رێ، له راپرسی كه‌ڵك وه‌رگیرا. دێموكراسییه‌كی له‌م چه‌شنه (راپرسییانه) به ته‌واوی نوێنه‌ری خه‌ڵك نیه چونكه زۆرتر به خۆشه‌ویستی تاكه‌كه‌سیی ئه‌و كه‌سه‌وه كه به‌ده‌سه‌ڵات ده‌گاو زۆرتر به‌كه‌ڵك وه‌رگرتن له ساخته‌كاری‌و سته‌م كردن به‌ستراوه‌ته‌وه. ماف و شێوازی پێشنیاركرانی یاسا له لایه‌ن خه‌ڵكه‌وه‌و راپرسی ئامرازگه‌لێكن كه ئه‌گه‌ر زۆرجار به مه‌به‌ستی زیادكردنی رێنوێنی له بواره‌كانی ستراتژی‌و رێبازدا به یاسای بنچینه‌ییه‌وه به‌كار بهێنرێن (كارێك كه له كالیفۆرنیاو هه‌رێمه‌كانی دیكه‌ی ئه‌مریكا باوه) ره‌نگه ده‌سه‌ڵاتی یاسایی خه‌ڵك بچووك نیشان بدا. ئه‌مڕۆكه دوایین رووكاری گرنگی ده‌سه‌ڵاتدارێتیی خه‌ڵك بریتییه له كه‌ڵك وه‌رگرتن له هه‌ڵبژاردنی گشتی بۆ دیاریكردنی كاربه‌ده‌سته ده‌وڵه‌تییه‌كان، راده‌ی نفووزی حیزبه‌كان له ئه‌نجومه‌نی یاسادانان داو، ئه‌و به‌رنامه هه‌راوانه‌ی پێوه‌ندییان به رێبازه‌وه هه‌یه. هه‌ڵبژاردن، ئه‌گه‌رچی ده‌سه‌ڵاتی گۆڕین یان چاكسازیی یاسای بنچینه‌یی به‌و واتایه‌ی كه باسمان كرد مسۆگه‌ر ناكا، له‌گه‌ڵ ئه‌مانه‌شدا ده‌توانێ له بنه‌ڕه‌ت دا رێژیمه‌كان بگۆڕێ‌و، ئه‌م كاره‌ش نه‌ك ته‌نیا به "ده‌ركردنی لات‌و چه‌قۆكێشه‌كان"، به‌ڵكوو هه‌روه‌ها به چاكسازیی فره‌وان‌و دانانی سیاسه‌تی نوێ‌و گرنگ ، لانیكه‌م له ماوه‌ی خزمه‌تی ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌نی یاسادانان دا، جێبه‌جێ ده‌بێ. هه‌ڵبژاردن ئامرازێكه بۆ ده‌ربڕینی ویستی گشتی، دیاره نه‌ك له ئاستێك دا كه گۆڕانی یاسای بنچینه‌یی لێبكه‌وێته‌وه‌و ئامرازێكی به‌هێزه بۆ نواندنی ده‌سه‌ڵاتی چاوه‌دێریی خه‌ڵك به‌م مه‌به‌سته كه، ئابراهام لینكۆلن گوته‌نی: "حكوومه‌تی خه‌ڵك له رووی جیهان نه‌سڕدرێته‌وه."

# خوایه ساردتری نه‌كه‌ی .......

**ئاسۆ شنۆیی**

**ئاماژه: چه‌ند رۆژێكه به هۆی ساردبوونی هه‌وا وه‌كوو سالانی رابردوو داستانی هه‌ڵبڕانی گازی شاره كوردستانیه‌كان دووپاته بۆته‌وه. به پێویستمان زانی له قالبی كۆرته رۆمانێكی تراژیدی گۆشه‌یه‌ك له‌و گرفته گه‌وره‌یه بخه‌ینه به‌ر چاوی ئێوه‌ی به‌ڕێز**

**سێكانسی یه‌كه‌م:**

نێوه‌ڕۆیه كاتژمێر دوازده‌یه، به ناو شه‌قامی سه‌ره‌كیی شار دا به پای پیاده به ترس و له‌رز هه‌نگاو ده‌نێم كه بێمه‌وه بۆ ماڵێ،هه‌وا سارد و بێ‌به‌زیی‌یه؛ به‌رد له سه‌ر به‌رد به‌ند نابێ، تف هه‌لاوێی ده‌یبه‌ستێ؛ سه‌رما ٢٩ ده‌ره‌جه له ژێر سیفره و شاره‌كه‌مان وه‌كوو ساردترین شوێن و شاری ئێران راگه‌یاندراوه. ده‌ڵێن له ساڵی ١٣٦٨وه سه‌رمای وه‌ها سابیقه‌ی نه‌بووه، ده‌گه‌مه‌وه كۆڵانه‌كه‌ی خۆمان، به‌فر هه‌موو كه‌لێن و قووژبنی پڕ كردوه ته‌نیا باریكه رێگایه‌ك شك ده‌به‌م پێیدا بڕۆم كه ئه‌ویش به‌سته‌ڵه‌كه. ده‌بی به ئه‌سپایی و هێدی هێدی بڕۆم نه‌كوو كۆڵانی بكه‌وم كه ئه‌گه‌ر بكه‌وم تووشم به تووشی نه‌خۆشخانه و خه‌رجی بیمارستان و ده‌وا و ده‌رمان ببێ كه به‌ڕاستی زۆر مكافاته. دێمه ژووره‌وه‌ی ماڵ، كووره‌ی گازه‌كه‌مان داییسێ به‌ڵام ئه‌ویش وه‌ک هیوای هیوابڕاوان زۆر كزه. ماوه‌یه‌ك داده‌نیشم له پڕ كه چاوم به كووره‌كه كه‌وت و گۆێبیسی كزه كزی كووژانه‌وه‌ی بووم و كه سه‌رنجم دایه گازه‌كه‌ی بڕاوه.دوو سێ جار چه‌خماخه‌كه‌م لێدا به‌لام وا دیار بوو به هۆی ساردیی هه‌وا فیشاری گاز كه‌م بۆته‌وه و گازمان لێ قه‌تع بووه.

سێكانسی دووهه‌م:

به دوای ئه‌وه‌ی له هاتنه‌وه‌ی گاز ناهۆمێد بووم و فراوێنێكی ساده‌م خوارد كاتژمێر ٢ی پاش نیوه‌ڕۆ به‌ره‌و پۆمپی بێنزین وه‌ڕی كه‌وتم، كه گه‌یشتمه پۆمپی به‌نزین دیتم له په‌نا سه‌فكێشانی ده‌یان ماشێن بۆ به‌نزین، چه‌ند كه‌سیش له ژن و پیاو له ڕیزێكی دوور و درێژ بۆ وه‌رگرتنی نه‌وتێكی كه نه‌بوو راوه‌ستاون. یه‌كێك كه حه‌واڵه‌ی ٢٠٠لیتر نه‌وتی به ده‌سته‌وه بوو به تووڕه‌یی جنێوی ده‌دا و قسه‌ی ناحه‌زی به كاربه‌ده‌ستان ده‌گووت و ده‌یگووت:"جا وه‌ره تۆ ئه‌و خودایه‌ی به هه‌قی ده‌ناسین، له سه‌ر بیری نه‌وت بی كه‌چی نه‌وتت نه‌ده‌نێ،دووهه‌م ولات بی له دونیا گازت هه‌بێ به‌ڵام ئێستا ماڵ و منداڵ له سه‌رمان هه‌ڵ له‌رزن؛هیچ كه‌سیش نه‌بێ ولامت داته‌وه"به ناهۆمێدی لێدا رۆیشت. ژنێكم دیت ده‌یگوت:"منداڵه‌كانم وه‌ختی ئیمتیحانیانه، ته‌نیا یه‌ك دیویشمان ئاوه‌دانه، ئه‌وه له پێش جێژنه‌وه گازمان رۆیشتوه، حه‌واڵه‌یه‌كم به هه‌زار پارانه‌وه و لالانه‌وه له فه‌رمانداری وه‌رگرتوه كه‌چی ئێستا جوابیشم ناده‌نه‌وه! منیش كه ئه‌و دیمه‌نانه‌م بینی له هاتنی خۆم په‌شیمان بوومه‌وه و چووم بۆ شوێنێكی دیكه .

**سێكانسی سێهه‌م:**

له یه‌كێك له فه‌له‌كه‌كانی شار كه له‌وه پێش ده‌مزانی جێگای كڕین و فرۆشتنی بێنزینه؛ كۆمه‌ڵێك خه‌ڵك راوه‌ستابوون.كه له تاكسێكه هاتمه خوارێ؛ یه‌كسه‌ر چووم بۆ لای پۆلێك پیاو كه ده‌ست له گیرفان راوه‌ستابوون به دیاری كڕیاره‌وه. گه‌یشتمه لایان و سلاوم لێكردن و ووتم ئه‌رێ كاكه من ده‌مهه‌وێ نه‌وت بكڕم له كوێ وه‌ده‌ستم ده‌كه‌وێ؟ یه‌كیان هاته ولام و وتی چه‌نده‌ت ده‌وێ؟ وتم بۆشكه‌یه‌كم ده‌وه‌ێ .یه‌كیان گوتی ده‌زانی بۆشكه‌یه‌ك نه‌وت به چه‌نده، منیش كه نه‌مده‌زانی به چه‌نده گوتم نه‌وه‌ڵلا نازانم. كابرای یه‌كه‌م جار ولامی دامه‌وه گوتی كاكه گیان گازۆئیلیشمان هه‌یه،وتم كاكه گیان بۆشكه‌یه‌ك نه‌وت یان گازۆئیل چه‌ند ده‌بڕێ؟ كابرا گوتی كاكه بۆ تۆ كه‌وا دیاره خه‌ڵكی ئێره نی بۆشكه‌یه‌ك نه‌وت ٦٥هه‌زار تمه‌ن و بۆشكه‌ی گازۆئیلیش ٤٠هه‌زار تمه‌نه. منیش له ولامه‌كه‌ی ئه‌و كابرایه واقم



وڕما و وتم هه‌ر به ڕاستیته؟ گوتی به‌ڵی . وتم كاكه بمبووورن وه‌ڵا ئه‌وه خۆراكی من نیه و به من ناكڕێ. به ناره‌حه‌تی سه‌رم داخست و گوتم كاكه ببخه شن .. خودا حافیز.

**سێكانسی ئاخر**

كه چوومه‌وه ماڵێ دوو منداڵه‌كانم هه‌ر دووكیان زۆر سه‌رمایان بوو ،دایكیان لیباسی زۆری له به‌ر كردبوون، كووڕه‌كه‌م سێ رۆژه له به‌ر بێ‌سووته‌مه‌نیی مه‌دره‌سه‌كه‌یان نه‌چۆته مه‌دره‌سه، خێزانه‌كه‌م به پیرمه‌وه هات گووتی چ بوو كڕیت؟ منیش له ولامدا وتم نه‌وت زۆر گران بوو به ئێمه‌مانان ناكڕێ. چ بكه‌ین چ نه‌كه‌ین ؟؟ زۆر ناره‌حه‌ت بووم وه‌بیرم كه‌وته‌وه كه منداڵ بووم ئه‌و ماوه‌ی كه كوردستان گه‌مارۆ درابوو و ئێستا "پاكسازی" نه‌كرابوو ،نه‌وت نه‌بوو ،گازۆئیل نه‌بوو ..خه‌ڵك داریان ورد ده‌كرد و سۆبه‌ی داریان داده‌نا و باش له بیرمه جاروبار ته‌گه‌ری تریلی یان ته‌راكتۆریان له‌ت له‌ت ده‌كرد و له كووره‌ی داریان داویشت كه دوای تێپه‌ڕبوونی ٢٥ساڵ به ئێستاشه‌وه بۆنی چڕه‌دووكه‌ڵه‌كه‌یم له بیر ماوه. له‌و خه‌یالاتانه دا بووم كه خیزانم له پڕ هاته گۆ و گوتی :" فیكرێكی بیكرم كردۆته‌وه تۆ ده‌ڵیی چی؟" وتم بڵێ بزانم فیكره‌كه‌ت چیه؟ گووتی پێت چۆنه مێزه چكۆڵه‌كه‌ی موتالا و نووسینت بێنین لامپێكی ٢٠٠ واتی تێدا هه‌ڵكه‌ین و بیكه‌ینه كورسی و منداڵه‌كانی پێ گه‌رم كه‌ینه‌وه؟ وتم وه‌ڵڵا فیكرێكی باشه.پاشان له پڕ پێكه‌نێنیكی به قه ولی ماموستا هێمن تالتر له كه‌كره هات به سه‌ر لێواندا و وتم راسته ئه‌گه‌ر گووتوویانه "پێویستی و نیاز دایك و هۆكاری داهێنانه"به‌ڵێ خوێنه‌ری به‌ڕێز ئه‌وه‌یه وه‌زع و حاڵی زۆربه‌ی خه‌ڵكی ئێمه؛ خه‌ڵكی كه‌م داهات و هه‌ژاری ئێمه له كاتێكدا له سه‌ر بیری نه‌وت و گاز خه‌وتووین. چار نیه ئه‌و باره‌ی لێمانه هه‌ر لێمانه یا ده بێ هه‌ر ده‌ست و دۆعا راوه‌ستین و بلێین خودایه ساردتری نه‌كه‌ی یا به قۆلی لی هه لمالن و دژی سته م و بێدادی وه خۆ كه‌وین.

# بڕیارنامەی ١٧٣٧ی ئەنجومەنی ئاسایش، دووڕێیانێکی سەخت لەبەر دەم ڕێژیمی ئێران دا

**عەلی بداغی**



سەرەنجام پاش ٣ مانگ هەوڵی چڕوپڕو مشتومڕی زۆرو وتووێژی بەردەوامی ئەمریکا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتی ئاڵمان، ڕەشنووس بڕیارنامەی سزادانی ئێران پاش زۆر ئاڵوگۆڕ لە لایەن وڵاتانی ٥+١ خرایە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش و ڕۆژی ٢ی بەفرانباری ١٣٨٥ی هەتاوی دەنگی لە سەر وەرگیرا. ئەم بڕیارنامەیە بە تێکڕای دەنگی ١٥ ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش پەسند کراو جیا لەو کۆدەنگی‌یەی ئەنجومەنی ئاسایش لە پێوەندی لەگەڵ پەسندکردنی بڕیارنامەکە، هاودەنگی و پشتیوانیی زۆر لە وڵاتانی جیهانیشی لێکەوتەوە.

بڕیاری ١٧٣٧ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرەنجامی شکستی دیپلۆماسیی ئێران و بە ئاکام نەگەیشتنی ڕۆمانی وتووێژەکانی ئورووپا لەگەڵ ئێران بە مەبەستی چارەسەری قەیرانە ئەتۆمی‌یەکەی ئەم وڵاتەیە. ئەم بڕیارە لە ئێرانی دەوێ بە زوویی و بە بێ بە فیڕۆدانی کات هەموو چالاکی‌یەکی وەك پیتاندنی ئۆرانیۆم و پرۆژەکانی ڕێئاکتۆری ئاوی قورس ڕاگرێ و بۆ ئەم کارەش ٢ مانگ وەك دوا مۆڵەت بە ئێران دراوە. هەر ئەو بڕیارنامەیە داوا لە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە دەبێ ڕێوشوێنی وا بگرنەبەر کە لە وڵاتەکەیان دا ڕێگە لە هەر جۆرە سەودایەکی کڕین و فرۆشتن و ڕاگواستنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی مەوادد، کەرەسە و تەجهیزات و تێکنۆلۆژی بگرن کە لە خزمەتی بەرنامەی ناوکی و مووشەکیی ئێران دایە. هەروەها داوا لە وڵاتانی جیهان کراوە کە پێش بە فێرکردن و ڕاهێنانی ئێرانی‌یەکان لە پێوەندی لەگەڵ زانستی ئەتۆمی و ناوکی بگرن و لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیشی ویستوە، کە لە ماوەی ٢ مانگ دا ڕاپۆرتێك بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و شووڕای بڕیاردەرانی ئاژانس ئامادە بکاو ڕوونی بکاتەوە کە ئاخۆ ئێران ڕاگرتنی "تەواو" و "پایدار"ی هەموو چالاکی‌یەکانی ئاماژە پێکراو لە بڕیاری ١٧٣٧ی جێبەجێ کردوە یان نا؟ دیارە هەر دوابەدوای ئەوەش ئاماژە بەوە کراوە کە ئەگەر ئێران هەتا ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ٨٥ مل بۆ هەموو ڕاسپاردە و خاڵەکانی بڕیارنامەکە ڕانەکێشێ، ئەوا ئەنجومەنی ئاسایش بە پێی بەندی ٤١ی بەشی ٧ی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سزای زیاترو قورستر بە سەر ئەم وڵاتەدا دەسەپێنێ. دژکردەوەی وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی خاوەن بڕیار باس لە کۆدەنگی‌یەکی تایبەت لە هەمبەر لاساری‌یەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و بەرنامە ئەتۆمی‌یە کێشەخوڵقێنەکەی دەکەن. ئەمریکا بڕیاری ١٧٣٧ بە پەیامێکی توندو ڕاشکاوانە بۆ ئێران دەزانێ و ڕووسیەش کە بە کاڵتر کردنەوەی چەند جاری خاڵەکانی ڕەشنووسی بڕیارنامەکە هەوڵی دەدا ڕەزامەندیی ئێرانی شەریکە بازرگانی‌یەکەی وەدەست بێنێ، لە خولەکی ٩٠دا بە دانی دەنگی ئەرێ بە بڕیارنامەکە هەنگاوێکی قورسی بۆ هاوکاری لەگەڵ بەرەی ئورووپا و ئەمریکا هاویشت. "ویتالی چورکین" و "وانگ کانگیا" نوێنەرانی ڕووسیە و چین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە دوو لێدوانی جیا جیا دا باس لە بێ‌ئاکام مانەوەی هەوڵی وڵاتەکانیان تەنانەت بە بەرکارهێنانی قورساییان لە ئەنجومەنی ئاسایش دا بۆ چارەسەریی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران بە بێ پەنابردنە بەر سزادانی ئەم وڵاتە دەکەن و دەڵێن کە ناچارین سزاکانی بەندی٤ی بەشی ٧ی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك دوا چەکی جبەخانەی دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی لە دژی ئێران بەکار بێنن.

ئەلبەرادعی، سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییش لە ڕاگەیەندراوێك دا ڕای‌گەیاند کە ئاژانس زۆر لێبڕاوانە ئەم بەشە لە بڕیارەکە، کە پێوەندیی بە کاری ئاژانسەوە هەیە و ئەرك دەخاتە سەر کاروباری ئاژانسەکەیان، جێبەجێ دەکا.

لە بەرامبەردا ئێران لەگەڵ ڕەتکردنەوەی بڕیاری ١٧٣٧، سوور بوونی خۆی لەسەر درێژەپێدانی چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی ڕاگەیاند.

ئەحمەدی نەژاد، سەرکۆماری ڕێژیم بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی بە کوتە کاغەزێکی شڕ ناوبردو گوتی ئەمجۆرە هەڕەشە و گوڕەشانە کار ناکەنە سەر بڕیاری ئێران بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ناوکی و هەر لە جێش دا ڕای‌گەیاند کە هەر بەم زووانە ٣٠٠٠ سانترفیوژی دیکە لە ناوەندی ئەتۆمیی شاری نەتەنز وەگەڕ دەخەن و ئەوەش بە وڵامێکی شیاو بۆ بڕیاری ١٧٣٧ی ئەنجومەنی ئاسایش دەزانن.

مەجلیسی بە ناو شووڕای ئیسلامیی ئێرانیش لە بڕیارێك دا دەوڵەتی ڕاسپاردوە کە چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی ئێران خێراترو بە گوڕتر لە جاران بەرێتە پێشێ و پێداچوونەوەیەك بەسەر هاوکاریی ئێران و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی‌دا بکاو چاوی پێدا بخشێنێتەوە.

هەڵوێستی ڕێبەران و بەرپرسانی پایەبەرزی دیکەی ڕێژیمیش هەر لەو ڕاستایە دایە. تەنانەت زۆر لە قۆڵی ڕادیکاڵی ڕێژیم داوای هاتنەدەری ئێران لە NPT یان کردوە.

بڕیاری ١٧٣٧ بە سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورە، بۆ دیپلۆماسی ئەمریکا دەژمێردرێ کە توانی وەك لایەنی سەرەکیی دژبەری ئێران وەها کۆدەنگی‌یەك بۆ پەسندکردنی دەستنووسی بڕیارەکە لە نێو وڵاتانی ئەندام دا وەرێ بخاو هەمیش بە سەرەتای فازی نوێی شکستی دیپلۆماسیی ئێران و بە هەنگاوێکی دیکەی تەریك کەوتنەوەی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی نێونەتوەیی دادەنرێ.

بەمجۆرە ئێران لەم دۆخەدا تەنیا دوو ڕێی لەبەرە، یان دەبێ واز لە چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی بێنێ و بۆ چارەسەری قەیرانە ئەتۆمی‌یەکەی بگەڕێتەوە سەر مێزی وتووێژ و مل بۆ ئیرادەی جیهانی ڕاکێشێ، یان دەنا چاوەڕوانی پەراوێزکەوتن و تەریك کەوتنەوەی هەرچی زیاتری ڕێژیمەکەی لە ئاستی جیهانی دا بێ.

بەڵام ئایا ئەو نەرمە سزایە بەربەستێك بۆ سەرکێشی و سەرەڕۆییەکانی ئێران لە سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی‌دا دروست دەکا؟ ڕابردووی ٢٨ ساڵەی تەمەنی ڕێژیم بە سەرنجدان بە نێوەرۆك و پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتەو ئەو پێویستی‌یەی کە ڕێژیم بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی بە پرچەککردنی خۆی هەیەتی، دەری دەخا کە کێشەی ئێران بەوەندە نابڕێتەوە. ئێرانی بێ چەکی ناوکی و ئەتۆمییش هەر لە جێدا مەترسی‌یەکی گەورەیە بۆ ئاشتیی جیهانی و پێویستە ئەم ڕاستی‌یە لەبەرچاوی جیهانییان ون نەبێ. ڕێژیمی دژی ئازادی و دیموکراسی، ڕێژیمی دژی ئاشتی و تەبایی لە ناوچە و جیهان، ڕێژیمی پشتیوان و ماکەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و ڕێژیمێك کە ئێرانی کردۆتە گۆڕی بە کۆمەڵی هەموو داوا دیموکراتیکەکان بە بێ چەکی ئەتۆمییش هەڕەشەیەکە بۆ ئاشتیی جیهانی. هەر بۆیەش تەنیا ئیرادەیەکی پتەوی جیهانی دەتوانێ بەر بەو سەرکێشی‌یەی ئێران بگرێ و بڕیاری ١٧٣٧ی ئەنجومەنی ئاسایشیش ئەگەرچی نەرم و سووکە، بەڵام وەك سەرەتای ئەم نواندنی ئیرادەیە جێی سەرنج و بایەخە.

---

**پاشماوەی**

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە بەردەم پرسیاری ڕۆژنامەنووسان دا

هەر دووکیان هەقیان هەیە بڵێن میوەی من تازەیە، بەڵام حەقی نیە بڵێ میوەی جیرانەکەم کرمۆڵە. با تەعریفی کالای خۆی بکا. ئەوانەی کە هیچیان پێ نیە خۆیان بە جنێودان بە خەڵکی دیکە پێناسە دەکەن.

**چاودێر: باس لەوە دەکرێ لایەنەکەی دیکە خوازیاری بەستنی کۆنگرەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوون بەڵام ئێوە بەوە ڕازی نەبوون. پرسیاری دووم هۆکاری دروست نەبوونی بەرەی کوردستان لە چی دا دەبینی؟**

حەسەنزادە: لە بارەی پرسیاری ئەوەڵەوە بەرەسمی ئەو برادەرانە پێشنیاری پێکهێنانی کۆنگرەی نائاساییان نەکردوە. ئەما ئەگەر پێشنیار بکرایە ئێمە موخالیفەتمان دەکرد. چونکە کۆنگری ئاسایی و نائاسایی لەو فەزایەی تێیدا ین وەك یەکە. ڕەفیقێکی ئەوان لە کۆبوونەوەیەکی دەرەوەی وڵات دا وتوویەتی نیگەرانی کۆنگرەی ١٤ مەبن لە ئێستارا دەزانم لە کۆنگرەی ١٤ لە سەر چ کورسییەك دانیشتووم. جا ئەو کۆنگرەیە بە ئاسایی بگیردرێ یا نا، مەعلوومە نەتیجەکەی لە کۆنگرەی ١٣ چاکتر نابێ. بۆ ئاگاداریتان هەتا ئێستا ئەو هاوڕێیانە نەیانهێشتوە بە ئازادی لە پشت میکرۆفۆن ئێمە قسەی خۆمان بکەین. قەد ئیجازە نەدراوە. ئەو خەڵکەی کە لە گەلیشیانە تەنیا یەك قسەیان بیستوەو ئیجازەیان نەداوە قسەی موخالیف ببیستن. خەڵکێکی ئاوایان لە دەوری خۆیان کۆکردوتەوە. پێم باشە ئاماژە بە خالێك بکەم. ئاخرین پاراگرافی ڕاپۆرتی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ کۆنگرەی١٣ ئەوە بوو کە دەڵێ: "*هاوڕێیانی خۆشەویست زامنی سەرکەوتن لە هەموو ئەو بوارانەی کە باس کران لە هەر بوارێکی دیکەی کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی مان بەستراوەتە بە پاراستن و پتەوترکردنی ڕیزی تەشکیلاتیمان. ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەموو کادرو پێرسونێلی حیزب بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانمان و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگامان بە ڕاستی کەم و ناتەواوە هەتا دەگا بەوەی کە ئەم حیزبە نەتوانێ لە هەموو تواناکانی خوی کەلك وەربگرێ و بەشێکیان تووشی دوورەپەریزی بکا، یا لەوەش خراپتر بیانخاتە پەراوێزەوە. حیزبی دێموکرات لە دەست هێندێك ململانێی ناڕەوا زۆری چەشتوە و زیانی دیوە. با پەیمان بدەین ئەم نەخۆشینە خاشەبر بکەین و وەرن لەگەڵ خوێنی شەهیدان و لەگەڵ گەل و نیشتمان پەیمانی ژنان و پیاوانی بەرپرس تازە بکەینەوە کە نەك هەمووومان هەرکەس لە بەر خۆیەوە هەستی دووبەرەکی لە خۆمان دا بکوژین، بەلکوو لە هەرکەسیشمان دی یەکپارچە بە گژی‌دا بچینەوە*" ئەو پاراگرافە بە زۆرایەتییەك کە ئەوان هینایانە کونگرە ڕەد کرایەوە. یانی لە کونگرە هاوکاری و پێکەوە کارکردنیان ڕەد کردەوە. ئەوە دەر دەخا مەسەلەکە چیە؟

دەلایلی سەرنەکەتنی بەرەی کوردستانی یەك و دوان نین، بەڵام ئەگەر تێیدا سەرنەکەوتین هۆیەکەی ئەوە نەبووە کە لە ئامانجەکان دا یەکمان نەگرتوتەوە. لە سەر ئامانجەکانمان ئەگەر کەمێکیش تەفاوەتمان هەبووبێ کەم بووە زیاتر لە سەر میکانیزمی پێکەوە کارکردنی ئەو بەرەیە تێك چوتەوە نەیتوانیوە درێژەی هەبێ. هیوادارم لە داهاتوودا بە ڕۆحێکی دیکەو بە نەفەسێکی دیکە بۆ ئەومەسەلەیە بچین.

**گوڤاری ژنان: مامۆستا بۆ ژنان لە حیزبی دێموکرات و بە تایبەت لە ڕێبەریی ئەم حیزبە دا ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە؟ حیزبی ئێوە بۆ تێکۆشانی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێبەریی دا چی لە بەرنامەی دایە؟**

حەسەنزادە: من هەمیشە سەرنجی ئەوەم داوە پیاوەکان کە پرسیار دەکەن باسی پیاوان ناکەن، بەڵام کە ژنان پرسیار دەکەن باسی ژنان دەکەن!

فەتاح کاویان: زۆلمیان لی‌کراوە بۆیە.

حەسەن زادە: لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر یەکێك لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو زۆر بە سەراحەت دەیگوت پیاوانی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر مەسەلەی ژن دا کۆنەپەرستن. ئەوە لە نێو حیزبی دیمۆکرات هەبووە. ئەمن لە ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتم دیوە کە ڕازی نەبوە کچەکەی بە ئارەزووی خوی مێرد بکا. ڕازی نەبووە کچەکەی بچێتە بواری تێکۆشانی ژنانەوە. کەوابێ ئەوە دیدێکی کۆنەپەرستانە بووە کە بە سەرماندا زاڵ بووە. ئێمە گوتومانە دەبێ میکانیزم هەبێ پێم خوش نیە ئێستا ئەو میکانیزمە زۆر بە وردی باس بکەم بەڵام دەبێ میکانیزمێك دروست بکەین کە مەجبوورم بکا بەشێك لە دەنگەکانم بدەم بە ژنان. ئەو میکانیزمە ئێستا لای من هەیە.

هەولێر پۆست: مامۆستا ئێوە ئەندامی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەردەگرن؟ دەنگۆی ئەوەیە کە لە هێندێك لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناڕەزایەتی دەربڕین بۆ ئەو لەتبوونەی حیزب هەیە، ئێوە پەیامتان چیە بۆ ئەو خەڵکە؟

حەسەنزادە: لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان ئێمە ئەساسنامەمان تا ئێستا دەڵێ ئەو کەسانە دەبنە ئەندامی حیزبی دێموکرات، یا کوردی ئێران بن یا دانیشتووی کوردستان بن. کەوایە بە پێی ئەو خاڵە حەقی ئەندام وەرگرتن لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە خۆمان نادەین. بەڵام یەکپارچەیی و پێکەوە بوون لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەوێ دا بە باشی باس کراوە. لەگەڵ ئەوەی لە هەر وڵاتێك دا هەلومەرج و سیاسەتێك هەیە بەڵام خاڵی هاوبەش زۆرەو ئیمکانی هاوکاری زۆرە لەگەڵ یەکتر لە سەر ئەو مانگرتن و ناڕەزایەتییە کە گوایە دەبێ ببێ من هێندێك شتم پێ گەیشتوە بە ناوی ناڕەزایەتی لە هەموومان یا گوایا ناڕەزایەتی لە لایەکمان. بەڵام پەیامی من ئەوەیە ئەو ناڕەزایەتییەی کە هەیانە لە سەر سەرو سەر چاوم. ئەوەندە خەتای ئێمەی تێدایە ئەمن لە پشت ئەو ترێبوونەوە بە هەموو دڵەوە داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم. لەگەڵ ئەوەی ویژدانی خۆم بە شاهید دەگرم بەشێکی ئیجگار زۆر کەم لەو خەتایەم بەر دەکەوێ. ئێستا مەجالی ئەوە نیە کە ئەو شتانە باس بکەم بریا کاتی هاتبایە.

**ئالای ئازادی: باشە ئەو جیابوونەوەیە چون دوو ساڵ دوای کونگرەتان ڕووی دا؟ پاشان لە سەر چ بنەمایەك دەڵێن سەدی ٥٠ی خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێوە دایە؟ چەندتان توانیوە دیموکراسی لە ناو حیزب دا جێگیر بکەن؟**

حەسەنزادە: لە ڕاستی دا هەر دوای کۆنگرەی ١٠ کە ئێمە بڕیاری یەکگرتنەوەی حیزبمان دا لەو ڕۆژەوە ئەوان هەوڵیان دا ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە. پێشتر ئەمن لە پێش کونگرەی ١٠ کە کاك مستەفا سکرتێر بوو و ئەمن جیگری سکرتێر بووم دووجار چومە لای. پێم گوت یەکگرتنەوەی حیزب داخوازی خەڵکە، خەڵك دەیەوێ. ئەوە شانازییەکی گەورەیە با ئەو شانازیە بە تۆ ببڕێ. ئەو کات پێی وابوو ئەوە خیانەتە ڕاست گوتی بە خیانەتی دەزانم. بەڵام دواتریش چەند جار باسی کردوە کە ئەمن تەسلیم بووم، بەڵام پێم کارێکی غەلەت بووە. هەر بۆیە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا هیچ کات ناوی لادەر لە زاری موبارەکیان نەکەوت. هەروەك چۆن ئێستا بە کاری دەبەن.

ئەمن عەرزم نەکردی نیوەی خەڵکمان لەگەڵە ئەمن عەرز کردی هەر ئێستا تەماشا بکەین لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا لە جێیەك نیوە زیاترمان لەگەڵەو لە جێیەك نیوە کەمترمان لەگەڵە. ئەوە پاشان داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە. بۆیە ئیددیعای وام نەکردوە چونکە بە زەحمەت نیوەی خەلکی کوردستان لە گەل حیزبی دێموکراتە. خەلکی کوردستان ڕەنگە یەك لە سێی کاری بە کاری حیزبایەتی نەبێ. هەر چەند حیزبەکانی دیکەش هەن بەلام بە باوەری من هەتا ئێستاش زۆرتری لەگەڵ حیزبی دیموکراتە. بەلام ئەی حیزبەکانی دیکە؟ کەسی دیکەیان لە گەل نیە؟ بۆیە واقیعبینانە نیە بلێین نیوەی خەلکی کوردستان لە گەل حیزبی دێموکراتە. لە سەر ئەوەی چەندەمان توانیوە دێموکراسی لە نێو حیزب دا جێگیر بکەین ئەمن دەتوانم بڵێم لە کۆنگرەی ١٠ەوە ئێمە هەولمان داوە دیموکراسی لە نێو حیزب دا سەقامگیر بکەین. دیموکراسی لە نێو حیزب وەك پێوەندیی حیزبی هەمیشە هەبوە بەڵام یەك شت نەبووە لە نێو حیزب دا. ئەویش حەقی بیروڕای موخالیف بەرانبەر بە سیاسەتەکانی حیزب. لە کۆنگرەی ١٠ بڕیارێکمان پەسند کرد کە ئەوە لە ٦ مانگ پێش کۆنگرە ئازادە . لە کۆنگری ١١ گۆڕیمان بەوەی کە هەر لە دوای کۆنگرەوە هەموو کەسێك ئازادە لە نێو حیزب دا ڕای موخالیفی حیزب بڵاو بکاتەوە. لە کۆنگرەی١٢ کردمانە بڕیار کە دەستەبەندیی نهێنی تاوانە تا سەرحەدی خیانەت بەڵام هەموو کەسێك لە سەر هەر سیاسەت و هەر شەخسێك و هەر بڕیارێکی حیزب و ئۆرگانێك ڕایەکی موخالیفی هەیە بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەکان دا باسی بکا.

**ڕادیو نەوا: باسی کۆنەپەرستی ناو حیزبت کرد بەرنامەی ئێوە چیە بۆ لابردنی ئەم کۆنەپەرستییە و بەشداریی ژنان؟ حیزبی داهاتووتان ناوی دەنێ چی و ئایا خۆتان دەکەن بە سکرتێر؟**

حەسەنزادە: ئەوەی کە کارمان نەکردبێ وا نیە، بەڵام وتم دەبێ میکانیزمێك هەبێ بۆ بەشداری ژنان لە ئیدارەی حیزب و کۆمەل دا. ئەوەی دیکە سکرتێری عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ئەسلەن ئەو مەسەلەیە ڕاست نیە. دەنا ئەوانەی لە نیزیکەوە شاهیدن و تەنانەت موخالیفینی منیش دەزانن تا ئەمن هەم لە بەر کورسی ڕامکردوەو کورسی بە دوای من دا هاتووە. ئەمن بە دوای کورسی دا قەد ڕام نەکردوە.

فەتاح کاویان: من بۆ تەئیدی ئەو قسەیەی مامۆستا یەك شت دەلیم. کەم کەس لە حیزب هەیە لەو هەلوێستانەی مامۆستا کە دەیگوت سکرتێری ناکەم نارەحەت نەبووبێ. پێش کونگرەی چواریش ئەندامەتی کومیتەی مەرکەزی نەکرد. لە کونگرەی ٨یش نەیکرد. قبوولاندن و بە تەسویب گەیاندنی ئەوەی کە سکرتێر حەقی نیە زیاتر لە دوو دەورە سکرتێر بێ مامۆستا خوی بوو باسی کرد. یەکێك لەو کەسانەی کە زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە قەلس بوە، لەو هەڵوێستانەی مامۆستا، ئەمن بووم. هەمیشە کورسی بە دوای ئەو کەوتووە.

ڕۆژهەڵات تیڤی: مامۆستا باسی ئەوەت کرد کە نیوەی خەڵك لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. ساڵانی ڕابردوو باسی ئەوەتان دەکرد کە زیاتر لە ٨٠ خەڵك لەگەڵ حیزبی دیموکراتە چۆنە ئێستا باسی ئەە دەکەن کە نیوە خەڵك لەگەڵ حیزبی دێموکراتە؟ پێت وانیە ئەم سیاسەتە یەکێك لەو هۆکارانەیە کە نەیهێشتوە بەری کوردستانی بەئاکام بگا؟ ئەمە سیاسەتێکی پاوانخوانە نیە کە بە سەر حیزبی دێموکرات دا زال بووە؟

حەسەن زادە: ئەمن پرسیارکەت ڕاست دەکەمەوە کە من قەت وام نەگوتوە. گوتومانە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا کە لە ساڵی ١٣٥٩ بەڕێوەچوو حیزبی دیمۆکرات بە تەنیا سەدی ٨٢ی دەنگەکانی کۆکردەوە. ئەوە ئامار هەیەو ماوە. تەنیا شتێکم وتوە کە دەلیلێك بۆ گۆڕانی ئەوە نیە. نە بە موسبەت، نە بە مەنفی.

**ڕۆژنامەی کوردستان: مامۆستا لایەنی بەرانبەر ئێوە تاوانبار دەکەن کە هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان وەڵام نەداوەتەوە، ئەمە چونە؟ گویا ئێوە نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەتان ڕەد کردۆتەوە؟**

حەسەنزادە: ئێمە وتومانە تەوافۆقێك کە دەکرێ دەبێ ئیمزا بکرێ. تەنانەت داوامان کردوە کە زەمانەتێکی ئیجرایی هەبێ و دوستێکیش لە نێومان دا هەبێ بۆ ئەوەی سبەینێ ئەو لایەنەی کە لێی لادەدا بە خەڵکی بناسێنین. لە لایەکی دیکەشەوە لەو ڕۆژەوە کە داخوازەکانمان پێشان داون وتوومانە خەڵکێکی زۆر دەرکراون لە بەر هۆکاری جیناحی. کەوابێ ئەو بڕیاراتانە ڕابگرن و بەوانی دیکەش دا بچنەوە. کەچی هەر لەو ماوەیەدا بە دەیان کەسی دیکەیان دەرکردوە بێ هیچ دەلیلێك، جگە لە بۆچوونی جیابیری. بەڵام لە بارەی نێوبژیوانی خەڵکی دیکەوە ڕۆژنامەی چاوەدێر ڕۆژێك پرسیاری لە من کرد کە لەگەڵ نێوبژیوانیی خەڵکی دیکە دەڵێن چی؟ ئەمن بە ڕاستی پێشم وانەبوو بۆ چاپ کردنە وتم ئەمن داوای نێوبژیوانی ناکەم بەڵام نێوبژیوانی بە شتێکی زۆر سروشتی دەزانم و پێم باشە. ئەوە دەست تێوەردان نیە. من خۆم چووم لە نێوان پارتی و یەکیەتی نێوبژیوانیم کردوە. ئایا ئەوان سەربەخۆییان لە دەست دا. لە نێوان پارتی و پەکەکە و لە نێوان پەکەکەو هەر دوو حیزبی کوردستان لە ساڵی ٩٢ نێوبژیوانیم کردوە، ئایا ئەو حیزبانە سەربەخۆییان لە دەست داوە؟ کاك مستەفا هیجری هەر لەو ژمارەی چاوەدێر نێوبژیوانیی ڕەد کردۆتەوە. بۆیە ئێمە نێوبژیوانیمان ڕەد نەکردۆتەوە. ئەوان هەولی نێوبژیوانییان لە بار بردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیمانە

# هۆیەکانی جۆراوجۆریی ڕێبازە فیمینیستییەکان

## بەشی هەشتەم و کۆتایی

وەرگێڕانی:
شنۆ مێهرپەروەر

کارامەییەکانی مرۆڤەکان کە دەبێتە هۆی داگیرکردنی تاکەکان لە یەکترەوەو لە ئاکامدا جیاوازی لە ئاست بژێوی و ژیاندا، تا ئەو ڕادەیەی کە مافە ڕاستەقینەکانی تاکەکان پێشێل نەکەن و دژی مافە ئاساییەکانی مرۆڤ و سروشت نەبێ، قبووڵە. هۆیە سەرەکییەکانی زوڵم کردن لە ژنان و ژێردەستەیی‌یان چین؟ لە هەڵسەنگاندنی مەسەلە مێژوویی و ئایینییەکان دەتوانرێ چەند هۆی گرینگ بۆ ڕاڤەکردنی ژێردەستەیی ژنان بهێنینەوە وەك:

١ـ بێبەش بوونی ژنان لە خۆ ناسین.

٢ـ بێبەش بوونی ژنان لە بەباشی ژیان.

٣ـ دەمارگرژیی پیاوان.

٤ـ پیاوسالاری و بێعەداڵەتیی پیاوان دەرهەق بە ژنان.

٥ـ بڕوا نەبوونی پیاوان بە توانایی و لێهاتوویی‌یە جەستەیی و هزرییەکانی ژنان لە بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٦ـ تێنەگەیشتن، لەخۆرازی بوون و خۆ بە بازنە دیتنەوەی پیاوان.

ئیسلام ڕێگای نەهێشتنی زوڵم کردن لە ژنان لە خەباتی سیاسی لەگەڵ ڕەگەزی نێر، ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان، خەباتی چینایەتی و شۆڕش لە یاساکان و ڕاهێناندا نازانێ، بەڵکوو یەکەم هەنگاو لە نەهێشتنی زوڵم لەسەر ژنان بە چاکسازی زەینییەکان دەزانێ، جا ئەو کات بە چاکسازیی کولتووری، بوارو هەلی شارەزایی ژنان و پیاوان لەگەڵ کەسایەتیی ڕاستەقینە و شکۆمەندیی مرۆڤی خۆیان دەرەخسێنن. لە هەنگاوی دواتردا دەبێ سەرنج بدرێتە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژنان و پیاوان، بایەخ و تایبەتمەندییە ژنانە و پیاوانەکان بە فەرمی بناسرێ، بۆ ئەوەی چاوەڕوانییەکان لەوان واقعبینانە بن. ڕێوشوێنە حقوقییەکان لەسەر بنەمای وانە ئایینیەکان و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کۆ بکرێتەوە و سیستمێکی بەڕێوەبەریی بەهێز دابمەزرێ.

**کۆبەند:**

١ـ فیمینیزم، بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوە کە لەسەر بنەمای فەلسەفەی ڕۆژئاوا، داڕێژراوە و ئامانجەکەشی نەهێشتنی هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێك لەسەر ژنان و وەدەستهێنانی مافەکانیان لە سیستمی کۆمەڵایەتیدایە.

٢ـ فیمینیسم ڕەوتێکی ئۆمانیستی‌یە.

٣ـ فیمینیسم لە ڕۆژئاوادا بە هۆی دووریی ژن لە لایەنی مەعنەوی و لەبەر ئەوەی کە بە باشی دانەڕێژراوە و تیۆریزە نەکراوە، لە ڕۆژئاوادا ئێستا شاهێدی زۆرترین ڕادەی توندو تیژی و بەکەم گرتنی ژنانین، سووکایەتیی کردن، چەوسانەوەی ئابووریی، ڕووت و قووت کردنەوەی ژنە جوانەکان و دانایان لە پشت و ویترینەکان بەکەرەستە کردنی ڕەگەزی مێینە، ئەو نموونانەن کە شوناسی فمینیسمی بردۆتە ژێر پرسیار.

٤ـ زوڵم و بەکەم گرتنی ژیارە کۆنەکان، بیری چەواشەکارانەی خاوەنانی سەروەت و سامان و دەسەڵات، بیروبۆچوونی دواکەوتووانە و چەوسانەوەی سیستمی سەرمایەداری، لەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی ڕابوونی ژنان و پێکهاتنی بزووتنەوەی فمینیسم.

٥ـ دەبێ هۆی جۆراوجۆریی لایەنگری فمینیستی بگەڕێنیەوە بۆ لایەنگریی ئەوان لە ئەندێشە سیاسی و فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوا، هەر لایەنگری و مەیلێکی فیمینیستی بە پێی ئەو ڕوانگەیە، کێشەکانی ژنان لێك دراوەتەوە.

٦ـ لە قۆناخی ئیدە و ئامانجدا، هەموو لقە فمنیستیەکان خوازیاری بەرابەریی ژن لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و لابردنی دەسەڵاتخوازیی ڕەگەزی، بەربەرەکانیی لەگەڵ دژە پیاوی، کۆتایی هێنان بە جیاوازیدانان و توندوتیژی دژی ژنان بە یەکێك لە ئامانجەکانی خۆیان دەزانن، بەڵام زۆربەی ئەم ئامانجانە، تەنیا هەر لە ئاستی بیرۆکە و زەیندا ماوەتەوە.، بەکردەکی بەڕێوە نەچوون.

٧ـ فیمینیسمی ئیسلامی، دیاردەیەکی نوێیە کە لەسەر بنەمای سیکۆلاریزم و نوێخوازی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بنیات نراوە و کەوتۆتە لێکدانەوە و ڕاڤەی وانە ئایینییەکان و بەراوردکردنی بابەت ناسینی مەسەلەکانی ژنان و لەوەڕا کە لەگەڵ باروودۆخی ئایینی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان ناتەبایە، نەیتوانیوە وەڵامدەری پێداویستییەکانی ژنی موسوڵمان بێ، فیمینیسم لە بواری جیهان بینی لەگەڵ ئیسلامدا بۆ بەراورد کردن ناکرێ. ئیسلام و فیمینیسم دوو چەمکی بە تەواوی جیا لە یەکترن، بنەماو ئیدئۆلۆژیی و ئامانج و کارکردی جیاوازیان هەیە و هیچکات پێکەوە ناگونجێن.

٨ـ گرینگترین ئامانجەکانی فمینیسم، هەوڵ بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە جیاوازیدانان و هەڵاواردنێك دژی ژنان، وەدەستهێنانی بەرابەریی حقووقی، یەکسانیی ژن و پیاو، یەکسانی لە ماف و حقوقدا، یەکسانیی ڕەگەزیی و بەفەرمی ناسینی (Homosexual) و لەبار بردنی کۆرپەڵە.



**ئیسلام و فیمینیسم دوو چەمکی بە تەواوی جیا لە یەکترن، بنەماو ئیدئۆلۆژیی و ئامانج و کارکردی جیاوازیان هەیە و هیچکات پێکەوە ناگونجێن**

ژێدەرەکان:

١ـ جامعەشناسی زنان، پاملا ئێبوت و کلروالانس،

٢ـ زن از دیدگاه ادیان و مکاتب

٣ـ حقوق زن در اسلام و اروپا

٤ـ حقوق زن در اسلام و جهان

٥ـزن از دیدگاه ادیان و مکاتب

٦ـ این جریان، موسوم بە جریان موج اول است.

٧ـ افسانە نجمێبادی، فچای تنگ ناسازگاری، نیمە دیگر

٨ـ ناهید مگیع، مجلە زنان.

٩ـ فمنیسم، دمکراسی و اسلام گرایی

١٠ـ نگاهی بە فمنیسم، معاونت دروس اسلامی، نمایندگی ولی فقیە در دانشگاهها

١١ـ فلسفە و اندیشەهای سیاسی سبزها، اندرودابسون

سایتی:
www.ariayemusic.com

# لە قامووسی فیمینیزمدا

( ٢٥ )

وەرگێڕانی: ب.هانا

**ژیاننامەی کەسی** Autobiography

ژیاننامەی کەسی بریتی‌یە لە بەسەرهاتی نووسراو یا زارەکیی کەسێك کە خۆی لە بارەی ژیانی خۆیەوە ئامادەی کردبێت.

باوەڕی گشتی ئەوەیە کە ئەو زاراوەیە یەکەم جار لە لایەن ڕابێرت سوتی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم (١٨٠٩)دا بەکار هێنراوە. ئەگەرچی واتای مۆدێرنی ژانری ئەدەبیی ژیاننامە لەگەڵ ڕیوایەتەکانی پێوەندیدار بە وەخەبەرهاتنی ڕۆحی لە ماوەی سەدەی حەڤدەیەمدا برەوی پەیداکرد و دوایە ئەم باسەش هاتە گۆڕێ کە پێشینەی یەکەمین فۆرمەکانی ژیاننامە نووسی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووهەمی زایینی. تا دەیەی ٨٠، ژیاننامەی کەسییان وەك "چیرۆکی ژیانی کەسێك کە بۆخۆی نووسیبێتی" پێناسەی دەکرد و ئەم ژانرە ئەدەبی‌یەیان بێ ئەم لا و ئەولا بە پیاوتەوەر دەزانی، هر بۆیە ناوەکەی دیکەی ئەم نەریتە "پیاوی گەورە"یە.

تێگەیشتنی کەلتووری ڕۆژئاوا لە هۆکارێتی، زۆرترین کاریگەریی لەسەر ژانری ئەدەبیی ژیاننامە هەبووە، تێگەیشتنێك کە لە ماوەی سەدە یە ك لە دوای یەکەکاندا، لەژێر دەسەڵاتی چەمکی دیکارتیی کەس (بە شێوەیەکە گشتی) ـ کەسێکی هەر لە جێدا نێر، یەکگرتوو و سەقامگیر ـ دا بوو. هەر بۆیە دەڵێن نەریتی ژیاننامەنووسیی سەربەخۆی ژنانە، لە ڕێگا و ڕێچکەی لە بنەڕەتەوە جیاوازدا، سەری هەڵدا. چونکە ژنان نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ کەسێکی ئەوتۆدا بە هاوزات بزانن. لە ئاکامدا تەنانەت یەکەمین ژنانی ژیاننامەنووس هەوڵیان دەدا هەڵوێستی کەسی ئاڵترناتیڤ و میتۆدی نوێی ئەدەبی لە ڕەوتی ئەم خۆپێناسەکردنەوەیاندا بخەنە ڕوو.

ناوی "ژیاننامەی کەسی" بۆ هەر چەشنە نووسینێك لە بارەی ژیانی تاك بەکار ناهێنرێ. فۆرمەکانی دیکەش هەن کە شایەدیدانی کەس (testimonios) لە ئەمریکای ناوەندی‌دا یەك لەوانە. ژیاننامەی کەسی، فۆرمی سەرەکیی ژنانی چینی کرێکار بووە و، لە بریتانیای سەدەی هەژدەیەم و بە هۆی نووسەرانێکی وەك ماری کیلی دەستی پێکرا. ڕووداوەکانی ژیانی کچێکی کۆیلە (١٨٦١) لە نووسینی هاریت.ئـ.جاکوبس، دەسپێکی نەریتی ژیاننامە کەسی‌یەکانی ژنانی ڕەش پێستی ئەمریکایی بوو کە لە ئەزموونی کۆیلەیی‌یەوە سەرچاوەی دەگرت و گرنگی بە کتێب خوێندنەوە و جۆرەکانی ئەدەب دەدا. تۆنی مۆریسۆن دەڵێ ژیاننامەی کەسی لە کەلتووری ڕەشدا گرنگی‌یەکی زۆری هەیە. چونکە هەم تاك، هەم گرووپ سەر لە نوێ پێناسە دەکاتەوە (١٩٩٢، Morrison). هەر بەم پێیە، نووسینەوەی بەسەرهاتی کەس لە جیهانی سێهەمدا فۆرمی نووسینی بەرگریخوازانەی بەخۆوە دەگرێ و زۆرتر لە جیاتی ئەوەی ڕەنگدانەوەی ڕابردوو بێ، بایەخ بە داهاتوو دەدا.



دوو دەیەی ڕابردوو، هەم شایەدی زیندووبوونەوەی نەریتی نووسینەوەی ژیاننامەی کەسیی ژنانە و هەم شایەدی ڕاگەیاندنی ئەم باسە بوو کە یەکەمین ژیاننامەی کەسیی کامڵ لە ڕاستی‌دا لە لایەن ژنێکەوە نووسراوە: کتێبی مارجێری کەمپ (١٤١٣).

بیردۆزی فیمینیستیی ڕۆژئاوا لە بارەی ژیاننامەی کەسییش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دوایی‌یانە و، لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٨٠دا، بە "هێندێك یادداشت بۆ سیاسەتێکی شوێن دۆزینەوە"ی ئادرین ڕیچ دەستی پێکردوە (Rich،١٩٨٦).

بەو هۆیەوە کە ڕەخنەی نەریتی، ژیاننامەی کەسی ((ی باش)) (بە گوێرەی خوێندنەوەی ژیاننامە کەسی‌یە نێرینەکان) وەك بەهێز، تاکەکەسی و ناسێنەرەوە، پێناسە دەکا، بیردۆزی فیمینیستی لە بەرامبەردا ئەم باسە دێنێتە گۆڕێ کە ژیاننامەکانی ژنان تایبەتمەنیی ژنتەوەری هاوبەشیان هەیە. ڕەخنەگران لەسەر ئەم بڕوایەن کە ژیاننامە شەخسی‌یەکانی ژنان، لەسەر گرینگیی کاروباری کەس لە چاو کاروباری پیشەیی پێدادەگرن، لە وێنەی بەهێز لە بارەی خۆیان و لە خوێندنەوەی پتەو و ڕێنیشاندەر بێبەشن (Jelinek ،١٩٨٠). ڕەخنەگرانی دواتر ڕەخنەیان لەم دابەشینە (نێر/مێ) گرت. بەڵام لەسەر ئەم خاڵە هاودەنگن کە بە زۆرهۆی کۆمەڵایەتی ـ دەروونی، ژنان لە چاو پیاوان، کەمتر لە دۆستان، بنەماڵەکان و کوڕ و کۆمەڵەکانی خۆیان دابڕاون، هەر بۆیە دەیانتوانی دوو قات ئاگایی‌یان هەبا (Friedman ،١٩٨٨).

بێل هووکز ئیدیعا دەکا کە ئاگایی دووقات ئامرازێکە بۆ مانەوەی کەلتووری و کەسیی ژنانی ڕەش (hooks ،١٩٨٩). برنیس جانسۆن ریگان ئەم جۆرە مێژووی بەستراوەیی گرووپێك لە قالبی ژیاننامەی کەسی‌دا بە "ژیاننامەی کەسیی کەلتووری" ناودێر دەکا (Reagon ،١٩٨٣). ڕەخنەیەکی دیکە لە تاك گەرایی لە ژیاننامەی کەسیی ئۆرووپایی‌دا، ڕووی لە چەمکی "ژینی ئوستوورە نووسی"ی ئۆدری لۆردە (١٩٨٤، Audre Lorde). لۆرد لە "زامی"دا، پێکهاتەی دایك / ئوستوورە / ژیاننامەدا شوناسە لیزبینی‌یەکان وەسف دەکا (Lorde ،١٩٨٢). گایاتاری سپیواك، تیۆرزانی پاش ئیستیعماری، زاراوەی "گیانی ژیاننامەی ڕێکخەر"ی دروست کرد کە فۆرمێکە ڕەخنەی کەلتووریی چەندین توێژالکی (Spivak ،١٩٨٩). فرانسواز لیونەش لەسەر ئەم ڕایەیە کە ئەم خودانەی لە ژیاننامە کەسی‌یەکانی سەر بە کەلتووری گشتین، لە ڕاستی‌دا نووسینەوەی [بەسەرهاتی] نەتەوەن (Lionnet ،١٩٨٩).

ژیاننامەی کەسیی ژنان، ئێستا وێنەگری ڤیدیۆیی و ڕاگەیەنەکانی دیکەش دەگرێتەوە. بۆ وێنە، میتۆدی "وێنە دەرمانی"ی جۆسپێنسی، بزر بووەکان لە نێو وێنەکانی سەردەمی منداڵیی ژنانیشدا، وەك جۆرێك سیاسەت دەرمانی، سەرلە نوێ دێنێتەوە ڕوو (Spence ،١٩٨٧). ڕەخنەگرانی فیمینیست ( بۆ وێنە ئالیس واکێر لە بابەتێك لە ژێر ناوی "ڕۆڵەیەکی خودی کەس"دا)، بە مەبەستی چڕبوونەوە لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە "دەنگ"، ئۆتۆریتە و کۆمەڵ، دوو ڕەهەندی خۆڵەقاودەر و ڕەخنەگرانە تێك دەئاڵقێنن (Walker ،١٩٨١).

گەڵاڵەی گەشەکردنی نەریتی ژیاننامە نووسیی ژنانە لە ژمارەیەك لە لێکۆڵینەوە فیمینیستی‌یەکاندا خراوەتە ڕوو، کتێبەکانی خودی تایبەتی، بەسەرهات نووسینەکانی ژنان (١٩٨٨) لە نووسینی شاری. بێنستاك و، ژیاننامەکەسی‌یەکان: بیردۆزەیەکی فیمینیستی لە بارەی شێوەی خۆ دەرخستنەوەی ژنان (١٩٩٤) نووسینی لی گیلمور. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لەسەر لێك هەڵبزینەوەی خودە تایبەتی و گشتی‌یەکانی ژنان و گرژی لە نێوان ڕۆڵە بنەماڵەیی و پیشەیی‌یەکان چڕ دەبنەوە بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە بەسەرهاتنووسی هەر لە کۆنەوە بە کردەوەیەکی فیمینیستی دانراوە. ئەم ڕاستی‌یە کە بیردۆزەکانی پێوەندیدار بە ڕۆڵی بکەری و هەستی جینسیی ژنانە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە توندی پەرەی‌گرتوە، بە ڕواڵەت ئەمە دەگەیەنێ کە ئەم دەستەیە لە نووسینەکانی ژنان لەبارەی شێوازەوە، هەر وا نوێخوازانە و لە باری سیاسی‌یەوەش، وەك ڕابردوو پاساو هەڵگر دەبن.

**سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمینیستی" نووسینی: مەگی هام، سارا گەمبل، لاپەڕەکانی ٤٥، ٤٦، ٤٧**

***وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی***

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆ ببنەوە**

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com www.radiopdk_iran.com e- mail: info@ kurdistanukurd.org

KURDISTAN
The Official Organ of Democratic Party of Kurdistan - Iran
No: 452 6 Jun 2007

# سەردانی هونەرمەند شوان پەروەر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب



کاتژمێر ٣٠/١ی ڕۆژی پێنج شـــەممە ١٤ی بـــەفرانباری

١٣٨٥ (٢٠٠٧/١/٤) هونەرمەند شوان پەروەر بە سەردانێك گەیشتە بنكەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستان‌و لەلایەن بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو مستەفا مەولوودی بە گەرمی پێشوازیی لێ كرا. هونەرمەند شوان پەروەر لەم دیدارەدا خۆشحاڵیی خۆی لەوە دەربڕی كە جارێكی دیكە خۆی لە نێو دۆستان‌و برادەرانی دێرینیدا دەبینێتەوە.

بەڕێزیان هیوای خواست كە لەتبوونی حیزب گیروگرفت‌و كێشەی گەورەی لێ نەكەوێتەوەو نەبێتە هۆی شادبوونی دوژمنان. شوان پەروەر ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری لە هەر بۆنەیەكی هونەری كە خزمەتی گەل‌و نەتەوەی تێدا بێ، دەربڕی‌و هەر لەم پێوەندییەدا ئامادەیی خۆی بۆ هاوكاریی هونەری لە بۆنە نەتەوایەتی‌یەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان دا ڕاگەیاند.

بەڕێزان حەسەن زادەو مەولوودی خۆشحاڵیی خۆیان لەم سەردانەی هونەرمەند شوان پەروەرو ڕێزو سوپاسی خۆیان بەرامبەر خزمەتە نەتەوەیی‌و هونەری‌یەكانی ئەم هونەرمەندە گەورەیە ڕاگەیاند.

پێویستە بگوترێ ئەم دیدارە دۆستانەیە تا كاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی خایاند.

## چیاکانی کوردستان

## شەیدا SHayda

چیای "شەیدا" (شەیدا نازدار)، لە باكووری ڕۆژهەڵاتی شاری سنە هەڵكەوتووە ٤٨ كیلومیتر لەم شارە دوورەو بەرزایی‌یەكەی نزیكەی ٢٠٠٠ میترە.

لەسەر ترۆپكی ئەم چیایە، گومبەزێك هەیە كە شەیدای نازدار لەوێدا نێژراوە. گومبەزەكە لە بەرزترین شوێنی چیای شەیدا، لە باكووری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی زەفەرئاوای سەر بە قورووە هەڵكەوتوە. دەڵێن سوبحان وێردی‌خان باپیری ئەمانوڵڵاخانی گەورە (والیی كوردستان) كە هاوسەردەمی ئەفشاریە (نادرشا) بووە، لەسەر وەسیەتی خۆی لەوێ نێژراوە.

شەیدا، لە ترۆپكە بەتاق كەوتووەكان‌و لە پاشماوەی گڕكانەكان پێك هاتوە. چەمی "چەم شوور" بە تەنیشت‌و بە داوێنی كێوی شەیدادا ڕادەبرێ‌و "پەنجەعەلی" تەنیا بەرزایی دراوسێی شەیدایە كە لە ٥٠ كیلومیتریی ئەو هەڵكەوتوە. پاشماوەی گڕكانەكان لە دەوروبەری چیاكە بەتایبەتی لە نزیك ترۆپكی چیاكە، دیمەنێكی جوان‌و سەرنجڕاكێشیان هەیە.

بە سەرنجدان بە گڕكانی‌بوونی شوێنەكە، ڕووبەری گیایی، هەتا لە



ترووپكەوە بەرەو داوێنەكان دێی باشترو دەوڵەمەندترە. ڕێواس، مەزرە، گێلاخە، كارگی جۆراوجۆر (خۆراكی‌و ژاراوی)، گژوگیای دەرمانی‌و... جۆرە دیارەكانی ڕووەكەكانی ئەم چیایە پێك دێنن. لەنێو گیانلەبەرانی ئەم چیایەش دا دەتوانین ئاماژە بە چەقەڵ، كەروێشك، كیسەڵ، خشۆكە جۆراوجۆرەكان، هەڵۆ... بكەین. داری بادام‌و چنار لە دەوروبەری گومبەزو لە داوێنی ترۆپكی چیاكە، زۆرن. كاتی پێویست بۆ چوونەسەرو هاتنەخوار لە ترۆپكی شەیدا، دوو كاتژمێرو نیوە.

ئەم چیایە بۆ شاخەوانان هیچ پەناگەیەكی زستانیی نیە.

شەیدا یەك لە بەرزایی‌یەكانی بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگەی كوردستان‌و یەك لە ترپكە بەتاق كەوتوو و گڕكانی‌یەكانە.

سەرچاوە:
جلوەهای طبیعی
كردستان، دفتر اول:
"كوهها"
ئامادەكردنی:
ئەكبەر وەلەدبەگی

# جێژنی نوێ بوونەوەی ساڵی نوێی زایینی لە نێو منداڵانی حیزبی دیموكراتی كوردستان دا







بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٤ی بەفرانباری ١٣٨٥ی هەتاوی (٢٠٠٦/١٢/٢٥ ) ڕێورەسمێكی تایبەتی بە بۆنەی جێژنی كریسمەس‌و نزیكبوونەوەی ساڵی نوێی زایینی لە قوتابخانەی ئازادی [تایبەت بە منداڵانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان نیشتەجێی هەرێمی باشووری كوردستان] بەڕێوە چوو.

ئەگەرچی ئەم ڕێورەسمە لە هەوایەكی زۆر ساردو سڕدا بەڕێوە چوو، بەڵام منداڵانی قوتابیی پۆلی ١ تا ٦ی سەرەتایی قوتابخانەی ئازادی بە لەبەركردنی جلوبەرگی ئاڵاو واڵای كوردی‌و جۆش‌و خرۆشی تایبەتی‌یان گەرمی‌و جوانی‌یەكی كەم وێنەیان بە جێژنەكە بەخشیبوو. پاش بەخێرهێنانی منداڵان‌و بەشداران لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئازادی، سروودی "وا وەتەن خەملیوە وەك نەوبەهاری میللەتا" یەكەم بڕگەی بەرنامەكانی جێژنەكە بوو كە تێكڕای منداڵان بەكۆرس‌و بە سۆزو هەستێكی تایبەتەوە پێشكەشی مامۆستایانی قوتابخانەو میوانانی بەشداری ڕێورەسمەكەیان كرد.

پاشان لە نێو چەپڵەڕێزان‌و پێشوازیی بەشداران دا بابا نۆئێل هاتە نێو ئاپۆرەی منداڵان‌و دیاری و جێژنانەی خۆی بە سەر منداڵان‌و بەشدارانی جێژنەكەدا دابەش كرد.

شایی‌و هەڵپەركێی گەرم‌و ڕەنگاورەنگی منداڵان بەشی سەرەكیی ڕێورەسمەكە بوو كە لەم بەشەدا پۆل پۆل منداڵانی بەشدار بە هەڵپەركێ‌و سەمای جۆراوجۆریان تابلۆیەكی جوان‌و ڕازاوەیان نەخشاندبوو.

مامۆستا دارا ئیبراهیم، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئازادی، بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەكە وەك چالاكی‌یەكی گشتی قوتابخانەكانی هەرێمی باشووری كوردستان ناو دەبا كە هەموو ساڵێ لە بەرەبەری نوێبوونەوەی ساڵ‌و جەژنی كریسمەس دا بەڕێوە دەبردرێن. بەڕێزیان ئەم جۆرە چالاكی‌و ڕێورەسمە تایبەتی‌یانە وەك دەرفەتێكی گونجاو بۆ هەرچی زیاتر لێك نزیكتر كردنەوەی منداڵان‌و هاوسۆزی زیاتری ئەوان بۆ یەكتر دەزانێ‌و دەڵێ بۆ ئێمە بەڕێوەبەران‌و مامۆستاكانی قوتابخانەش جێی ڕەزامەندی‌و دڵخۆشی‌یە كە دەبینین قوتابیەكانمان لە تەنیشت یەكتر هەست بە خۆشی‌و شادمانی دەكەن.

شایانی باسە ڕێورەسمەكە پاش ٢ كاتژمێر لە نێو تریقەو پێكەنینی منداڵان‌و پێشوازیی گەرمی بەشداران كۆتایی پێ‌هات.

هەواڵنێری كوردستان‌و كورد ـ
قوتابخانەی ئازادی ـ كۆیە




## نەیارانی فیدرالیزم لە ئێراندا

گەورەترین گرووپی موخالیفانی فیدرالیزم لەو كەسانە پێك دێن كە پێیان وایە ئێران یەك نەتەوە، و میللەتەكانی ئێران " ئەقوام "ن و، لە سەر ئەم بناغەیە پێیان وایە كە فیدرالیزم شتێكی پێویست نیە. هێندێك لەوان ئەوەندە لەم بارەیەوە دەچنە پێش كە لە گۆشە نیگایەكی بان شووێنیستی و خۆپێزۆرانەوە، زمانی كوردی بە زاراوەیەكی زمانی فارسی ناودەبن، بە عەرەبەكانی خووزستان دەڵێن " كۆچەر "، زمانی ئازەری بە زمانی بێگانەكان دەزانن كە توركە ئێرانی‌یەكان بەرەبەرە فێری بوون و كردوویانە بە جێنشینی زمانی فارسی.

هێندێك لەو جەنابانە شۆوێنیزمی خۆیان لە ژێر ئاڵای دیمۆكراسی خوازی‌دا دەشارنەوە و وەك بەدیلێك بۆ فیدرالیزم دەیهێننە گۆڕێ.

دەستەی دووهەم لە نەیارانی فیدراڵیزم ئەو گرووپە سیاسی‌یە توندرەوە چەپانەن كە بە خەیاڵی خۆیان لە گۆشە نیگای " پاراستنی قازانجەكانی چینی كرێكار " (!!) دەڕواننە فیدرالیزم و بە كۆنەپەرستانەی دەزانن و لەو پێوەندی‌یەدا لەگەڵ شۆوێنیزم بوون بە هاودەنگ.

دەستەی سێهەم لە نەیارانی فیدرالیزم، نووسەران و " ڕووناكبیران "ی نێوخۆ و هێندێك لە بەدەنەی " كۆماری ئیسلامین كە پلۆرالیزم، لە بەرامبەر فیدرالیزم دادەنێن و ڕێگاچارەی كێشەی كورد لە پێكهێنانی ئەم یا ئەو پارێزگەدا دەبینن.

سەرئەنجام دەستەی چوارەم لە نەیارانی فیدرالیزم لایەنگرانی ڕێژیمی شایەتی و پان ئێرانیستەكان و دەوڵەتی كۆماری ئیسلامین كە لە گۆشە نیگای پاراستنی تەواوەتیی خاكی ئێران و" بەربەرەكانێ لەگەڵ هەڕەشەی لەتبوون"ەوە، دوژمنایەتی لەگەڵ فیدرالیزم دەكەن و بە سەرنجدان بە نێوەرۆكیان هیچ بڕوایەكیان نە بە فیدرالیزم هەیە، نە بە دیموكراسی، نە بە پلۆرالیزم و تەنانەت نە باوەڕیان بە هیچ گۆرانێك لە قەوارەی سیاسی و جوغرافیایی وڵاتدا هەیە.

وتاری " فدرالیزم و عناد شووینیستی با آن "

( فیدرالیزم و دوژمنایەتی شۆوێنیستانە لەگەڵی "
نووسینی یەدوڵڵا زەمانی راد

## مرواریی دەریای وشە

نەتەوەیەك كە ئازادیی نیە شایانی مردنە چوونكە ژیان بە بێ ئازادی واتایەكی دیكەی بێجگە لە مردن نی‌یە. كتێبی: (بهشت سخن)

دڵ لە هەموو بلیمەت‌و زاناكان زاناترە ، ئەوەی دڵێكی پاكی هەبێ ئاموژگاریی حەكیمان و زانایانی ناوێ. (ژان ژاك رووسو)

وشەكان پەرو باڵیان هەیە هەركە دەرگای قەفەس واتە زار بكرێتەوە هەڵ دەفرن‌و لە دەست ئێمە دەچنە دەرێ و، دەچنە تەنگترین درزەكان‌و جاری وایە ئەستوورترین دیوارەكانیش دەبڕن . (ئالفرێد نوبێل)

بۆ هەموو ئەو سەركەوتنانەی لە ژیانم دا بەدەستم هێناون، خۆم بە قەرزداری ئەو چارەكە سەعاتەی دەزانم كە زووتر لە كاتی دیاری كراو لە سەر كاری خۆم ئامادە بووم. (ئیمیرال نیلسون)

بەر لەماڵاوایی

قادر وریا

### ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥، ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥

# دەرئەنجامە دژبەیەكەكانی دوو جۆر عەقڵیەتی ناتەبا!

دەساڵ لەمەوبەر، ڕاست لەم ڕۆژانەدا خوازیارانی یەكڕیزیی تێكۆشەرانی حیزبی دیموكرات و لەگەڵ ئەواندا، بە دەیان هەزار كوردی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و، ئۆگرانی حیزبی دیموكرات و خەباتی میللی ـ دیموكراتیكی گەلی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، بە خۆشی و شانازی‌یەوە بەرەو ڕووداوێكی گرنگ دەچوون: بەرەو هەنگاوی مێژوویی وەسەریەك كەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران.

ئەمساڵ لە كاتێكدا یادی ئەم ڕووداوە مێژوویی‌یە دەكەینەوە كە حیزبی دیموكرات ڕاست لە بەرەبەری ١٠ ساڵەی یەكبوونەوەی‌دا، ڕووداوی ناخۆش و نەخوازراوی دوولەتبوونی بەسەردا سەپاوە. بەڵام هاوكاتیی ئەم ڕووداوە ناخۆشە لەگەڵ دەیەمین بیرەوەریی وەسەریەك كەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموكرات، نە لە گرنگیی هەنگاوە مێژوویی‌یەكەی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ كەم دەكاتەوە، نە دوو شتی بێ پێوەندین. ڕاستە ئەویان یەكگرتنەوە و یەكبوونەوە و ئاواتی ڕۆڵە ئاگا و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەكانی كوردستان بوو و، ئەمەیان لەتبوون و لێكدابڕان و، مایەی خەم و نیگەرانیی گەلی كورد. لە ڕاستی‌دا ئەم دوو ڕووداوە لە نێوەڕۆكدا دوو شتی لێك جیاواز و تەنانەت ناتەبان، بەڵام هەردووكیان بەرهەمی ململانێی دووجۆر عەقڵیەتی ناتەبا و دژبەیەكن كە لەپێش كۆنگرەی دەیەمی حیزبەوە تا لەتبوونی بە ڕەسمیی حیزبی دیموكرات لە ١٥ی سەرماوەزی ئەمساڵدا لەگەڵ یەك لە ململانێدا بوون. یەكبوونەوە و وەسەر یەك كەوتنەوە بەرهەمی زاڵبوونی عەقڵیەت و ئیرادەی داواكاری یەكیەتی و فرەخواز بەسەر حیزبی دیموكراتدا بوو و، لەتبوونیش دەرهاویشتە و دەرەنجامی زاڵبوونی ئیرادە و عەقڵیەتێكی پاوانخواز و یەكدەستكەر و لایەنگری تەك دەنگی. بە گوتەیەكی دیكە، لەتكردنی حیزبی دیموكرات، تۆڵەیەك بوو كە نەیارانی یەكیەتی و یەكڕیزی و فرەخوازی، دوای زاڵبوونیان بەسەر حیزبی دیموكراتدا، لە مێعماران و ئاڵاهەڵگرانی وەسەریەك كەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموكراتی كوردستانیان ستاندەوە.

بەڕاستی كۆتایی‌هاتن بە نزیكەی ١٠ ساڵ دابڕان و تەنانەت لێكتر كوشتنی دووبەشی حیزبی دیموكرات و، كۆبوونەوەی ڕۆڵەكانی ئەم حیزبە لەژێر چەتری یەك بەرنامە و یەك ڕێبەری و لە یەك سەنگەردا و بۆ یەك ئامانج، چ خراپی‌یەكی هەبوو كە تاقمێك هەرگیز دانی خێریان پێ‌دانەنا و، ڕاست لە ڕۆژی هاتنەدیی ئەم ئاواتە پیرۆزەی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان، لە دەروونی خۆیان و لەنێو خۆیاندا بڕیاریان‌دا، لە كات و دەرفەتی گونجاو! ئەم دەسكەوتە پووچەڵ بكەنەوە؟ ئەگەر یەكبوونەوەی ئەم حیزبە، شتێكی زیانبار بوو، بۆچی ببوو بە ویستی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموكرات و كۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵكی كوردستان؟ بۆچی كاتێك بەدەنەی حیزبی دیموكرات پێشوازی‌یەكی گەرم و بەرینی لەو ویستە كرد و لە كۆنگرەی دەیەمی حیزب‌دا ڕێگای بۆ جێبەجێبوونی خۆش كرد و سەرئەنجام تاجی شانازیی یەكبوونەوە، لەسەر ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ دانرا، بە سەدان پەیام و بروسكەی دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە حیزب و ڕێكخراو و كەسایەتی‌یە كورد، ئێرانی و بیانی‌یەكانەوە بۆ ڕێبەریی حیزبی دیموكرات هاتن؟ ئەم حیزبەی وەسەریەك كەوتبۆوە، بێجگە لە پێوە زیادبوونی پۆلێكی گەورە لە خەباتكارانی بە ئەزموون و قاڵبۆوە لە مەیدانە جۆراوجۆرەكانی خەبات‌دا، بێجگە لە زاڵبوون بەسەر تەفرەقەو و لێك دابڕانێكدا كە هیچ قازانجێكی حیزبی دیموكرات و جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلی كوردی تێدا نەبوو، چی بەسەر هاتبوو كە ببووە مایەی ترس و نیگەرانیی كەسانێك لەنێو خۆی‌دا؟!

هەر عەقڵیەتێك، ڕوحیە، تایبەتمەندی و ئامراز و میكانیزمی تایبەت بەخۆی بۆ مانەوە، بەرەوپێشچوون و سەركەوتن هەیە. عەقڵیەتێك كە بڕوای بە فرەخوازی و پلۆرالیزم و یەكڕیزی و یەكیەتی لە عەینی جیاوازیی بۆچوون و سەلیقەدا هەیە، هەوڵ دەدا دەرگاكانی هاتنەژوور بكاتەوە، بیروبۆچوون و سەلیقەی جیاواز كە ئامانجی هاوبەشیان هەیە، بخاتەوە سەریەك، مەیدانی خۆنواندن، گەشەكردن و چوونە پێش بۆ هەمووان هەبێ و، هەموولا هەست بە هەبوونی دەرفەت و مافی وەك یەك بكەن. عەقڵیەتێكی ئەوتۆ ناتوانێ دژی "شفافیت" بێ، ناتوانێ دژی ئازادیی بیروڕا دەربڕین بێ، لەگەڵ بۆچوونی جیاواز، نەك هەر دەحاوێتەوە، بەڵكوو ڕێزی لێ دەگرێ و دەرەتانی خۆناساندن و خۆپێناسەكردنی بۆ پێك دێنێ‌و، پاراستنی مافی هەر كەمینەیەك و دابینكردنی مەرجەكانی پێشبڕكێی ئازادانە، بە ئەركی خۆی دەزانێ. لە زاڵبوونی عەقڵی پلۆرال و فرەخواز و بە مانای ڕاستەقینە دیموكراتدا، وێكهەڵكردن و پاراستنی یەكیەتیی دڵخوازانە و یەكڕیزیی بەكردەوە سەرەڕای هەبوونی هەر جۆراوجۆری‌یەك، شتێكی ئاسایی و سروشتی‌یە. هەر بۆیەش بوو حیزبی دیموكرات لە ماوەی دەساڵ زاڵبوونی ئەم عەقڵەدا، هەم توانی لێكدابڕانی پێشووی خۆی چارەسەر بكا، هەم لە دژوارترین قۆناغی تەمەنی خۆی‌دا، بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە.

بەڵام عەقڵیەتی پاوانخواز، فەلسەفەی وجوودیی خۆی لە پەندی كوردیی "چەوەندەر بە تەنكی" هەڵێنجاوە. بۆیە دەرگای هاتنەژوور تەنیا لەوانە دەكاتەوە كە لەپێشەوە بەیعەتی لەگەڵ بكەن‌و دەرگای ڕۆیشتن بۆ هەر كەس و لایەنێك كە گوێڕایەڵ‌و ملكەچی نەبێ، دەخاتە سەر پشت. ئەم عەقڵیەتە بێجگە لە خۆی، هەمووان بە بێگانە و مەترسی دادەنێ و مانەوەی خۆی لە نەبوونی ئەوانی دیكەدا دەبینێ. ئەم عەقڵیەتە بە مەرجی پاوانكردنی تریبونەكان، ئامرازەكان و مەیدانەكان بۆخۆی، ئامادەیە بكەوێتە پێشبڕكێ و ململانێ‌و، هەرچی ململانێشی لەگەڵ بكا، بە گومانلێكراو، لادەر، خائین و بەستراوە بە دوژمنان دەیناسێنێ! چونكە خۆی پێ‌پیرۆز و مەرجەعە و، سەردانەنواندن بۆ ئیرادەی خۆسەپێنانەی وەك لادان و تاوان دەبینێ. ئەم عەقڵیەتە تەنیا لەگەڵ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەدایە كە بۆخۆی دەستنیشانیان دەكا، نە وەڵامێكی بۆ پرسیارە ڕاستەقینەكان پێ‌یە، نە ئامادەیە پرسیاری ڕاستەقینە ببیسێ. ئەم عەقڵییەتە فێربووە خۆی لە جێی خەڵك دابنێ و بە ناوی هەموو ماڵی هەر گوندێك و هەرچی كۆڵانی هەر شارێكە، لەگەڵ خۆی بەیعەت بكا، بەڵام توانای پاراستنی یەكیەتی و یەكڕیزیی دانیشتووانی قەڵەمڕەوە دوو بستی‌یەكەی خۆی نیە. هەر بۆیە ئەوانەی لەگەڵی ماونەوە، كەمترن لەوانەی پشتیان تێ‌كردوە. ئەمەش شتێكی ئاسایی‌یە. یەكیەتی و پێكەوە بوون هەرواكە لە وڵاتێكی فرەنەتەوەدا، نەك بەزەبر و زەنگ، بەڵكوو بە دابینكردنی ڕێز و ماف و ئازادی بۆ هەمووان دەپارێزرێ، لە حیزبێكیشدا، بە دابینكردنی ماف و دەرفەتی وەك یەك بۆ هەمووان دەستەبەر دەكرێ. لە زاڵبوونی عەقڵی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥دا، حیزب چەندە گەورە و پڕ لە جۆراوجۆری بێ، هێشتا توانای گەورەتر بوونەوە و وەخۆكردنی جۆراوجۆریی دیكەی هەیە و لەگەڵ پاراستنی یەكگرتوویی خۆی‌دا هەر گەشە دەكا و دەچێتەپێش، بەڵام "ئیرادە و عەقڵیەتێك" كە لە كۆنگرەی سێزدەدا بەسەر حیزبی دیموكرات زاڵبوو، ئەوەی لێ دەكەوێتەوە كە لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥دا، شایەدی بووین. ئاواتمان ئەوەیە ئەم دەرەنجامە، نەك سەرەتا بەڵكوو كۆتایی ئەو زیان و هەزینانە بێ كە حیزبی دیموكرات و بزووتنەوەی كورد لە ئاكامی زاڵبوونی ئەو ئیرادە و عەقڵیەتەدا، دەبوو یا دەبێ بیدەن.